وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و
بڵاوکردنەوەی سلێمانی
زنجیرە (508)

# ئارمان و ئازارەکانی ژنان

**سەروەر کەریم**

*سلێمانی - 2007*

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی 2007ی

**ئارمان و**
**ئازارەکانی ژنان**

★ نووسینی: سەروەر کەریم
★ بابەت: لێکۆڵینەوە
★نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد
★نەخشەی بەرگ: سەلام مارف
★تیراژ: 500 دانە
★چاپخانەی: چاپخانەی کارۆ

★ژمارەی سپاردنی (576)ی ساڵی 2007ی
وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

ناونیشان
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سلێمانی- گردی ئەندازیاران: 105 کۆڵانی: 34 ژمارەی

پێشکەشە
★ بە ( دوعا، شەوبۆ، بەناز، ... هتد ).
★ بە هەموو ئەو ژن وکچانەی بوونە قوربانی
لەپێناو ئازادی و خۆشەویستی دا.

## پێشەکی

قسەکردن لەسەرمافەکانی ژنان وئازارو توندوتیژیەکان، ڕەنگە هەلێك بێت بۆئەوەی بتوانین هەندێك پرسی جۆراوجۆر لەبارەی ژنان وئەوکەلتورەی، کەژنانی کۆیلەکردوە بوروژێنین ...وروژاندنی پرسی ژنان لەکۆمەلگایەکی خێڵەکی ئایینی پیاوسالاری دا، بۆخۆی سانانیەو هەلگری جۆرەها گرێ و گۆڵە ... کۆمەلگایەك لەسادەترین شتی دانەتوانێت ئازادی خۆشەویستی وهاوسەری قبولڵ بکات، دەبێت چۆن بیرلەژیان بکاتەوە، یاخود کەسێك بیەوێت لەودەرگایەبدات وئەوەی لەسایکۆلۆژیەی پیاوی کۆمەلگای کوردی دا بەرامبەر بەژنان بوونی هەیە قسەی لەسەربکات و ڕەخنەی لێبگرێت ... بەدڵنیایی ڕووبەڕووی گرفت وبەریەك کەوتن دەبێت لەگەڵ عەقڵیەتی خێڵ و ئایین وپیاوسالاری دا و دەکەوێتە سەنگەری بەرامبەریان ... ئەمەش وادەکات قسەکردن لەسەر ئەویەکانە کەمێك ئاسان نەبێت و زۆرجاریش دووچاری ناوناتۆرەی جۆراو جۆرو بەرخوردی ناشرینی ئەو پێکهاتانەببیتەوە و دووچاری ئازارت بکات.

بەهەرحاڵ ئەوپێکهاتانە بۆدەستگرتن بەمەوقیعەتی خۆیانەوە بەربەهەمودەنگێکی ناڕازی و مرۆڤانە دەگرن وکاردەکەن دژی هەرگۆڕانکاریە کەبەقازانجی ماف وئازادیەکانی ژنان بێت . بەڵام خودی ئازارەکانی ژنان وبێمافیەکانیان دەروازەی قسەکردن وڕاچەنینە وناکرێت بێدەنگەی لێبکرێت، چونکەئازادی ژن ... ئازادکردنی ویژدانی مرۆڤایەتیە و گەیشتنە بەجوانیەکانی ژیان ... هەرکاتێکیش ڕێگالەئازادیەکانی ژنان بگیرێت، ئەوابەدڵنیایی جوانیەکانی ژیان ئاوادەبێت ... خوێنەر بەڕێز ئەوەی لەدووتوێ ئەم کتێبەدا بلاودەبێتەوە چەند ووتارێك و کۆمەلێك گۆشەیە کەماوەی دووساڵ لەڕۆژنامەی ( ژیانەوە ) دا ولەژێرناوی ( ئارمان ) دا بلاوم کردوەتەوە، کەزیاتر خستنە ڕووی لایەنەنەگەتیڤەکانی دەسەڵات وعەقڵیەتی ئایینی و خێڵەکی وپیاوسالاری کۆمەلگای کوردی و ڕوانینیان بەرامبەر بەژنان و ماف ئازادیەکانیان ...

هەرچەندە کۆمەلگای ئێمە گوێ بەڕەخنەنادات،ئەگەر چەندین کتێب و ووتاریان لەسەربنووسرێت، ئەگەرنا دەبوایە ئێستا ژنان و مافەکانیان لەئاستێکی تردابوایە، نەك لەسەدەی بیست ویەك داژنان لەسەرئازادی خۆشەویستی بکوژرێن و تائێستاش ناموس بە جەستەی ژنانەوە ببەسترێتەوە و دەریایە خوین بەناوی ناموس پەرستیەوە بڕژێنرێت ... ئیدی دەبێت چاوەڕوانی چی بکرێت لەوکۆمەلگایەی ڕۆژانە ژنێك دەکاتە قوربانی حەزەکانی خۆی ... بلاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە تەنهاهەوڵدانێکی بچوکە بۆقسەکردن لەسەر ئازارەکانی ژنان، کەئەم بەرهەمەش بۆخۆی قەترەیەکە لەدەریایەك کەلەئازارەکانی ژنان دەدوێت ...

سلێمانی

2007/6/17

## یادەوەری و کاریگەریەکانی لەسەر ژنان

هیچ شتێك لای مرۆڤ بەقەدەر زەمەنی منالیی سەرنج ڕاکێش نییەو لەلا شعووردا جێگیر نابێت،

بەلایــــەنی خــۆش و ناخۆشـــیەکانییەوە، بۆیـــە زەمەنی منالّیی ئەو زەمەنەیە کەزۆرترین پرسیار لەگەلّ خۆی هەلّدەگریّت و منالّ بەردەوام پرسیار لەسەرسەرلەبەری ئەو شتانە دەکات کە دەیبینیّت.

ڕەنگە پرسیار گرنگترین شتی دنیای منالّیی بیّت کـە بەهۆیــەوە ئاشـنا دەبیّـت بـە (جـوانیی، ناشیرینیی، تالّیی، شیرینی، شەڕ، ئاشتی، کچ، کوڕ، باوك، دایك... هتد )

منـدالّ هـەر لەسیستـەمی پرسـیاری بەردەوامـەوە ئاشـنا دەبیّـت بـە هیّماکـان و دەبیّتـە هـەلّگری شـتەکان ولەلاشـعوریدا جـیّگیر دەبیّـت و لەسـەر کەسایەتی ڕەنگدەداتەوە.

بۆیە سەیر نییە ئـەو منالّەی بەمنالّیی دووچاری دەسـتدریّژیی و زەبـرو زەنـگ دەبیّت ناخۆشـترین یادەوەری لەلای جیّگیر دەبیّت و بـەردەوام لـەناخی خۆیـدا هەسـتی پیّـدەکات و ئـازاری پیّـدە چـیّژیّ، لەفورسەتی جۆراو جۆر دەگەڕیّت تـا تۆلّـەی خـۆی بکاتـەوە و دە بینیـت مرۆڤکـی بـەردەوام نائارامـەو خەمۆکییـەو حـەز بـەئازاردانی خـەلّکیی دەکـات و پەنا بۆ زۆر کاردانەوەی جۆراو جۆر دەبات.

لە کۆمـەلّگای ئیّمـەدا بـە هـۆی بـوونی کـەلتوریّکی دوو ڕوودریّژ سنووری حـەرامکراو و چـەپاندن کـە لـەدنیای منالّیـدا بەسـەریدا دەسـپیّنریّ، منـالان دووچاری تووندو تیژی بـوون لـە لایـەن دایك و باوك و کەس و کاریانەوە، کە زۆرجار ئـەو تونـدو تیژییـە دەگەڕیّتـەوە بـۆ ئـەو پـەروەردە کردنـەی بـەمیرات بـۆی ماوەتـەوە، کـە دەبیّت بسەپیّنریّ و بەلیّدان و زەبرو زەنگ ئاڕاستەبکریّن.

ئـەو جـۆرە مامەلّـە کردنـەی دایـك و بـاوك لەگـەلّ مندالّـەکان دەبیّتـە هۆکـاری پـەروەردە بـوونی نەوەیـەك کـە هـەلّگری تونـدو تیژییـە بەرامبـەر بەڕەگەزەکەی خۆی و بەرامبەرەکەشی.

لایـەنیّکی تـری بەرجەسـتە بـوونی تونـدو تیـژی لــەلای منالّــە کوڕەکــان دەگەڕیّتــەوە بــۆ ئــەو جیاوازییــەی کـە لـەنیّوان کوڕەکـان و کچـەکاندا دەکـریّ لەلایـەن دایـك و باوکـەوە بـەوەی زۆرتـرین ســـۆزو خۆشەویســـتی دەدات بــــە کوڕەکــــان و داخوازییـەکانیان زۆر بـەزوویی بـۆ جـیّ بـەجیّ دەکـات، بـەلاّم بـۆ کچـەکان بەپیّچـەوانەوە، کاتیّـك بــاوك بــەردەوام فــەزلّی کوڕەکــان دەدات بەســەر کچـەکەیداو هانیــان دەدات لــە کچـەکان بــدەن و ئازاریـان بـدەن، هـەر لیّـرەوە کچـەکان دوچـاری گـەورەترین توندوتیــژیی دەبــن لــەناو خیّــزان و کاردەکاتە سەر سایکۆلۆژیەتیان و لە یادە وەرییانـدا جـیّگیر دەبیّـت، لەهەمانکاتـدا هـیچ کـات نابیّـت کچەکان نارەزایەتی دەربڕن، یـاخو لیّیـان بدەنـەوە، ئیدی کچەکان هەر لەناو مـالّی خۆیانـەوە پرۆسـەی بـەقوربانی بوونیــان دەســتپیّدەکات و یاســاکانی کۆیلەکردنیان دادەڕیّژریّ و لەیادەوەرییانـدا جـیّگیر دەکریّ کە ئـەوان لـەکوڕەکان کـەمترن و بچووکترن و مـافی ئـەوەیان نییـە وەك ئـەوان بـن و مامەلّـەو هەلّســـوکەوت بکـــەن و حــــەزەکانی منالّییــــان مومارەسـە بکـەن و بـەئارەزووی خۆیـان پرسـیار بکـەن و یـاری بکـەن و جـل و بـەرگ لەبـەر بکـەن، کچ بەو هـەموو ئـازارەی منالّییـەوە هـەنگاو بـەرەو ژوور دەنیّ و تـا دەگـات بەزەمـەنی (هـەرزەکاریی)و ئیـدی میّشـکی دەکریّتـەوەو وردە وردە شـتەکان دەناسیّت، بەلاّم دیسان دەکـەویّت بەسـەر دنیایـەك سنوری حەرامکراودا کە ئەمـەیان زۆر لەسـەردەمی منـالّیی قورسـترەو کوشـندەترە، چـونکە ئـەو هـەر لەمنالّییــەوە ســەرکوتکراوەو هــەموو پرســیارەکانی لیّقەدەغەکراو ئەمە لەیادەوەریدا جیّگیر کراوە کـە دەبیّـت شـەرم بکـات نابیّـت پرسـیار بکـات نابیّـت لەگـــەلّ ڕەگـــەزی بەرامبـــەری مامەلّـــە بکـــات و

بەئارەزووی خۆی ڕابکات و پرسیاری چۆنیەتی لەدایکبوونی بکات هەموو ئەمانە دنیایەگ گرێی دەروونییان لەناخیاندا جێگیر کردووە، بۆیە کاتێك دەگات بەقۆناغی هەرزەکاریی گۆڕانکاری لەڕووی بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژی یەوە دەست پێدەکات ویەکەمین گۆڕانکاری دەستپێکردنی سوڕی مانگانەیە، ئیدی ئەوەندەی تر دووچاری ئازاری دەروونی دەبن و هەست بەگوناهو تاوان دەکەن ناوێرن بچووکترین پرسیارلەوگۆڕانە بکەن،چونکە هەر لەمناڵییەوەگەورەترین ترس لەیادەوەریاندا جێگیرکراوە، بۆیە بۆ هەرگۆڕانکارییەك ئەو یادەوەریانە سەر دەردەهێننەوەو خۆیان دووبارە دەکەنەوە، سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی هەرزەکاریی بۆ کچان بەئەندازەیەك ئازاریان دەدات کە توانای ڕۆیشتن و بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتیان لاواز دەکاتو هەست بەشەرمو ترسێکی زۆر دەکەنو بەردەوام حەزیان لە تەنیایی و دوورە پەرێزییەو لەڕووی پێکهاتەی جەسەدییەوە لاواز دەبنو زۆر جار تووشی نەخۆشیی دەرونیی دەبن کە کاریگەری دەبێت بۆ گەشەکردنی عەقڵی و جەسەدی ..

دیارە هەموو ئەوانە دیاردەیەکن لەیادەوەری تەواوی مناڵاندا بوونی هەیەو کلتورو کۆمەڵگەش بەپیرۆزیی ڕایگرتووەو نەوە لەدوای نەوە بۆی دەگوێزرێتەوە، بۆیە نەوەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بەتایبەتی کچان دووچاری گەورەترین توندوتیژی دەبن هەر لەمناڵییەوە هەتا دەگات بە قۆناغی پێگەیشتن و پیرییش، زۆرێك لەو ژنانەی کە پیر بوون یادەوەرییان بکولێنەوە هەڵگری دنیایەك ئازارو توندوتیژییە بەدەست ئەو کلتورەی کە بەردەوام ترس و شەرم و لێدانی لەلایان جێگیر کردووە و پیاوی بەشەڕەنگێزیی و خاوەن هێز پەروەردە کردووە بۆئەوەی ئازاری ژنان بدەن وەك نێچیرێکی بەردەوام.

بۆیە دەبینین لەکۆمەڵگای ئێمەدا یادەوەری گەورەترین کاریگەریی لای تاکەکانی هەیە، چونکە هەرتاکێك هەڵگری دنیایەك یادەوەرییەو لەلاشعوریداو لەهەر زەمەنێکدا بگاتە یەقین سەردەردێنی و دوبارە دەبێتەوە.

بۆیە سەیر نیە پیاوانێك هەبن لەزەت لەبڕینی لوت و جەستەی ژنان وەربگرن، چونکە لەیادەوەری ئەودا ژنان هەمیشە بۆ خۆشی ئەو دروستکراون و دەبێ جێبەجێ کاری ئارەزووەکانی بن بەلێدان و ئارەزووەکانی تریشەوە...

## توندو تیژی و ئاکامە ترسناکەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا ...!

ئەزموونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پڕیەتی لە کاری جۆراو جۆر دژی مرۆڤ و هەریەکێك لەو کارانەش قورسای و ئاسەواری لە ناو دڵی مرۆڤدا بەجێ هێشتووە و بەردەوامیش لەسەر کەسێتی ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەری خۆی هەیە.

توند و تیژی یەکێکە لەو کارانە کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێ و برینی قوڵی لەجەستەو دەرونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دروست کردووە، ئەو کردارەش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەئالیەت و ئەسالیبی جیاواز پیادە کراوە، بەمانایەکی تر توند و تیژی بە شێوەیەکی

ڕێکخراو و نەخشە بۆ داڕێژراو لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە دەسەڵات (ئایین، ئایدۆلۆژیا، دەوڵەت،..هتد) دامەزراوەو وەك دیاردەیەك هاوتەریب لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا بەرجەستە بووە و هاتۆتە بوون لەناو کۆمەڵگەدا و کاری لەسەر تاکەکان کردووە ... بۆیە دەڵێم لەو کاتەوەی دەسەڵات دامەزراوە، چونکە بەر لەهاتنە ئارای دەسەڵات، توند و تیژی بەشێوەیەکی ڕێکخراوو نەخشە بۆ داڕێژراو پەیرەو نەکراوە، ئەمەش بەو مانایە نییە کەبەر لە دامەزراندنی دەسەڵات توند و تیژی مرۆڤ بوونی نەبووە، بەڵام ئەو کردارە لەبازنەی بچوکی تاکیدا بەڕێوە چووە و کاردانەوەیەکی زاتی بووە و نەبووەتە سیمایەکی دیارو هەمەڕۆژە.

کاتێك ئایین پەیدابووە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە بارگاوی بوو بە توند و تیژی و هەلگری دنیایەك چیرۆکی جۆراو جۆر بوو بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی پێ بترسێنێ... ئامۆژگارییەکانی ئایین بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پڕ بوون لەبەسەر هاتی توند و تیژی و داوایان لەخەڵکی دەکرد کە بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئایین مامەڵە بکەن بۆ ئەوەی لە کرداری توند و تیژی بەدووربن، بۆیە سەیر نییە تێکستە ئایینیەکان لەیەك جۆنێکی زۆر هەبێ لە گوتارەکانیان داو تا ئەندازەیەکی زۆر چیرۆکی دروست بوونی مرۆڤ لەناو هەموویاندا یەك چیرۆك بێت و هەمووشیان لایەنگرانیان هاندەدەن بۆ پەیرەو کردنی کرداری توند و تیژی لەدژی ئەوانەی نەیاری ئاینەکەیان دەکەن...

نمونەی ئەو چیرۆکانەی کەبنەمای هەموو ئاینەکانە بۆ کرداری توند و تیژی و کرداری کوشتن، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك لەسەر ئازاردانی دەرونی ئەو کۆمەڵگایە بکەن بەهۆی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە، کەیەکەمین ئەفسانەی ئاینیە لەسەر کوشتنی مرۆڤ و چۆنیەتی شاردنەوەی قوربانی ...

چیرۆکی کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلی برایەوە، کەلەئاییندا یەکەمین کرداری کوشتنە بەپێی تێکستەکان، بەڵام هەڵەیەکی ئاشکراشە لەکۆمەڵگاو ئامۆژگاری کردنیشە بەوەی کە ئارەزووەکانت بەدی نەهات توند و تیژی بەکار بهێنە، هەر بۆیە هابیرۆل بەبێ دوودڵی قابیلی برای دەکوژێ، بەپێی هەمان ئەفسانەش قابیل فێر دەکرێ کەچۆن تەرمی هابیلی قوربانی بشارێتەوە، یەکێکی تر لەو نموونە کرداری ئیبراهیمە لەبەرامبەر ئیسماعیلی کوڕی، کە باوك زۆر بە ئاسانی و بەبێ هیچ ئیحساسێکی ئینسانی پەنا بۆ سەربڕینی مرۆڤ دەبات لەژێر ناوی جێبەجێ کردنی فەرمانی ئایینیدا، لێرەوە ئەو ڕوانگەیە ئاشکرا دەبێت کە ئایین هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داوە کارەسات بخوڵقێنێ و مرۆڤ بۆ توند و تیژی و کوشت و بڕ ئاڕاستەو پەروەردە بکات تا ئەوەی کۆمەڵگایەك پڕ لەدڵ ڕەقی و بێ ڕەحمی بەرهەم بهێنێ و لایەنگرانی بەشێوەیەك ڕابهێنێ کەهیچ کات سڵ لە کرداری توند و تیژی نەکەنەوە و بۆ وحەرامەکان بەرامبەر برا و کوڕ و باوك و دایك هەموو تاکەکانی تر ئەنجامی بدەن... هێنانەوەی ئەو نمونەیە بۆ ئەوەی کەهەندێك قسە لەسەر ئەو دەسەڵاتە ئایینیانە بکەین کەدواتر دامەزراو لە ژێر ڕۆشنای تێکستە ئایینیەکاندا بەبێ چەند و چوون توند و تیژییان پەیرەو کردووە...

هەربۆیە یەکەمین کارێك کە دەسەڵاتی ئایین دەستی بۆ بردووە ئامۆژگاری کۆمەڵگای پێکرد ئەمە بوو کەدەبێ هەموان ملکەچ بن و فەرمانەکانی بەپیرۆز بزانن و نابێت هیچ کات هەوڵی ئەوە بدەن کەسەرپێچی بکەن، چونکە چارەنووسی لێدان و ئازاردان و کوشتنە و شەرعیەتیشیان بۆ ئەو کارە بەپێێ دەستوری ئاین دەر هێناوە ...

کاتێك ئایینی جولەکە بڵاو بووەو زۆر کەس ئاشنا بوو بەو چیرۆکانەی کە هەڵگری ئەو پەڕی دڵ ڕەقی و توندوتیژی بووە، هەر بۆیە تەورات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بترسێنێ و ئاگاداریان بکاتەوە لەوەی کەدەسەڵات دارێك تورە بوو چۆن گەورەترین ڕوباری خوێن هەڵدەسێنێ وەك ئەو نمونەیەی کەزۆر ڕاشکاوانە لە تەوراتدا پۆلێن

كراوه لەسەر كەنیزەكێك كە موڵكی پیاوێكی زۆر دەوڵەمەند بوو، دواتر ماڵەكەی بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ماڵی باوكی، عبریەك كە خاوەنیەتی دەچێت بیهێنێتەوە، پاش ئەوەی دەگەنە شوێنەكە كابرای خانەدان و پیاوەكانی لەماڵی باوكی كەنیزەكە كە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك میواندارییەكی باشیان لێ دەكرێت لەو كاتەی ئەم میوانداریيە چاكە، ئەبینن وادەردەكەوێت كە لە بیریان چووەتەوە بۆچی هاتوون، كەس باس لەژنەكە ناكات، دواجار ماڵی باوكەكە جێدێڵن، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێكی تر لەسەفەر كردن لای كەسێكی تر ئەبن بە میوان ئەویش پێشوازییان لێدەكات و ڕێزیان لێ دەگرێت، لەم كاتەدا هەندێك دراوسێی شەڕانی دێن و داوا لە خاوەن ماڵەكە دەكەن میوانەكانیان بداتێ لەگەڵیان ڕابوێرن، ویستیان لەگەڵ میوانە پیاوەكان ڕابوێرن، بەڵام ئەمەیان ئەوپەڕی شكانی ڕێزی میوانداریيە، لەبەر ئەوەی خاوەن ماڵ داوایان لێدەكات، پیاوی چاكبن، وەك نیەت پاكی خۆی كچە پاكیزەكەو كەنیزەكە بەدبەختەكەی دەدات بە دراوسێكان، بەو پەڕی ڕێزەوە هەردوو ئافرەتەكەیان بۆ دەكاتە دەرێ تا شەرانیەكان لاقەیان بكەن، بەم شێوەیە تا بەرەبەیان لاقەی كەنیزەكە دەكەن، پاشان بەسكەخشكێ خۆی دەكات بەژووردا، بەنیوەی مردوویی دێتە ژورێ، هەروەها هیچ هەواڵێكی كچە پاكیزەكە نابیستن، كابرای میوان دەیەوێت بڕوات، كاتێك كەنیزەكە كە ناتوانێت هەستێتە سەر پێ، وەك كیسە گەنمە شامییەك دەیدەن بەسەر پشتی كەرێكدا و دەڕۆن، پاش ئەوەی كابرای دەوڵەمەند و یاوەرەكانی دەگەنە شارەكەی خۆیان، خانەدان جەستەی كەنیزەكە هەڵدەگرێت، ئەیكات بە دوانزە پارچەوە . وەك جۆرێك لە ئاگادار كردنەوە بەسەر خێڵەكانی ئیسرائیلدا دابەشی دەكات لەو ڕووەوە زۆر تورە دەبێت، جەنگ لە دژی خێڵی ئەو پیاوانەی ئەم كارەیان ئەنجام داوە بەرپا دەبێت ...

جەنگ دەست پێ دەكات و بیست و پێنج هەزار پیاو لە خێڵی بنیامین لەیەك ڕۆژدا دەكوژرێت، لەم قەسابخانەیەدا نە ژنێك، نەمنداڵێك، نە ئاژەڵێك دەرناچێت ...

ئەو چیرۆكەی تەورات كە گێڕانەوەی بۆ خۆی مەبەستێكی ئاشكرا و ڕونی هەیە، ئەگەر نا لەو سەردەمەدا لاقە كردنی ئافرەت و میوانداری شتێكی زۆر ئاسای بوو هەرگیز جەنگی خوێناوی ڕوی نەداوە، بەڵام باسكردنی ئەو چیرۆكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە تاكەكانی كۆمەڵگا بڵێن دەسەڵاتی ئێمە لەسەر بچوكترین ڕوداو گەورەترین ڕوباری خوێن هەڵدەسێنێ و هەر خێڵ و تاكێكیش سەرپێچی بكات ئاوا سزای دەدەین، جگە لەوەی فێری كۆمەڵگا دەكات بەوەی ئەوپەڕی دڵ ڕەقبن و بۆ كارێك كە بەدڵتان نەبوو توند و تیژی بنوێنن و هیچ كات بیر لە تەساموح لێبوردن مەكەنەوە و لەناو بەرن ... هەڵبەتە بە تەنیا تەوراتییەكان پەیڕەوی توند و تیژییان نەكردووە، یاخود فێری كۆمەڵگایان نەكردووە بۆ ئەوەی چۆن نەخشە داڕێژن بۆ كاری توند و تیژی و جێ بە جێ كردنی، هەموو ئاینەكانی دوای تەوراتیش هەمان ئامۆژگارییان بۆ كۆمەڵگا و تاكەكانیان كردووە لە ڕێگەی زەبرو زەنگ و توند و تیژییەوە خۆیان سەپاندووەو هیچ كات ئامادە نەبوون دەست بەرداری بن و بەشێكی زۆری تێكستەكانیان دووبارە كردنەوەی تێكسەكانی پێش خۆیان بوو، وەك چیرۆكی ئادەم و حەواو، هابیل و قابیل ........هتد .

ئاینی ئیسلام كە یەكێكە لە ئاینەكانی تر باشتر ڕێكخراوە، بە شێوەیەكی زیرەكانە چیرۆك و سەرگوزشتەكانی داڕشتووەو لە زەمەنێكی پێشكەوتوو تر لە تەورات و ئینجیل بەو جوود هاتووە، بۆیە ئیسلام شێواز و كاركردنی جیاواز تر و پتەو تر بووە ...

ئیسلام گەر چی لە سەرەتاوە بانگهێشتی توند و تیژی نە دەكرد و وەك چاكسازی كۆمەڵایەتی خۆی بە كۆمەڵگا ناساند و بانگەوازی ئاشتی و برایەتی دەكرد، بەڵام ئەو كاركردنە فاكتەری خۆی هەبووە چونكە بەر لە ئیسلام ئاینی تر هەبووە و كاریگەری قورسی لەسەریان هەبوو بە

هـۆی ئـەو تونـد و تیـژی و زەبـر و زەنگـەی لـە سەریان بوو، بۆیە ئیسلام نـەیتوانیوە ڕاستەو خۆ دەست بـۆ ئـەو کـارە بـەرێ و خـۆی بـەیان بکات، چونکە ڕاستەوخۆ زیندە بەچاڵ دەکرا و بۆیە ئـەو کارکردنــە بــە شــێوەی نــەرم و نیــانی تــوانی جیاگایەك بۆ خـۆی لـەنێو پانتـای کۆمـەڵگادا داگیر بکـات، بـەڵام کاتێـك بـووە هێزێکـی کۆمەڵایـەتی ئیـدی ئامۆژگارییـەکانی بـۆ کۆمـەڵگا لـە ئاشـتی و برایەتییەوە گۆڕی بۆ ئەوەی لە سایکۆلۆژیە تیانـدا جێگـر بـوو بـەکار هێنـانی تونـد و تیـژی و لـەناو بـردن و ڕێگـا گـرتن لـە ئـازادی و ڕەخنـە گـرتن، ئەمـەش لـەناو تێکستەکانی قورئانـدا بـە ئاشـکرا دەبینرا کەچۆن هەڕەشەی لە ناو بوردن و کوشتن و ئازاردان دەکات و چەندین ئایەت بـۆ شـەرعییەت دان بەشەڕ و کوشتار بوونی هەیـە، جگە لـەبوونی تێکست، پیاوانی ئاینی هەمیشە ئامۆژگارییـەکانیان بـۆ کۆمـەڵگا هەڕەشـەو تۆقانـدن بـوو هـەر کـەس و خێڵێــك سەرپێچــییان کردبــێ ئــەوە ڕەشــترین چارەنووسیان بۆ خۆیان دیاری کردووە ...

هەموو ئاینەکان هەڵگری بیرو بـاوەڕی تونـد و تیـژی بـوون و لـە ڕوانگـەی دەسـەڵات و هێـزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کۆمـەڵگا کـردووە و بـە کۆیلـەیان زانیوە و ئامۆژگاری تاکەکانیان کردووە،کە ڕاسـترین ڕێگا بۆ مرۆڤ ملکەچ بوونە، لەگەڵ ئـەوەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـدا جۆرەهـا دەسـتوریان دانـاوە بـۆ دادگایی کردنـی تاکـەکانی کۆمەڵگـەو ڕێگاگرتن لـە بیرکردنــەوە و نارەزایــەتی دەربــڕین و هۆشــیاری بوونەوەی مرۆڤ ...چونکە دەسەڵاتی ئاین هەمیشە کۆمـەڵگای بـۆ ملکـەچ بـوون و کۆیلـە بـوون ئامادە کــردووە ئەمەشــی لــە ڕێگــەی هێــز و تونــد و تیژییەوەو بەڕێوە بردووە ...

دیـارە ئـاینی مەسـیحیش و ئاینـەکانی تـریش (جگە لەئیسلام )هەموویان کـە زیـاتر لـە ئـەوروپا زۆرتــرین دەســەڵاتیان هــەبوو، بەمانایــەکی تــر دەسەڵاتی ڕەهایان هـەبوو تـا سـەردەمی ڕێنسانسـی ئــەورووپا و ســەرکەوتنی شۆڕشــی بــەریتانی و فەڕەنسـی و بەشـێکی زۆر لـە وڵاتـانی ئـەورووپا دەسـەڵاتی کەنیسـە کـە زۆرتـرین تونـد و تیـژی ڕۆحــی و جەســتەیان پــەیڕەوی دەکــرد لــەوە بەدوواوە ئایین لە دەوڵەت و دەسەڵات جیاکرایەوە، ئەگەر نا مەقصەلەکانی سەربڕین و مل پەڕاندن و دادگاکانی پشکنین گـەورەترین قەسابخانەی خـوێن ڕشــتنیان خولقانــد و لــەژێر پــەردەی پاراســتنی ئایین...

دیارە بە دوای جیاکردنەوەی ئـاین لـە دەوڵـەت و دەسـەڵات تونـد و تیـژی کۆتـای نـەهات، بـەڵکو جـۆرێکی تـر لـە تونـدو تیـژی هاتـە ئـاراوە و کـە ئەمەیان هیچ چوارچێوەیەکی ئاینی نـەبوو، بـەڵکو دەســەڵاتی عــەلمانی خۆرئــاوا بەوپــەڕێ نەخشــەوە دەستی بۆ کاری توند و تیـژی بـرد لەسـەر نـەیاران و ڕەخنە گران پەیڕەوی کردووە، چونکە ئەوانـەی دەســەڵاتی نوێیــان وەرگــرت خــاوەنی هــەمان عەقڵیـەتی پـاوان خـواز و مانـەوە لەسـەر کورسـی دەسەڵات و کەڵەکە کردنـی سامان بوون،بۆیـە هـەر کاتێـك نارەزاییـەتی لـە دژی هـەژار و بـێ مـاف و سـوکایەتی کـردن بەمافـە ئینسـانییەکان سـەری هەڵدابێ ئـەمجارەیان بـە چـەکی مۆدێرنێ و تونـو تیژی پەیڕەوکراوە و خۆپیشاندانەکان گولـە بـاران کــراوە و لایــەنگران و ســەرکردەی ئــەو خەباتانــە زینــدانی کــرا ون و لــە زیندانەکانــدا گــەورەترین تونــد و تیــژی دەروون و جەســتەیی لــە دژیــان ئەنجامدراوە بەدەست درێژی سێکسیشەوە ...

دەســەڵاتی نــوێ کەســێتی ســەرمایە داری بــوو، کــەبۆ خــۆی لەســەر بنــەمای دژایــەتی کردنــی کۆیلـەیـەتی بـە پشـتیوانی هاوڵاتییـان سـەرکەوتن، بـەڵام ئـەوانیش خـاوەنی هـەمان عەقڵییـەت بـوون مرۆڤایەتییان کۆیلـە کـردووە لـە ژێـر نـاوی هێـزی کاردا، ئەوپەڕی سوکایەتییان بـە کرێکـاران و ژنـان دەکـرد، سـەرباری ئـەوەی لـە شـوێنەکانی کـاردا گەورەترین سوکایەتییان پێ دەکردن ژنان دوچاری دەست درێژی سێکسی دەبوون، چونکە دەسـەڵاتی نوێ، ئەوەی کەلـەلای گـرنگ بـوو مسۆگەر کردنـی مانـەوەی خـۆی لـە ڕێگـەی سـامان و هێـزەوە بـوو بۆیـە هەمیشـە زەبـر و زەنـگ و تونـد و تیـژی بـۆ کۆیلـە کردنـی هـەژاران بـەکار دەهێنـا، لـە تـەواوی وڵاتــانی ســەرمایەداریدا تونــد و تیــژی وەك

سیمایەكی دیاری دەسەلاَتداران لە بـرەو دا و لـەناو خـۆو لـەدەرەوەدا، گەرچـی كـرداری تونـد و تیـژی دەولّەتـە سـەرمایە دار و داگـیر كارەكـان لـە دژی ولاَتـانی دەرەوەی خۆیـان بەئەندازەبـەك بـوو كـە مێژوو بەشەرمەزارییەوە لە لاپەڕەكانی خۆیانـدا تۆماریـان كـردووە، كـاری دڕندانـەی دەولّـەتی سەرمایە داری بەریتانیانی و هۆلّەندی و پرتوگالی و ئیتـالّی لـە دژی وولاَتـانی هـەژاری ئـەفریقا و خۆرهەلاَت، كەجگە لە بـەتالاَن بردنـی سـەروەت و سامان بردنی مرۆڤـەكان وەكۆیلـەی هەمیشـەیی تـا مـردن و دروست كردنـی دیـواری باخچـەكانیان لـە كەلە سـەری مـرۆڤ و بـەكارهێنانی جۆرەهـا چـەكی لـەناوبردنی بـە كۆمـەلّ بـۆ خـۆ سیمایەكی دیـاری كارنامـەی نیزامـی نـوێ بـوو، كـە هـەرگیز ئـەو نیزامە سلّی نەكردۆتـەوە لە بـەكارهێنانی تونـد و تیـژی دەرونـی و جەسـتەیی، چـونكە هەمیشـە نیزامـی سـەرمایەداری بــە چــاوی نێــرەوە لەخۆرهـەلاَت و ولاَتـانی پێشـكەوتووی ڕوانیـوە ئەوانیشی بـە مـێ زانیـوە، بۆیـە زۆر بـە حـەقی ئاسای خـۆی زانیـوە داگیری بكـات  ئارەزووەكانی خۆی لێ تێر بكات...

هەر بۆیە ئەو عەقلەیەتی بەهێز و خۆ بـەنێر زانییە لەنێو دەولّەتـە سـەرمایە دارەكانـدا گەیشتە لوتكە و لەسەر داگیر كرد ن و دابەشكردنی ولاَتانی هـەژار و بـەتالاَن بـرد ن و چـا وی سـوركردن و هێندەی نەبەرد گـەورەترین جـەنگی خوێنـاوی لـە نێوانیاندا هەلّگیرسا بە ملیۆن مرۆڤ بووە قوربانی (100)دان هـەزار كـەس دەسـت درێـژی كرایـە سەریان ...

تا كار گەیشتە ئـەوەی گـەورەترین چـەكی بـە كۆمەلّ كوژ بەكار بهێنـرێ، بـەم كارنەشی نیزامـی نـوێ سـەرمایە داری سـەلمان‌دی بـۆ مرۆڤایـەتی كـە جگە لەبـەكارهێنانی تونـد و تیـژی و داگـیر كـاری هیچ شتێكی نوێی پێ نییە كە كۆمەلّگای پێ ڕزگار بكات، جگە لە هێنانی جەنگ و داگیر كاری و تونـد و تیژی لـەناو بـردن .. چونكە ئـەو دەولّەتـەی كە خـاوەنی مـۆێرنترین تەكنەلۆژیایـە و ئیـدعای دیموكراسی و مرۆڤ دۆستی دەكات نـزمترین ئاسـتی مۆڕالّی پەیڕەو دەكات بۆ داگیر كردن و لەناو بـردن و بەكارهێنانی توند و تیژی، گەرچـی ئـەو نیزامـە جگـە لـە داگـیر كـاری و شـەڕو تونـدو تیـژی توانیویــەتی هەنــدێك دەســتكەوتی زانســتی و پزیشكی بۆ كۆمەلّگای مرۆڤایەتی دەستەبەر بكات كـە سـودی زۆری بـە مرۆڤایـەتی گەیانـدوە لـە بوارەكـانی ژیانـدا، بـەلاَم نـاوەڕۆكی دژی ئینسـانی خۆی نەشاردۆتەوە و جەنگ و داگیركاری و تونـد و تیژی بەردەوام درێژەی هەیە ...

ئەمەریكا یەكێكە لەو ولاَتانـەی لەگـەلّ ئـەوەی ئیـدعای دیموكراسـی بـوون پـارێزەری مافـەكانی مرۆڤ كردووە لە ( 100) سالّی ڕابردودا كە ئێستا یەكێكە لە ولاَتە سـەرمایە دارییـە گـەورەكانی دنیـا وەك نمونەیـەك چـاوێك بـە كارەكـانی ئەمـەریكا دەگێـڕین، كـە چـۆن گـەورەترین تونـد و تیـژی لـە نـاوخۆی خۆیـدا و لـە دەرەوەی خۆیـدا پـەیڕەو دەكات و خۆشی بـە ڕزگار كـەری كۆمـەلّگا دەزانـێ ...

ئامارەكـان ژمـارەی زۆر ترسـناك لـە بـارەی كارنامەی ئەمەریكا دژی مرۆڤایەتی ئاشكرا دەكـەن هەر لەبـەكارهێنانی چـەكی كۆمـەلّ كـوژ لـە هێـرۆ شـیما و ناكـازاكی تـا دەگاتـە ڤێتنـام كـە ملیـۆن مرۆڤیان كردە قوربانی داگیركـاریو فـراوان كردنـی كەلّەكە كردنی سامان ...

لەگەلّ ئەوەی ئەمەریكا بەرامبەر بـە نـەیارانی خـۆی هەرچـی هێـزی تەكنـەلۆژی و سـەربازی مۆدێرن هەیە لە دژیان بەكار هێناوە كە دنیایـەك كارەسات و لە ناو بردنی بـە كۆمـەلّی لێكەوتۆتـەوە بـە جۆرەهـا شـێوە دەسـتدرێژی كراوەتـە سـەر ئینسانەكان لەكاتی جەنگەكانـدا لـە ڕوی جەسـتەی و دەرونییە وە، لەناو خـودی ئەمەریكاشدا تونـد و تیـژی بـە جۆرەهـا شـێوە پـەیڕەو كـراوە لەسـەر تاكاكانی كۆمەلّگاو سالّ بـە سالّیش ڕێـژەی تونـد و تیژی و قوربانییـەكانی دەستی روو لـە زیـاد بـوون دەكات، ئەگەر چاوێك بەو ئامارانـەدا بخشـێنین كـە لـە سـالّی (1967-1973) بلاَوكراونەتـەوە كـە هاولاَتیان بە هۆی بـەكار هێنـانی تونـد و تیژیـەوە دوچـاری بـوون بـە تایبـەتی ژنـان و منـالاَن كـە

گیانیان لە دەست داوە، ئەوا تا دەگات بە ساڵی (1994) ئەو ڕێژەیە بە (100) زیادی کردووە ...

بۆ نمونە لە ساڵی ( 1967 – 1973 ) ( 17500) تاوانی کوشتن دژ بە ژیان و منداڵان ڕوویداوە کە هەموویان لە ئەنجامی دەست درێژی و توند و تیژی ناو خێزانەوە ڕوی داوە، بەڵام ساڵی (1994 ) ڕێژەی کاری توندوتیژی دژی ژنان دەگاتە (4) ملیۆن حاڵەت، لە کاتێکدا لە جەنگی ئەمەریکا دژی ڤێتنام (39 ) هەزار سەرباز کوژران، بۆیە ئەمەریکای دیموکراسی لەهەر شوێنێکدا بۆی کرابێ توند و تیژی پەیڕەو کردووە، حاڵەتی توند و تیژی لە ئەمەریکادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوسیستمی پەروەردە کردنەی کە لەوێ باڵا دەستە، ئەو ئامارانە کە حاڵەتی توندوتیژی لەناو ئەمەریکا نیشان دەدات کە سەرچاوەی لە خێزانەوە وەرگرتووەو پیاوانی ناو خێزان پێی هەڵدەستێت، یاخود هاوڕێکان، گەرچی دوای ئەو هەموو پێشکەتنە لەبارەی تەکنە لۆژیاوە و بەشێك لە پیاوان بێزار بوون لەدەست درێژی بۆ سەر ژنان، پیاوان ئازار دەدەن بەتایبەتی هۆمۆ سێکس وێڵەکان لەناو خۆیاندا گەورەترین توندی و تیژی جەستەی و دەرونی بەکار دەهێنێن ...

ئێستا کۆمەڵگای ئەمەریکی بە جۆرەها شێوە مومارەسەی توندوتیژی دەکات کە تەواوی مرۆڤەکان و تەمەنەکان لەخۆی دەگرێت،بۆیە ئێستا خوێندکارانی ئەمەریکی کاتێك دەچن بۆ خوێندنگە ئامێری بەرگری کردن لەگەڵ خۆیان دەبەن، ژنان مایەی پارێزگاری لەبەر دەکەن لە ترسی دەست درێژی سێکسی، لە کاتێکدا ئەو مایەیە ئەو سەربازانەی کە دەچوون بۆ جەنگی ڤێتنام بوژنەکانیان دەکڕی و پێیان دەپۆشین بۆ ئەوەی تا دەگەڕێنەوە نەبادا مومارەسەی سێکسی لەگەڵ کەسی تردا بکەن، بەڵام ئێستا ژنان خۆیان لە ترسی دەست درێژی بەکاری دەهێنن، لەگەڵ ئەوەی لە هەموو کاتژمێرێکدا زیاتر لە دە ژن دەست درێژی سێکس دەکرێتە سەریان، بازرگانی سێکسی بە منداڵانی (8-9) ساڵانە دەکرێ، ئەمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگای ئەمەریکی لە باری دەرونییەوە دووچاری شلەژان و تێکشکان هاتووە بەهۆی دابڕینیان لە هەست و سۆزە ئینسانییەکان و کردنیان بە ئالی بۆ مژینی شیلەی گیانیان، لەگەڵ ئەوەی ئەو بەئالی بونەی مرۆڤ، تاکی ئەمەریکیان دوچاری نامۆبوون کردووە فرێدراونەتە سەر جادەو شەقام و میترۆ و مەنهۆڵەکان، کە ئەمەش هۆکاری ڕاستەو خۆیە بۆ دروست بوونی چەندین گروپ دەستەو تاقمێ کە جگە لە بەکارهێنانی توند و تیژی و ئازار دانی مرۆڤ هیچ شتێکی تر لە عەقڵیاندا بوونی نیە، چونکە ئەو کاتە مرۆڤ لە ئەنجامی کارەکەی نامۆ دەبێت بە کارەکەی و دواتر بە خودی خۆشی و ئەوساش بە کۆمەڵگا ئیتر ڕقی لە هەموو شتەکان تا لە خودی خۆشی دەبێت، بۆیە زۆر بە ساناى پەنا بۆ کاری توند و تیژی دەبات و پەیڕەوی دەکات، بەشێکی لە توند و تیژی و جێگیر بوونی لە لای تاکی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە خێزانییەی کە بونی هەیە و ئەو منداڵانە بە هۆی توند و تیژی ناو خێزانەکانیان دوچاری ئازاری دەرونی و جەستەی بوون و لە لاشعوریاندا جێگیر بووە، بۆیە لە کامل بونیدا و لە کاتی تووش بوونی بە نامۆ بوون ئەوەی لا شعوری سەر دەردەهێنێ و دەیگۆڕێت بۆ شەڕانگێزی و تۆڵە سەندنەوە .

گەرچی ئەو توند و تیژیە ی خۆرئاوا هیچ پەردەو دەمامکی ئاینی نەپۆشیوە بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەسەڵات و خودی ئەو نیزامەی دەسەڵات بە ڕێوە دەبات کە مرۆڤی کردۆتە کۆیلەیەکی زۆر لاوازی پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی، بۆیە گەورەترین جەنگی دەرونی بەرپا کردووە لە دژی تاکەکان و بەرهەمهێنانی تاکی دڵڕەق و هەڵگری توتندوتیژی .

دیارە لە ئەمەریکاو خۆرئاوا جۆرێکی تر لە توند و تیژی بوونی هەیە کە پەیوەندی بە پەناهەندەوە هەیە، مەبەست ئەو هاوڵاتیانە یە کە خەڵکی ئەو وڵاتانە نین، بە جۆرەها شێوە سوکایەتیان پێ دەکرێ و جۆرەها ناویان لێ ناون بە ڕەش پێست و لچ ئەستوور ... هتد، کەرۆژانە

لە لایەن هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانەوە سوکایەتیان پێ دەکرێ و یا لێیان دەدرێ جەستەیان دەشێوێنرێ و زۆرجاریش بەهۆی ئەوتوند و تیژیە زۆرەوە گیانیان لە دەست دەدەن، سەرباری ئەوەی خۆیان بە پارێزەری مافی مرۆڤ دەزانین، بەڵام پەناهێندەکان بۆ هەموو کارێك پلەیەك لە خوارەوەن، بۆیە دەکرێت بڵێین هەموو قسەکان لە باری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئینسان دۆستی خۆرئاوا و ئەمەریکا هەڵدەوەشێتەوە، چونکە ئەوان خاوەنی نزمترین ئاستن لە پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ و کەمکردنەوەی توند و تیژی و چەوسانەوە.

دیارە ئەمەریکا و خۆرئاوا کار نامەیان لەدژی مرۆڤ ئاشکراو ڕونە لەناو خودی خۆیانداو بەرامبەر بە هاوڵاتیانی خۆی، جا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەرەوەی خۆیان بکەن، بێگومان جەنگێکی دەروونی و جەستەیی بێبڕانەوە پەیرەو دەکەن تا فەرهەنگ و عەقڵیەتی خۆیان بسەپێنن، چونکە بەردەوام خۆرئاوا پێناسەی خۆی بەرامبەر بە خۆرهەڵات بەوە دەکات کە شارستانییە و خۆرهەڵاتیش شەڕەنگێزە، لەوەش وا وەتر خۆرئاواو ئەمەریکا خۆیان لە ڕێگەی عەقڵیەت و کەلتوری نێرەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤایەتی دەکەن و دەرەوەی کەلتوور و عەقڵەتی خۆیان بە مێ دەزانن بە تایبەتی ئەمەریکا ...ئەوعەقڵیەتەی ئەمەریکا زۆربەئاسانی لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە ئاشکرا بوو کە چۆن خەونەکانی بۆ داگیر کاری و بەکارهێنانی توند و تیژی لە پیاوێکی سادیی دەچێت کە حەز بە ئازاردان و داگیر کردن دەکات و شەڕ لەسەر نێچیر دەکات و هەموو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ زیندو ڕاگرتنی توند و تیژی لەدەرەوەی خۆی بۆ ئەوەی بە ئاسانی جێگای پێی خۆی بکاتەوە ...ئەمەریکا لەماوەی (10) ساڵی ڕابردودا بەهۆی سادیەتی خۆی گەڕان بۆنێچیری بەردەوام دەستی خستوتەتەواوی کاروباری وڵاتانی دنیاوەو چەندین شەڕی عەشیرەت و خێڵەکەی و مەزهەب و قەومی جۆراوجۆری هەڵگیرساند و دوایی مومارەسەی نێرایەتی خۆی کردووەو دنیایەك تاڵان و کوشتیارگای ناوەتەوە ...

بۆیە وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد دەسەڵاتی پیاوی ئەمەریکی (4) ملیۆن دەست درێژی و توند و تیژی لە ساڵی (1994) لەدژی هاوڵاتیانی خۆی ئەنجام بدات، دەبێت ئەو پیاوە سادیە ڕێژەی کرداری توندو تیژیەکانی بۆ دەرەوەی خۆی بەچەند ملیۆن مەزەنە بکرێ، کە بەتەکید چەندین جار لەوەی خودی ئەمەریکا کەلەناو خۆدا ڕوی داوە زیاتر ...لەدوای ئەو سەدە کورتەی لە توند و تیژی بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش لەسەر ئەمەریکا، لێرەوە قسە لەسەر توند و تیژی دەکەن لەکۆمەڵگای کوردیداو کاریگەرییەکانی لەسەر تاکەکانی و بەسەر جەستە بوونی ...

کۆمەڵگای کوردی بەهۆی ئەو پێکهاتە ئایینی و خێڵەکییەی کە هەیەتی دابڕاو نیە لە پیادە کردنی توند و تیژی لە ژێر پەردەو دەمامکی جۆراوجۆردا ... هەموو دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگای کوردی کە لەسەر بنەما و عەقڵیەتی پیاو سالاری دامەزراوە تا ئەو پەڕی پەیوەستە بە کەلتووری ئاینەوە و سنوری حەرامکراوەکانی سنوری ئایینەو بە دوای ئەویشدا خێڵە بۆیە لێوان لێوە لە توند و تیژی، بەمانایەکی تر چاکە و خراپە لەناوخێزان و خێڵ و کۆمەڵگادا لە ڕێگەی ئەحکامەکانی ئاینەوە دیاری کراوە، بۆیە بە هاتنی ئایین بۆ کۆمەڵگای کوردی توند و تیژی بەشێوەیەکی بەرنامەبۆ داڕێژراو دەستی پێکرد،، چونکە ئەوان دەزانن بەرژەوەندی و چاکەی کۆمەڵگا لە کوێدایە، ئەوانیش لەسەر ئازاردان و بە کۆیلە کردنی ئینسانەکان کە لەکەی سامانیان دەکرد و هەزاران مرۆڤیان بە کۆیلە کەنیزەك و جاریە ڕادەگرێت و هەموو جۆرە دەست درێژیەکی سێکسیان دەکردنە سەر، چونکە ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هۆی ئەوەی تاکی کۆمەڵگای کوردی پەیوەست بونێکی زۆر هەبووە بەلایەنی ڕۆحیەوە، تا لایەنی ژیاری و دنیایەکان، بۆیە دوای داگیرکاری بە ساکاری پەیوەست بووە بە ئاینەوە لە عەقڵەیەتیدا

جێگیر بووە و لە پراكتیك ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە كە پیاوی كۆمەڵگای كوردی پیاوێكی شەڕانگێز بووە و هەمیشە لە بەرامبەر ژناندا توند و تیژی ئەنجام داوە و هەموو ڕێگاكانی لە ژنان بەستۆتەوە و كردویەتی بە كۆیلەیەكی زۆر باشی سێكسی و خستنە منداڵ..

ڕەوتی توند و تیژی پیاو سالاری ئایینی لە كۆمەڵگەی كوردیدا هەتا ئێستەش كە سەردەمی پێشكەوتن و تەكنە لۆژیایە درێژەی هەیە و قوربانیەكانیش بەردەوامی هەیە و گۆڕانكاریەكی ئەوتۆی لەبیر كردنەوەی پیاوی كۆمەڵگەی كوردیدا بە وجود نەهاتووە ... لەبەر ئەو پەیوەست بوونە زۆرەی مرۆڤی كوردی بە ئایین و عەقڵیەتی خێڵەكی و پیاو سالاریەوە هەتا سەرەتاكانی سەدەی بیستەم ڕێگا لە هەموو جۆرە قسە كردنێك و نارەزای دەربڕینێك گیراوە و هەمووشی بە توند ترین شێوە وەڵام دراوەتەوە و سەركووت كراوە و هەموو قسە كردن و ڕەخنە گرتنێك بە دەرچوون لە ئایین حسابی لەسەر كراوە و سزای پیاوانی ئاینی ڕون و ئاشكرایە، بۆیە خێزانی كۆمەڵگای كوردی هەمیشە نەوەكانیان بە تایبەتی ڕەگەزی مێی فێری ملكەچی و ژێر دەستەی پیاو كردووە هەر لە منداڵیەوە، ئەمەش ڕێگای لەووشیار بونەوە و پێشكەوتنی ژنان گرتووە و ڕەگەزی نێریشیان وا پەروەردە كردووە شەڕانگێز بێت و هەمیشە ئامادەی نواند و هێز و شەڕبێت ...بۆیە كەس نەیوێراوە خۆی لەقەرەی ڕەخنە گرتن لەو سیستەمە دڵ ڕەق و شەڕانگێزیە بدات هەتا سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، لەوێوەو لەژێر كاریگەری هەموو ئەو گۆڕانكارییە گەورەیەی لە بواری زانست و زانیاری و فیكر و فەلسەفەدا ڕوی دا و ئەو هەموو شۆڕشە گەورەیەی كەڕوویداوەكاریكردۆتەسەر بەشێك لە ڕۆشنبیران و پیاوانی ئێمە كەدەست بۆ كاری ڕەخنە گرتن لە ئایین و ئەو شوێنە بەرن كە هۆكاری ڕاستەو خۆی چەوسانەوەی مرۆڤە بە گشتی و ژنانە بە تایبەتی وڕێگری جدییە لەبەردەم كرانەوەی دەروازەكانی عەقڵدا، گەر چی ئەو لایەنانەش نالێن كاریگەری نەبووە، بەڵام قورسایی زۆریان لەسەر كۆمەڵ داناو دەسەڵاتی پیاو سالاری ئایینی نەخستە ژێر فشارەوە تامافی ئینسانی بوون قبوڵ بكات، بەڵام بۆردی خۆی خەبووە لەلای ڕۆشنبیران و بووەهۆكاری ئەوەی لەسیەكاندا ژنان هەوڵی دروستكردنی ڕێكخراو بدەن ئاشنابن بەمافەكانیان و ئەو چەوساندنەوەیەی لەسەریانە .. ئەو ڕەوتە درێژەی كێشاو ئەدەبیاتی كۆمەڵگای ئێمە بێ بەش نەبوون لەقسەكردن لەسەر چەوساندنەوەو ئازارەكانی ژنان بەتایبەتی و كۆمەڵگاش بەگشتی، بەڵام ئەو نوسین و ئەدەبیاتە نەیتوانی بەشداری كردنێك بكات بۆ داڕشتنی دەستورێكی مەدەنی، كەتەواوی تاكەكانی كۆمەڵگای لێ بەهرەمەندبن، كە ڕەنگی ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی كۆمەڵگای عێراق، كوردستانیش دوای پەیمانی لۆزان خرایە سەر عێراق و بوو بەبەشێك لەو پێكهاتەیەو چەندین سیفاتی هاوبەش و خەباتیان پێكەوە هەبوو لەسەر هەمووشیانەوە ئایین كۆی كردوونەتەوە بەیەكەوە ... بۆیە كۆمەڵگای كوردی لەهەموو ئاستەكاندا پەیوەستیەكی زۆری لەگەڵ پێكهاتە سیاسی وئابووری وكۆمەڵایەتیەكانی عێراق هەیە وبەشداری بەرچاوی هەبووە لەگۆڕانكارییە سیاسەكانی عێراق دا.. ئەوبەشداری كردنەش ئەگەردوورنەگەڕێینەوە لەسالی (1920) وە دەست پێدەكات ولەوێوە درێژدەبێتەوە بۆشۆڕش وگۆڕانكاریەكانی دواتر،بەڵام هەمووشۆڕش وگۆڕانگاریەكانی عێراق بەدوور نەبووە لەبەكارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی وتیرۆرو لەناوبردن،كەدیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوپێكهاتە سۆسۆلۆژیەی كۆمەڵگای عێراق،كەهەمیشە ناجێگیربووەوشەڕی بەردەوامی خێڵەكی وناكۆكی مەزهەبی وعەشیرەتی تێدابووە،بەمانایەكی ترهیچ كات لەعێراقدا هێزە كۆمەڵایەتیەكان یەكانگیر نەبوون وبەردەوام ئیشیان لەسەرسڕینەوەی یەكتری كردوەویەكتریان داگیركردوەوئەوپەڕی توندوتیژیان لەدژی یەكتری

بەکارهێناوە لەکوشتن وسووتاندن وسەربڕین وداگیرکردنی ژن وماڵ ومناڵ،ئەوشەڕی بەردەوامەی کەلەسەرەتای ئیسلامەوە لەعەقڵیەتی تاکەکانی عێراقدا جێگیر بووە لەپێناوی غەنیمەدا گەورەترین عەقڵیەتی شەڕانگێزی پەروەردەکردووەو درێژەی کێشاوە،بۆیەسەیرنییە لەنێوان خێزانی یەك ئایین دا شەڕهەڵگیرسێ،وەك (سوونە_شیعە)،کەهەردووکیان ئیسلامن،بەڵام ناکۆکی لەسەربەدەست هێنانی زۆرترین پانتایی بووە .

ئەوپێکهاتە ئاڵۆزەی چینەکانی عێراق،تاکی شەڕانگێزو سەرکردەی شەڕانگێزی پەروەردە کردووەوبەرهەم هێناوە،هەمووگۆڕانکاریەکان لەعێراق دا هەڵگری دنیایەك کارەسات وخوێن ڕژان بووە ..هەربۆیەکاتێك شۆڕشی 1958سەردەکەوێت،دەسەڵات دارانی پێشوی پاشایەتی لەلایەن قاسمیەکان وخەڵکی عێراق بەشێوەیەکی زۆردڕندانەپارچەپارچەدەکرێن وزۆرێك لەئەفسەروسەربازەکانی پاشایەتی چەندرۆژێك لەسەرشەقامەکان فرێدەدرێن وخەڵکی سوکایەتی بەجەستەکانیان دەکەن،پێکهاتەی سیاسی وسۆسۆلۆژی کۆمەڵگایەك بەوشێوەیەبێت،هەمیشەتاکەکانی ئامادەیە بۆکاری توندوتیژی وتیرۆروئازاردانی نەیارانی،بۆئەوەی زۆربەئاسانی سیستمی ملکەچ پێکردن بسەپێنێ،بۆیەبەدوای قاسمیەکان،بەعسیەکان وعارفیەکان لەکودەتای 1963دا هەمان سیناریۆی قاسمیەکان،لەدژی پاشایەتی دووبارەکردەوە،بەڵام ئەمجارەیان نێچیرەکان قاسمیەکان بوون وبەزیاتریشەوە توندوتیژی لەسەرجەستەیان پیادەکرا،لەمێژووی عێراقدا قەسابخانەکەی 8ی شوبات بێوێنەبوو،کەدیارەئەویش بۆخۆی سەرچاوەی لەکارەتوندوتیژیەکانی پێش خۆی وەرگرتوە،بەڵام ئەوەی کۆمەڵگای عێراقی زیاتربەرەو دلڕەقی کاری توندوتیژی بردوو ڕێگای خۆشکرد بۆدەسەڵاتی دیکتاتۆری وکاریزمی،هەرلەکودەتای 8ی شوباتەوەدەست پێدەکات ولە27ی شوباتی 1968دەگاتە لوتکەی ستەمگەری وکامڵ دەبێت،چونکەلەوەبەدواوە بەعسیەکان بوونەبکوژی کۆمەڵگای عێراق ودنیایەك ئنسانیان تیرۆرکردو زیندانەکانیان پڕکرد لەنەیارانی سیاسی وکەش وهەوایەکی تەواوترسناکیان خوڵقاندوو کۆمەڵگایان بەرەووبێدەنگی تەواوبرد،ئیدی کۆمەڵگای عێراق بەهەموورەگەزوئەتنیکێك ونەتەوەکانەوە بوونە قوربانی توندووتیژی جەنگێکی دەروونی بەرپابوو...

باسکردنی ئەونموونانەلەپێکهاتەی کۆمەڵگای عێراق بۆخۆی زەرورەتێکی مێژوویی هەیە،تاتاکی عێراقی بناسن،کەبۆچی لەکۆمەڵگای عێراقدا هەمیشە جیاوازی قبوڵ نەکراوەوبەتوندوتیژی وەڵام دراوەتەوە..

کوردیش کەپەروەردەی هەمان ژینگەیەوخاوەنی زۆربەی زۆری خەسڵەت وتایبەت مەندیەکانی کۆمەڵگای عێراقین ولەسەرکەسێتیان ڕەنگی داوەتەوەوبەهەمان ئاراستەی تاکی عێراقی توندوتیژی لەسەرنەیارانی پەیرەودەکات،بەمانایەکی ترتاکی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی سایکۆلۆژیەوە لەبەرئەوەی سەربەهەمان کەلتوری ئایینی وعەقڵیەتی پیاوسالاریە هەڵگری توندوتیژیە دژی نەیارانی سیاسی ...

هەروەك لەپێشترئاماژەم بۆکرد،کۆمەڵگای کوردی دابڕاونیە لەبەکارهێنانی توندوتیژی، گەرچی ژنان زۆرترین بەشیان بەرکەوتووەو بەردەوام قوربانی پلەیەك بوون وبەجۆرەها شێوەچەوسێنراونەتەوە، ئەمەش کاریکردوەتە سەرسایکۆلۆژیەتیان ودووچاری گەورەترین ئازاری دەروونی کردوون،گەرچی قسەکردن لەسەرئازارەکانی ژنان لەکۆمەڵگای ئێمەدا، لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی ترئاستی فراوان تری بەخۆیەوەگرتووەو تائاستێك جدی ترقسەلەسەر چەوساندنەوەو توندوتیژی کراوە،کەئەمەش هۆکاری ڕاستەوخۆبووە بۆئەوەی ژنان لەکۆمەڵگای کوردی دا پەیوەست بن بەبزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریەکانەوەو هەوڵی جدی بدەن جێگا

پەنجەی خۆیان دیاری بکەن لەگۆڕانکاری و شۆڕشەکاندا... بەڵام ئەوەش نەیتوانیوە کاریگەری لەسەرعەقڵیەتی ئایینی و پیاوسالاری دابنێت بۆگۆڕانکاری وقبوڵکردنی ژنان وەك ئینسان بەبێ جیاوازی لەگەڵ پیاواندا لەهەموو ڕوەکانی ژیاندا...

گەرچی شۆڕشەکانی کورد بەشێکی زۆریان هەڵگری دروشم گەلێك بوون،کەدژی هەموجۆرە ئازاردانێك بوون بۆکۆمەڵگاوبەتایبەتیش بۆژنان،بەڵام ئەوانە هەردروشم بوون،چونکە بزوتنەوە سیاسیەکانی کورد بۆخۆیان بێبەش نەبوون لەبەکارهێنانی توندوتیژی دژی نەیارانی خۆیان تائاستی زیندانی کردنیش،شۆڕشەکان پڕن لەونموونانە،کەپێویست ناکات لێرەدا ناوەکانیان بهێنین،ڕەوشی توندوتیژی لەناوبزوتنەوە کوردیەکاندا هەتاسالی پێك هێنانی بەرەی کوردستانی،بەجۆرەها شێوە پەیڕەوکراوەو،چەندین شەڕی گەورەیان بۆلەناوبردن وتوانەوەی یەکتری ئەنجام داوەو سەدانیان لەلایەنگرانی یەکتری کوشتوەو بێ سەروشوێن کردوە،سەرباری ئەوەی بزوتنەوەکانی کوردایەتی خۆیان بەلایەنگری مافەکانی ژنان دەزانی ووەك دروشم هەڵیانگرتبوو،بەڵام دەیانبەستەوە بەسەرکەوتنی شۆڕشەوە،بەڵام لەواقیع دا دەسەڵاتی شاخەکانی بزوتنەوەکانی کوردایەتی بەهیچ شێوەیەك قبوڵی ئەوەیان نەدەکرد ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری خەباتی چەکداری بکەن و لەخەباتی سیاسیشدا بگەنەئاستی سەرکردایەتی کردن،بەڵکوئەوکارەیان،بەکاری پیاودەزانی وژنان بەلایەنگروهاوکاری شۆڕش، وەك نانکەرو نامەبەری ولانکەی ئارامیش بۆئەوەی پیاوەکان ئارامی تیابگرن ...

گەرچی گەیشتن بەحکومەت. بەهۆی ڕاپەڕینی ئازاری 1991و توانیان بەشێکی بەرچاوبگرن وئیدارەی خۆیانی تیادابمەزرێنن،بەڵام هەمووبەڵێن و دروشمەکانی بەرلەدەسەڵات هەڵوەشایەوە، چونکەدەسەڵاتی کوردی کەمترین گۆڕانکاری بەسەرکۆمەڵگای کوردیدا نەهێنا نەلەڕووی دەستوورەوە نەلەڕووی عەقڵیەتەوە،بەڵکوبەهەمان دەستوور و ئەقڵیەت و پیاو سالاریەوە مامەڵەی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دەکرد هەڵبەت زۆرێك پێی وابوو کە دوای ڕاپەڕین توند و تیژی و چەوسانەوە کۆتای دێت و ئازادی سیاسی و کۆمەلأیەتی و فەردی ویەکسانی بەرقەرار دەبێت، بەلأم پێچەوانەکەی دەرچوو بگرە ڕاپەڕین بۆخۆی لەهەناویا هەلگری دنیایەك توندوتیژی بۆ کۆمەلگای کوردی و تاکەکانی چونکە دەسەلأتی کوردی هەلگری هەمان سیفاتی دەسەلأت بوو وەك تەواوی خۆرهەلأت و لەسەر بنەمای ئاینیی و عەقڵیەتی پیاو سالاری و نەفی کردنەوەی بەرامبەر کاری دەکرد، لەگەلٚ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە هەلگری ڕەوتێکی ئاینی زۆر توندڕەو بوو، کە ئەم ڕەوتە هەڕەشەی لە ژیانی مەدەنی و پێشکەوتن دەکرد و کۆمەلگای بە نەیارو دەرچوو لە ئایین لەقەلەم دەدات گەرچی ڕەوتی ئاینیی توندڕەو لە کۆمەلگای ئێمەدا بەر لە ڕاپەڕین بەشێوەیەکی ڕێکخراو بوونی نەبوو تاك و تەراك تاکی ئاینی هەبوو کە کردەوەی ناجۆر و ناچیزیان ئەنجام دەدا. لەدژی ژنان و ڕۆشنبیران، وەك کوشتنی (عبدالخالق معروف و ڕەوف زوهدی ... هتد) و تەقاندنەوەی شوێنەکانی ئارایشتگای ژنان، بەلأم ئەم ڕەوتە نوێییە ڕێکخراوە، کە دەسەلأتی کوردی دوای ڕاپەڕین شەرعیەتی پێدابوو بە ئاشکراو بێ پەردە کەوتنە ئامۆژگاری کردنی کۆمەلگا،بۆ گەرانەوەی ژێر پەردەی ئیسلام و ئامۆژگارییەکانیان پڕبوو لە هەڕەشەی جۆراو جۆری کۆشتن و ئازاردانی دەروونی خەلکی مەدەنی و پێشکەوتوو،سەرباری ئەوەی بازاڕەکانیان پڕکرد لەو کتێب و نامیلکە هەڕەشە ئامێزانە و لەوەش زیاتر دەستیان بۆ کاری توندوتیژی جەسەدی برد، وەك تیرۆکردنی ڕۆشنبیران و تەقاندنەوەی شوێنی ئارایشتگای ژنان و سینەماکان و تێزاب ڕشتن بەسەر ژنانی مۆدەدا وهوها کێشان لەو ژنانەی کە مۆدەن، ئەمانە

جۆرێك له ترس و تۆقاندنی لەناو دڵی ژنان و ڕۆشنبیران و کۆمەڵگای ئێمەدا چەسپاند، دەسەڵاتی کوردی نەك ڕێگری نەکرد بگره هاوکاریشی دەکرد و کارئاسانی دەکرد بۆ فراوان بوونیان لەناو کۆمەڵگادا و هاوکاری مانگانەی ماددی دەکردن، کاتێك ژنان لەژێر زیندووبونەوەی ئەقڵیەتی کۆنەپەرستی و ناموس پەرستیدا بەهۆی خۆشەویستیەوە تیرۆ ردەکران، بەناوی شۆردنەوەی شەرەفەوە،دەسەڵاتی کوردی پاساوەکانی بۆ ئەو کارە هەمان پاساوەکانی ئیسلامیەکان بوو بۆ کوشتنی ژنان، ئەمەش لەڕووی دەروونیەوە گەورەترین ئازاری بە ژنان و کۆمەڵگا دەگەیاند، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ کاری دڵ ڕەقی و توندوتیژی له دژی تاکەکانی کۆمەڵگا، هەر بۆیه له یەکەمین چرکەساتی هەڵگیرساندنی شەڕدا ئەوەی له ئەقڵیەت و نا خیاندا بوو ئاشکرا بوو، که چۆن حەزیان له کوشتن و ئەتك کردن و لەناو بردنی نەیارانه، بەبێ ئەوەی هیچ سڵکردنەوەیەك هەبێت له ئازاردانی بەرامبەر، بۆیه سەیر نیه له شەڕەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکاندا زۆر بەئاسانی جەستەی کەوژراوەکان بسوتێنرێ یاخود بشێوێنرێ بەبەرچاوی خەڵکیەوە دیل گولله باران بکرێت، تائاستی سەربڕین بە زیندوویەتی و داگیرکردنی موڵك و ماڵ و ئاوارەکردن و زیندانی کردن و شکاندنی کەسایەتی مرۆڤ و ترساندنی کۆمەڵگا لەسەر پێیچی کردن و ملکەچ نەبوون، دەسەڵاتی کوردایەتی هەموو ئەمانەیان دەبەستەوە بە پیاوەتی و هێزو شەهامەتەوە، چونکه له ئەقڵیەتیاندا پەروەردە بووە، تۆ ناتوانی بونت هەوبێ تا هێز بەکار نەهێنیت، لەگەڵ ئەوانەشدا تیرۆرو تۆقاندنیش سەری هەڵداو کۆنەپەرستی و عەشایەری فراوان بوو، کۆمەڵگا زۆربەی ڕووەشارستانیەتەکانی لێ داماڵرا توندوتیژی بووە سیمایەکی گشتی شارەکان و خەڵی هیچ کات له ژیانی خۆیان تەئمین نەبوون بۆیه کۆچ کردنی بە کۆمەڵ سەری هەڵدا چونکه خەڵکی بەرگەی ئەو هەموو ئازار و چەوساندنەوەی نەدەگرت و ڕوویان له مەنفا دەکرد...

زیندووبوونەوە و گەشەکردنی کۆنەپەرستی و ئەقڵیەتی پیاو سالاری و بێ هیوا بوون بە گۆڕانکاری و چاودێری خستە سەر پەیوەندی ئینسانەکان، ژنانی زۆر بێزار کرد تائاستی خۆسوتاندنی ژنان بەشێوەیەکی خێرا سەری هەڵدا و ژنان خۆیان دەسوتاند لەدژی ئەو هەموو ئازارو توندوتیژییەی کۆمەڵگاو دەسەڵات بەسەریاندا سەپاندبوو هەموو ئەوانە دەسەڵاتی کوردی ڕانەچڵەکان بیرێك لەو هەموو ئازارو چەوساندنەوەیە بکاتەوە بگره زۆرجار تەمجیدی ئەقڵیەت و فەرهەنگی کۆنەپەرستی دەکرد لەماوەی ئەم دە ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا بەئاشکرا کرداری چەوساندنەوەی ژنان و پیاوان دەبینرێت، چەندەها کەس لەسەر بیڕای سیاسی جیاوازیان تیرۆرکرا(نەزیر عومەر، ڕێناس، ڕەوف کامل ، فەرهاد فەرەج ، ئەبوبەکر عەلی، مەسیحیەکان، حەمەی حەلاق ... هتد)، هەڕەشەی زۆر له نوسەران کراو چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار لەسەر ئازادی بیروڕا داخراون، تەقەکردن لەنارەزایەتی و خۆپیشاندانی هەزارەکان زیندانی کردن و بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی لەسەر جەستەی زیندانیەکان و شێواندنی جەستەیان...

کەم کەس هەبووە ئەو ڕاستیانە کە لەکۆمەڵگای کوردیدا لەماوەی ئەم (10) ساڵەدا ڕووی داوه نەزانێت، جگه لەگوشاری ئابووری، کەئەمیان زۆر کاریگەر ترو خەتەر تربوو بۆ دابین کردنی سوپایەکی کۆیلەو بەکارهێنانیان بۆ توندوتیژی، چونکه فاکتەری ئابووری مرۆڤ دووچاری زۆرترین کۆیلایەتی دەکات...

هەڵبەته له کۆمەڵگای کوردیدا زۆر ناوەندیش هەبوون کە خۆیان بە بێلایەن و مەدەنی و عەلمانی گوزارشت کردووە دەوری بەرچاویان هەبووە له پشتیوانی کردنی توندوتیژی لایەنگری کردنی لەو ڕووداوانەوە، یاخود زۆرجار کاری زۆر خراپیان ئەنجام داوه کە

بووەتە هۆكاری هاندانی بەرامبەر بۆ كاری توندوتیژی. هەموو ئەو ڕەوت و پێكهاتانە دەورو كاریگەری خۆیان هەبووە لەدرێژە كێشانی توندوتیژی و مانەوەو گەشانەوەی ئەقڵیەتی پیاو سالاری هێز و لەبەین بردنی مافەكانی مەدەنی و شارستانیەت و ڕێگا گرتن لە ئازادی تاكەكانی كۆمەڵگا و بە كۆیلە هێشتنەوەیان و ئامادەكردنیان وەك كۆلەیەكی هەمیشەیی دابونەریت و ئایین و بەرهەمهێنانی توندوتیژی، بۆیە بەبڕوای من تائەو جێگایەی ئێمە دەست بە ئەقڵیەتی پیاو سالاری و ئاینییەوە بگرین و دەستبەرداری ڕابر دوو نەبین، توندوتیژی بەردەوامی دەبێت و مەدەنیەت و شارستانیەت و دیموكراسی و مافی مرۆڤ ڕستەیەكی كاریكاتۆری دەبێت .

سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :
1- تەورات و ئینجیل و قورئان .
2- سەرهەڵدانی ئیسلام و پێشێل كردنی ئازادی، سامان نوری
3- ئیسلام و ناسیۆنالیزم مەسەلەی ژنان، سامان نوری.
4- كۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، فوئاد مەجید میسری.
5- ئایا ئەمریكا وەك یەكێتی سۆڤیەت هەرەس دەهێنێت، و. سەمەد زەنگەنە .
6- العراق گبقات الاجتماعیە والحركات الپوریە، حنابتاتو – ترجمە عفیف رزاز.
7- دور الشعب الكردی فی الپورە العشرین، كمال مڤهر .
8- ستراتیژو كەسێتی، عەتا قەرەداغی .
9- توندوتیژی خێزانی، ن. ئالیساد تافۆ. و. ئاوات محەممەد.
10- كۆتایی نەتەوەكان، لێری دلتۆرن خوێندنەوەی جۆرج تەرابیشی، وەرگێڕانی بۆ كوردی گۆڤاری ڕیفراندۆم،ژ. 6-7 .

## ئەتككردن ....... تیرۆر ....... ئەتككردن بەشێكە لەسیماكانی كۆمەڵگای ئێمە بۆ ژنان!

(ڕوناكبیران ئەو كۆمەڵە كەسەن كە بەبێ ئەوەی ئەركێكی سیاسی لەپشت چالاكیەكانیان لەبواری پیشەكەیانەوە بێت. لە كاروبارێكدا خۆتێ دەگەیەنن و قسە دەكەن كە بەرژەوەندی وچاكەی گشتی و كۆمەڵگای تیا بێت) ئەناتول فرانس

كەم نیین ئەو ڕووناكبیرانەی لەكۆمەڵگای ئێمەدا بەوپەڕی جورئەتەوە هاتوونەتە مەیدان و هەوڵی شی كردنەوەو ڕەخنەگرتن دەدەن لەسەر سەر لەبەری بنیادی كۆمەڵایەتی و سیاسی و كەلتوری ئێمە ئەتككردن و تیرۆر كردنی ژیان و ژێر پێخستنی مافەكانیان و ئازادیان، بەبێ ئەوەی پاڵنەرێكی مادی و سیاسی لەپشت سەریانەوە كاربكات تەنیا ئەوەنەبێت وەك هەڵوێستێكی ئینسانی و بەرگری كردن لەمافی ئەو ئینسانانەی كە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی دەسەڵات زوڵمیان لێ دەكرێ و هەزارو یەك پاساوی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بۆ ئەوزوڵمە نابەرابەرە دە هێننەوە تا بەرژەوەندی و ئەقڵیەت وفەرهەنگی دواكەوتووی پیاوسالاری و بەسەریانەوە بهێڵنەوەو بۆ هەتا هەتایە بەژێردەستەیی و بێ مافی بیان هێڵنەوە.

من لەم نوسینەدا نامەوێت قسە لەتەواوی مێژووی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بكەم ڕۆڵی تەواوی دەسەڵاتەكان لەسەر چەوساندنەوەی ژنان و كۆیلە كردنیان دیاری بكەم بەقەد ئەوەی قسە لەسەر كۆمەڵگای كوردی دەكەم و دەورو نەخشی دەسەڵات و عەقڵیەت و فەرهەنگی پیاوو سالاری لەكۆمەڵگای ئێمەداو بەرهەمهێنانی پاساوی ئەتكردنی ژنان و تیرۆركردنیان بەناوی ئەخلاق و

نـاموس پەرسـتی و دەرچـوون لەبـەها پیرۆزەکـانی خێـڵ و عەشـیرەت و مەزهـەب . یـەکێك لەسـیما هـەرە دواکـەوتووەکانی هـەر کۆمەڵگایـەك قبـوڵ نەکردنی مافی ئینسانی بوونـەو تـەجاوز نـەکردنی نـاموس پەرستی و ئـەخلاق پەرستی یـەو گەڕانـە بـەدوای بـەهێز کردنــی ئەقڵیــەت و فەرهــەنگی کۆنەپەرسـتی واش بــە کۆمــەڵگاو ئینســانەکان ڕابگەیەنێت بەبێ بەرز ڕاگرتنـی نـەریتی کۆمـەڵگا دووچاری کارەسات و لادان دەبێت .

کاتێـك فەرهــەنگێك مــرۆڤ تەجریــد بکـات لەهەموو هەستە ئینسانیەکانی کوێ بکاتـەوە، یـان پەیوەســتی بکــات بــە مەســەلەی ئەخلاقــەوە، ئەخلاقیش کورت بکاتەوە لـە پەیوەندیـە ئینسانی و خۆشەویستیەکانی دوو ئینساندا، ئیدی تـەواوی مافی بوونی ئینسانەکان دەکەوێتـە بـەر هەڕەشـەی لەناو چوون و مانایـەك بـۆ ژیـان و خۆشەویسـتی نامێنێت .

چونکە کۆمەڵگایەك خۆشەویستی دوو ئینسان بــەتاوان و دەرچــوون لــە فەرهــەنگو دەرچــوون لەئەخلاق دابنێ و گەورەترین سنوری حەرام کـراو دابنێ بۆ ئـەوەی ئینسانەکان خۆشەویستی نەکەن و بـەئارەزووی خۆیـان بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی خۆیان نەدەن، ئەوا بـەدڵنیایی یـەوە کۆمەڵگایـەکی کۆیلەو دنیایەك سنوری حەرامکراو بەرهـەم دێت. لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەهۆی بوونی پیرۆزیـەکی زۆر بـۆ ئـایین و بەرجەسـتە بـوونی وەك دەسـتووری کۆمـەڵگا، بەمانایـەکی تـر دامەزرانـدنی دەسـتوور لەســەر ئــایین بۆخــۆی پڕیــەتی لــە ســنوورە حــەرامکراوەکان بــۆ ژنــان، لــەکاتێك دا ئــایین هـەڵگری دنیایـەك چیرۆکی توندوتیـژی و حساب کردنیانە، وەك کۆیەیەکی هەمیشەیی پیاو، کاتێـك ئەمــە دەبێتــە دەســتوورو دواتــر عەقڵیــەت و دەســەڵات داگــیر دەکــات ژنــان دەبــێ لەچــوار چێوەیەکدا ژیـان بگـوزەرێنن، یـاخود چۆن بتـوانن گوزارشت لە هەست و سـۆزەکانیان بکـەن و هـەوڵی جێبەجێکردنی بدەن، کـە ئـایین تـا ئەوپـەڕی دژی هــەموو مــاف و ئازادیــەکانی ژنانــە تــا ئــەو ئەندازەیـەی نابێـت لەگـەڵ پیـاوی دەرەوەی خـۆی بەئازادی قسەش بکات یاخود ڕووخسایان ببینێت، چونکە ئەوە پیاوان ڕادەکێشێت بـۆ کـاری خراپـەو بزوانــدنی ئیحساســی پیــاوان، بۆیــە دەبێــت ژنـان لەچوار دیواری ماڵەکانیان زیندانی بـن لەگـەڵ ئـەو مامەڵــە کردنــەی ئــایین لەگــەڵ ژنانــدا دەســتوور داڕێــژراوە : ئــەو ژنانــەی لەفەرمانــەکانی ئـایین و پیـاوان دەردەچـن بەئـەو پـەڕی نائینسانیانە، وەك سەنگەســار کــردن، واتــە ئــەو ژنــەی پەیوەنــدی هــەبێت لەگــەڵ پیاوێکــدا ئاشــکرابێت ســەرەتا بەدارێکــەوە دەبەســرێتەوەو، پاشــان چــاڵێکی بــۆ هەڵدەکەنن و دەیخەنە ناوی و بەربارانی دەکـەن تـا ئەوکاتەی گیانی دەردەچێت .

هەڵبەتــە ئــەو جــۆرە مامەڵــە کردنــە لەگــەڵ ژنانـدا ئـەتکردنی ئینسـانیەت و مافـەکانی یـەتی و ئێستاش لەبەشێك لەو وڵاتانەی کەئایین حوکمیـان دەکـات بـوونی هەیـەو درێـژەی هەیـە . بـەحوکمی ئـەوەی کـە کۆمـەڵگای ئێمـە دەستوورەکەی لەسـەر ئــایین بینــا کــراوە. ژنــان مــافی پلــەدوویان پــێ بەخشـراوەو بـەو پـەڕی تواناشـەوە لەسـەریان جـێ بـــەجێ دەکـــرێ، جـــا ئـــەو یاســـایە لەڕێگـــەی دەسـەڵاتەوە جـێ بـەجێ بکرێـت یـاخود خێـزان و خێڵ، یاخود عەشیرەت پیادەی بکات کە هـەموویان بنەمایەکی ئایینی هەیەو گوزارشت لـە عەقڵیـەت و دەسەڵاتی پیاوسالاری دەکات .

لە کۆمەڵگای کوردیـدا بەدرێژایی مێـژوو هـەتا زەمەنی ئێسـتا دیـاردەی ئـەتککردنی ژنـان درێـژەی

هەیە، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ئەو دیاردەی یە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو شێوازی جێبەجێ کردنی جۆراو جۆری وەرگرتووە، ئەگەر لەسەرەتاوە ڕاستەوخۆ ئەتککردنی ژنان سەرچاوەی لە فەرهەنگ و کەلتوری ئایینی یەوە وەر گرتووەو هەموو یاساکانی ئایینیان بەسەر ژناندا جێ بەجێ کردووە، وەك بێبەری کردن و لێدان هەتا ئاستی شێواندنی جەستەو سوتاندنی ئەندامەکانی جەستەو دەرکردن، ئەوا دواتر بەهۆی پێشکەوتنەوە گۆڕانکاری لەشێوەی دەسەلاَت و بەڕێوەبردنی ئیدارەی کۆمەڵگا، ئەتککردنی ژنان شێوازێکی تری وەر گرت کە جگە لەلێدان و ئیختصاب و تیرۆریشی گرتەوە، کە ئەمشیان ئیلهامی لە فەرهەنگی ئایینیەوە وەر دەگرێت، چونکە دەسەلاَتی ئایین زۆر بەئاسانی ئەو کارانەی لەدژی ژنان ئەنجام دەدا، بەتایبەتی کاتێك هێرشی داگیرکاری بۆ سەر ناوچەکانی دەرەوەی دەسەرلاَتی ئایین دەستی پێ کرد، ئەو سوپایە هەرشوێنێکی داگیر بکردایە تەواوی شتەکانی بەتالاَن دەبرد، وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت ﴿ کاتێك موسلیم کە یەکێك بوو لەسەرکردە ناودارەکانی ئیسلام هیچ باجێکی لەسەر نەبووە، بۆیە کاتێك چووە ناو شاری مەدینەوەوە لەماوەی سێ ڕۆژدا چەندین کاری خراپی دەکرد﴾ ....

زۆر بەئاسانی پیاوەکانی کۆمەڵگای کوردی بەبێ چەندو چوون کارەکانی مەزهەبیان لەسەر ژنان جێ بەجێ دەکرد زۆر جار بەزاتریشەوە زۆرێکمان چەندان چیرۆك و بەسەرهاتی ئەو ژنەمان بۆ گێڕدراوەتەوە کەبەدەستی ئاغاو کوێخاو دەرەبەگ و خێزانەکانی، لەبەر پەیوەندیەکی خۆشەویستی دووچاری جۆرەها سووکایەتی وئەتککردن و تیرۆر هاتوو، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا ئەو هەموو ئازارەی ژنان ڕایچڵەکاندبێ و ئاوڕێکی لەژنان دابێتەوە، بەڵکو هەمیشە ژنیان وەك تاوانباری سەرەکی سەیر کردوەو پیاوەکانی ئایینیش ئەو فەرهەنگەیان دەمەزەرد کردۆتەوەو هانی پیاوانیان داوە کە ژنەکانیان زنجیر بکەن ئەگەر لە فەرمانیشیان دەرچوون ئەوا بەئارەزووی خۆیان تەمێیان بکەن .

ئەو فەرهەنگ و عەقڵ و کەلتورە زۆر بەقورسی لە عەقڵیەت و پراکتیکی کۆمەڵگای نێر سالاری کوردی دا چەسپا بوو، کەڕەنگە هۆکاری دوا کەوتوویی و نەخوێندەواری فاکتەری سەرەکی بووبێت بۆ ئەوەی پیاوان زۆر بەئاسانی بتوانن بچنە ژێر کاریگەری کەلتووری ئایینی یەوە تا ئێستاش زۆرینەی پیاوەکانی کۆمەڵگای کوردی لەخەیاڵیاندا هەر هەیەو بەو جۆرە کەلتورە بیر لەژنان و مافەکانیان دەکەنەوە .

ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگای پیاو سالاری مەزهەبی کوردی بەو ئاڕاستەیە هەنگاوی ناوە لەناو شارەکانیشد ابەلاَم لە ﴿ 80-70 ﴾ کانی سەدەی بیستەمدا بەهۆی بوونی خوێندنگاو بەرزبوونەوەی ئاستی وشیارو ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای ئێمەدا گۆڕانکاری ڕوی داو ژنانیش توانیان بخوێنن و بە ئارەزوی خۆیان پۆشاك لەبەر بکەن وبەشداری کاری کۆمەلاَیەتی بکەن و تا ئەندازەیەك هونەریش بکەن ڕۆشنبیرانیش کەم تا زۆرێك بوونە هاندەری بزوتنەوەی ژنان بۆ مافەکانیان، ئەو ڕاستیەش بەئاشکرا لەکۆمەڵگای کوردی ناو شارەکاندا دەبینرا، گەر چی لادێکان بەهەمان عەقڵیەت و فەرهەنگدا دەڕۆیشت و ئەو گۆڕانکاریە نەوعییە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر

پیاوانی لادێکان دانەناو بەڵکو دیاردەی ئەتککردنی ژنان هەر درێژەی هەبوو .

بەڵام ئەو قۆناغە بۆ ژنانی شارەکان هەلێکی زۆر زێڕین بوو هەتا ساڵی (1988) درێژەی کێشا و ئیدی هێرشی بێ مافی بۆ سەر ژنان دەستی پێ کردەوە، بەتایبەت کە کارەساتی ئەنفال دەستی پێ کردوو زیاتر لە چوار هەزار گوند تێکدراو خەڵکەکەی ڕاگوێزران بەرەو ئۆردوگای زۆرە ملێ .

کارەساتی توندو تیژ و ئەتککردنی ژنانی لەناو شارەکان . لەدوای ئەنفالەوە دەستی پێکردوو عەقڵێەت و فەرهەنگی پیاو سالاری لەناو شارەکاندا سەری هەڵدایەوە ئەم جارەیان دژی هەموو جوانیەکان بوو لەدوای ئەنفالەوە کۆمەڵێك دیاردە لەناو شارەکان سەری هەڵدا کە ماوەی زیاتر (20 ) ساڵ بوو بوونی نەما بوو، وەك تەقاندنەوەی ئارایشتگاکانی ژنان و بەکارهێنانی دارلاسیکی تەل بۆ قاچ و قۆڵی ژنان و کچانی مۆدەو بەکارهێنانی تێزاب بۆ ئەتککردن وشێواندنی جەستەیان، کە دروست ئەم دیاردەیە لەو عەقڵێەتە پیاو سارییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نابێ ژنان بە ئارەزی خۆیان ژیان و پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانیان دیاری بکەن بە جۆرێ لەبەرکردنی جلوبەرگیشەوە.

لەگەڵ سەر هەڵدانی ئەو دیاردانە پرۆسەی بەلادێ کردنی شارەکانیش دەستی پێ کردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شارەکان بەرەو لادێیەکی گەورە هەنگاوی دەناو ڕەوتی پێشکەوتن و مەدەنیەت بەر مەترسی دەکەتن و رونکبیرانیش بێ دەنگیان لێ دەکردو هۆکارەکانی ئەو دیاردە نامرۆڤانەیان ڕەخنە نەدەگرد .، کە ڕەنگە لایەنێکی بێ دەنگی ڕوناکبیران بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەلآتە فاشست و ڕەگەز پەرستەی دژی هەموو ئازادی و جوانییەك بوو، بەلآم لایەنێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێدەنگییەی کە هاولآتیانی ناو شارەکان جێگاکانی خۆیان بەبێ دەنگی چۆڵ دەکرد بۆئەو ڕەوتە کۆنخوازەو جارێکی تر ووشەی ئەخلاق و ناموس پەرستی بەستراپەوە بەناوگەڵەوە بۆ داپۆشینی جەستەو بەشێوەیەکی تورەکەیی و ئەوەی لەوەدا دەرچوایەو جل و بەرگی شارستانی لەبەرکردایە بەبێ ئەخلاق ناوەزەد دەکرا، لەکاتێك ئەو ڕەوتانە بەبڕوای من بەهیچ جۆرێك لەمانای ڕاستەقینەی ئەخلاق نەگەیشتوون و هەموو کارێکی نەگەتیفیان لەپشتی دامامك و پەردەو ئەنجام دەداو بە شاهامەت و پیاوەتیان دادەنا، بەلآم ئەوپەڕی کاردانەوەی نا ئەخلاقیان دژی ژنان ئەنجام دەدا بەبێ ئەوەی بچووکترین ئیحساسی ئینسانیان هەبێ. هەربۆیە ئەو ڕەوتە زۆر بەزووی کاریگەری قورسی لەسەر ڕەوتی شارستانیەت داناو خۆشی بەخاوەنی ئەسڵی کۆمەڵگا دەزانێ و هەمووپاساوەکانی بۆ ئەو کارە نامرۆڤانەیە لەدژی ژنان بەئایین دەهێنایەوە.

بۆیە سەیر نی یە کۆمەڵگای ئێمە ڕووبەڕووی چەندین کاری ناشیرین ببێت لەدژی ژنان و هەوڵی زیندوو کردنەوەی خێڵ و عەشیرەت و فەرهەنگی دوا کەوتوو بدرێ و جارێکی تر کۆمەڵگا پەیوەست بکەنەوە بەدوا کەوتوویی وبلآوکردنەوەی جۆرەها چیرۆك و ئەفسانەی خورافی کە زۆربەیان لەدژی پێشکەوتن و مافەکانی ژنان بوون.

ڕۆڵی ئەتککردنی ژنان هەتاڕاپەڕینی ئازاری (1991) درێژەی کێشاو کەم نەبوونی ئەو ژنانەی بەهۆی زیندوو بوونەوەی ئەو فەرهەنگەوە دووچاری ئەتککردن و سوکایەتی بوون، ئەو زەمەنەش کەمترین ڕووناکبیر ڕەخنەیان ئاراستەی

ئەو کردەوانە نەکرد، وەك لەپێشتر ئاماژەم بۆ کرد دوو هۆکار هەبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەو شەپۆلی کۆنخوازییە لەدژی ژنان گەیشتە لوتکەو کۆنەپەرستی زۆر زیاتر گەشەی کردو ئەتککردن لاوازترین کاربوو کە لەدژی ژنان بەڕێوە دەچوو، چونکە تیرۆر گەشەی کردو چەند ژن لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی و هەڵبژاردنی هاوسەر شەلاڵی خوێن کران و دەسەڵاتی کوردیش کە دوای ڕاپەڕین دامەزرا گوێی خۆی لێ خەوان و هەڵوێستی یەکی نەکرد، ڕۆشنبیرانیش خۆیان بێدەنگ کردبوو، گەرچی هەل و مەرجی نوێ تەواو جیاواز بوو بواری قسەکردن ڕەخسابوو بۆئەوەی ڕۆشنبیران بتوانن دەووری پۆزەتیڤی خۆیان بگێڕن بەرامبەر بەو کارە نامرۆڤانەیەی کە لە دژی ژنان بەڕێوە دەچێت و لەئاست ئازارو ژانەکانی کۆمەڵگادا بن و زۆر بوێرانە قەڵەمەکانیان بخەنەگەڕو دەسەڵات و مەزهەب بەر ڕەخنەو هەوڵی شکاندنی تەواوی ئەو تەوقانە بدەن کە دژی مافەکانی ژنان و ئازادییانە، چونکە ڕۆشنبیر ئەو تاکەیە کە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای هەیە لەسەر تەواوی دیاردە سلبیەکان و بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا ئیش دەکات.

ڕۆشنبیرێك لەدەرەوەی ئەو ڕاستییە ئیش بکات خیانەت لەو پەیامە دەکات کە لەئەستۆیەتی و دەبێتە کەسێکی پاشکۆ و بەرژەوەندی پەرست، چونکە ناکرێ تاکی ڕۆشنبیر هەست بە چەوساندنەوەو ئازارەکانی ژنان بکات و بەچاوی خۆی ئەتککردن و تیرۆرکردنیان ببینێت، بەڵام هەڵوێست نەگرێ و بێ دەنگەی لێ بکات، یاخود بە پێچەوانەشەوە هەوڵی بچووك کردنەوەی ئەو کارە قێزەونە بدات بۆ بەرژەوەندی ڕەوتی کۆنخوازی و دەسەڵات پاساو بۆ ئەو کردەوانە بهێنێتەوە .

لە کۆمەڵگای ئێمە دا لەوتاکە ڕۆشنبیرانە زۆرن کە بە بەردەوامی لەبەرژەوەندی دەسەڵات و ڕەوتی کۆنخوازی ئیش دەکەن و پەیوەندی و مناسەباتی کۆن پیرۆز دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگا هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە بەربە شارستانیەت و مەدەنیەت بگرێ و بەناوی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە داب و نەریتی کۆنی خۆیەوە جوانەو نابێت ئێمە دەست بۆ ڕەخنەگرتن لەپیرۆزیەکانی بەرین و زۆرجار پاساوی سەیرو سەمەرە بۆ سوکایەتی کردن و ئەتککردنی ژنان دەهێننەوە بەناوی ناموس پەرستی یەوە کە دروست ئەو هەڵوێستانە نەك ڕۆشنبیرانە نییە، بەڵکو دژی پەیامی ڕۆشنبیریشە.

کۆمەڵگای ئێمە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین دا دووچاری گەورەترین قەیرانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵایەتی و مۆراڵی هاتووەو، ئەمەش بەشێوە قورسەی لەسەر ژنان ڕەنگی داوەتەوە و ژنانی ڕووبەڕووی چەندین کارەسات کردۆتەوە، هەر بۆیە وبەشێکی زۆر لەژنان ناتوانن ئەوژیانە نابەرابەر و پڕ ئازارە قبوڵ بکەن پەنا بۆ کاردانەوەی شەخص دەبەن، بەوەی کۆتایی بەژیانی خۆیان دێنن لەڕێگەی سوتاندنی جەستەی خۆیانەوە، کە ئەمەشیان دیاردەیەکە دوای ڕاپەڕین بۆ ناو شارەکانی کۆمەڵگای ئێمە وارد بوو، چونکە ئەو جۆرە خۆسوتاندنەی ژنان ئەگەر هەشبووبێ زۆر کەم بووەو زیاتر لەدەرەوەی شارەکان ڕووی داوە، گەرچی ئێمە ئەوکات لێی بێدەنگ بووین بەناوی هەلومەرجی باوی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی بەعس، بەڵام ئەو بێدەنگیە بووە نەریت و دوای ڕاپەڕینیش هەر بێدەنگ

بـووین لەبەرامبــەر گەشــەکردن و بــەرەو پــێش چــوونی کەۆنەپەرســتی و زیــادبوونی ئازارەکــانی ژنان و پیرۆزکردنی ئەخلاق و نامووس پەرستی و گوێی خۆمان لەهەموو شتەکان دەخـەوان تائـەوەی زیاتر لەهەزار ژن تیرۆر کران و زیاتر لە هـەزاریش خۆیــان ســوتان و چـــەندانیش تـــەککردان و ئەندامێکی لەشیان بڕین، هـەموو ئەمانـەش لـەژێر ناوی شەرەف پارێزی و پیرۆزی فەرهـەنگ و داب و نەریت ئەنجام دەدرا و ئێمەی ڕۆشـنبیران دەستمان گــرت بەکلاوەکەمانـــەوە بــۆ ئــەوەی دەســـەلات و مەزهــەب لێمــان نـــەڕەنجێ، گەرچـی کۆمـــەلێك ڕۆشـنبیر پەیامەکـەی خۆیـان جـێ بـەجێ کـردو لەئاست ئەو ئازارو ئەتککردنەی ژنان دا هەلوێسـتی ئازایانـــەی خۆیــان گـــرت و ســـەر لەبـــەری ئـــەو ســـتراکتۆرانەیان دایـــە بـــەر ڕەخنـــەو بـــەر گریـــان لـەژنان کـردو بوونـە خـەمخۆری مـاف و ئازادیـان، گەرچی لەو مەیدانـەدا ئـەو ڕۆشـنبیرانە دووچاری جۆرەها کێشـەی سیاسـی و دادگـاو پـۆلیس بـوون لەسەر نووسینەکانیان، سـەرباری ئـەوەی لەلایـەنی ڕەوتــی کۆنخــوازی و مەزهەبییـــەوە کەوتنـــە بـــەر هێرشـی نـاڕەواو سـوکایەتی پێکـردن هـەتا ئاسـتی هەڕەشەی تیرۆر و بوختانی ئەخلاقی.

بـــەلام ڕوتـــی بـــەرگری كـــردن لـــەژنان و مافەکانیان بووە هاندەر بۆ چەند ڕۆشنبیرێکی تـر کـــە بێنـــە مەیـــدان و چـــیتر بێـــدەنگ نـــەبن لەبەرامبەر ئەو هـەموو سوکایەتی و ئەتککردنـەی بـــەژنان دەرکـــێ، لەگـــەل ئـــەوەی زۆر بلاوکـــراوەو گۆڤاریش لەلایەن مەزهـەب و دەسـەلاتەوە کەوتـەر بەر هێرش و داخستن.

کۆمـــەلگای ئێمـــە مـــاوەی دە ســـالە بـــەو هـــەموو کێشە نابەرابـەرەوە لـەدژی مافـەکانی ژنـان بـەرەو پـــێش دەچـــێت و پێشـــکەوتنی جیهـــان لـــەڕووی تەکنەلۆژییـــەوە و بلاوبوونـــەوەی ئـــەو ئـــامێرە تەکنۆلۆژیایانەی کە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە مـرۆڤ زۆر بەئاسـانی و لەماوەیـەکی زۆر کـەم دا بتوانێـت هەوالی دورترین شوێنی دنیا لـەرێی سـەتەلایتەوە بەدەســـت بهـــێنێ و هـــەر لـــەڕێگای ئـــەو ئـــامێرە نوێیانـــەوە دەتوانێـــت بەفەرهـــەنگ و کـــەلتوری ولاتــانی دنیـا ئاشـنا بێـت، بـەلام ئـەو پێشـکەوتنە کاریگـەری لەسـەر عەقلێـەت و دەسـەلاتی کـوردی دانـــەناوەو دەســـتی گرتـــووە بـــەداب و نـــەریت و فەرهەنگی کۆنەوە و ڕێگا لەکرانـەوە و پێشکەوتن دەگرێ و ئێستاش تا ئەوپەڕی لایـەنگری مەزهـەب و عەقلێەتی لادێ نشینی یـەو بـەو عەقلە مامەلـە لەگەل ژنان و ئازارەکانیان دەکات.

پێویســـتە ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوەش بکـــەین کـــە دەســـەلاتی کـــوردی ئێســـتا ئیـــدعای مەدەنیـــەت و دیموکراسی مافی مرۆڤ دەکات و لـەکاتی قسـەکردن دا خۆی بەلایەنگری مافەکانی ژنـان دەزانـێ، بـەلام ئەمـە دوورە لەواقیعـەوە هـەرگیز دەست بـەرداری پیاو سالاری نابێت، کاتێك فشار دروست کرابـێ بـۆ گـــۆڕینی بەنـــدێکی یاســـا هەســـتاوە بـــەگۆڕاناکاری شکلی کە لەناوەڕۆکدا هـەمان پێناسـەی هـەبێت و ئـەو کارەشـی تـەنیا لەبـەر ئـەوە کـردووە کـە ئـەو ناڕەزاییە خـامۆش بکرێتـەوە، ئەگـەر نـا دەسـەلاتی کـوردی هـەر بەعەقلێـەت و هێـزی پیـاو سـالاری ئـــیش دەکـــات و بـــەردەوامیش فەرهـــەنگی لادێ بەسـەر شـارەکاندا زال دەکـات تـا ئـەو ئەندازەیـەی ئێســتا شــارەکان لــەڕووی فەرهـــەنگو ئەقلێەتـــەوە لادێیـەکی گـەورەن و تـەنها لـەڕووی خـانوو بـەرەو هەندێك خەدەماتی بچووکەوە نەبێت.

لەڕوانگەی ئـەو کارانـەی دەسـەلاتەوە دەگەینـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە دەبێـت ڕۆشـنبیران بەپلـەی یەکـــەم جـــارێکی تـــر هـــەولی بەشارســـتانی ی

کردنــەوەی کۆمــەڵگا بــدەن و ڕێگـا بـۆ ڕەوتێکـی نوێخواز و مەدەنی خۆش بکەن لەڕێگەی ڕەخنەو نوسینەکانیانەوە هەوڵی شی کردنەوەی تەواوی بێکهاتەکانی کۆمەڵگا بدەن و ئەو لایەنانەی کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتندا ڕەخنە بکەن و دەسەلات بخەنە ژێر فشارەوە بۆ قوبوڵ کردنی ژیانی مەدەنی و دیموکراسی، لەوەش واوەتر ڕۆشنبیران دەتوانن لەڕێگەی نووسینەوە ببنە پالپشتی تەواوی بزوتنەوە کۆمەلایەتی و پێشکەوتوو خوازەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان .

هەڵبەتە هەر بەو شێوە دەتوانرێت بزوتنەوەی ژنان پێش بخرێ و کۆتایی بەئەتککردن و تیرۆر بهێنرێت،چونکە ئەو کارانە سەرچاوە لەعەقلێیەت و فەرهەنگی پیاو سالاری و مەزهەبی یەوە دەگرێ، ئەگەر کار بۆ گۆڕینی ئەو عەقڵ و فەرهەنگە بکرێت کە شەرەف و نامووس دەبەستێتەوە تەنها بەژنانەوە ئەویش چڕ دەکاتەوە لەکارێکی سێکسیدا، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەتککردن و تیرۆری ژنان کۆتایی دێت .

چونکە زۆر بێمانایە ئێمە مامەڵە لەگەڵ کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و سەتەلایت بکەین. وە لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی ژنان ئەتك بکەین، یاخود تیرۆریان بکەین، بۆیە بەبڕوای من کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیرانی پێشکەوتن خوازان هەوڵی کارکردن بدەن بۆ گۆڕینی عەقلێیەت و فەرهەنگی گۆنخوازی لەڕێگەی دروست کردنی فشاری جدی یەوە لەسەر دەسەلات و هێنانە ئاراوەی دیالۆگێکی پڕ پرسیارو ڕەخنە ئامێز لەسەر تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو گۆڕینی تەواوی ئەو دەستوورەی کە بۆتە سەرچاوەی سەرەکی چەوساندنەوەی ژنان و کۆمەڵگاش ..

<u>سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە:</u>

1- ڕۆڵی ڕووناکبیر، ن/ئیدواردسەعید – و/کوردی ئەبوبەکر ۆشناو
2- ڕوانین ورەفتاری ئیسلام لەبەرامبەر مەسەلەی ژنان – ن/ئارام ڕەشید
3- ئیسلام وناسیونالیزم،مەسەلەی ژنان – ن/سامان نوری
4- سەرهەڵدانی ئیسلام وپێشێل کردنی ئازادی – ن/ سامان نوری

## لەشفرۆشیی و دیاردەیەکی ترسناک ...!!!

لەدوای ڕاپەرینی ئازاری (1991)بەدواوەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگا ئیداریی وسیاسیەکانی بەعس لەکوردستان و جێگیربونی دەسەلات و ئیدارەی کوردی،چاوەڕوانی ئەوەدەکرا، کەسەرلەبەردی دەستوورو یاساکانی بەعس هەڵوەشێتەوە و کۆتایی بەعەقلییەتی بەعسیزم بهێنرێ و دەستوور ویاسایەکی مۆدێرن و شایستە بەئینسان جێگەی بگرێتەوە، بەلام ئەمەیان خەون و یۆتۆپیابوو کە لەعەقلییەتی بەشێك لە ئینسانەکانی کۆمەڵگادا بوونی هەبوو.

دیارە ئەوە خەونێك بوو کە ساڵەها بوو لەناخی ئنسانەکاندا کینگلی دەداو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد، بەلام بەڕووخانی بەعسیش ئەوە هەر بەخەون مایەوەو زۆرێك لە داب و نەریت و عەقلییەتی خێل زیندو بووەوە کە ئینسانەکانی دووچاری شڵەژان کرد، بەتایبەتی ژنان، چونکە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر جۆرێك لەمەدەنی بوون ڕاهاتبوو، بەلام دوای ڕاپەڕین

هەڕەشەی گەڕانەوەی حیجابیان لێدەکراو تێزابیان پیا دەڕشتن و هووهایان لێ دەکێشان، نالێم ئەو دیاردانە نە بوون، بەلاَم زۆر کەم بوون و دوای ڕاپەڕین فراوان بوون گروپی ئیسلامی سەریان دەرهێناو دیاردەی لەش فرۆشی فراوان بوو.

دیارە لەم گۆشەیەدا بەتایبەتی تیشك دەخەینە سەر دیاردەی لەش فرۆشی، هەڵبەتە لەش فرۆشی دیاردەیەك نی یە تەنها تایبەت بێت بە عێراق و کوردستانەوە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانی یەو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ و ڕێژەی کەم و زیادیشی هەر جیاوازە . دیاردەی لەش فرۆشی لەکۆمەڵگای کوردستاندا زۆر کەم و دانسقەبوو پێش ڕاپەڕین، بەلاَم دوای ڕووخانی بەعس و بوونی گەمارۆی ئابووری و خراپی باری گوزەران ئەو دیاردەیە فراوان بوو، کە دیارە دوو هۆکار لەپشت سەری یەوە کاری دەکرد، یان دوو فاکتەری یارمەتی دەر بوون بۆ فراوان بوونی ئەو دیاردەیە، یەکەمیان خراپی باری ئابوری، دووەمیان دەسەلاَتی سیاسی و فورسەتی ژیان و دامەزراندن.

ڕەنگە زۆرینەمان ئەوەمان بیستبێت کە دامەزراندن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە بێ بوونی واستە، بەمانایەکی تر ناسینی کەسێکی دەسەلاَتدار زۆر قورس و گران بووەو زۆریشمان ئەوەمان بیستووەو بەر گوێمان کەوتووە کە بەشێك لە دەست ڕۆیشتوو دەسەلاَت دارەکان بەبێ مقابیل کاریان بۆ ژنان نەکردووە، کە دیارە ئەمەیان ڕێگە خۆش کەر بووە بۆ ئەوەی ژنان لەپێناوی دامەزراندن و پەیدا کردنی نانەدا مل بە ئیختصابی خۆیان بدەن .

سەرباری ئەوەی دیاردەی لەش فرۆشی لەکۆمەڵگای ئێمەدا زیادی کردوەو هیچ ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئینسانیە نەدۆزراوەتەوە هیچ کەسێك خۆی بەبەرپرسی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نازانێت کە سەدان ژن بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەوەش واوەتر دوای ڕووخاندنی بەعس ئێستا ژنانی هەژاری ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقیش دێن جەستەی خۆیان لێرە دەفرۆشن و بوونەتە هەرزانترین کالاَو سوکایەتییان پێ دەکرێ، بۆ یە بە بڕوای من دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز بیرێکی جددی لەو دیاردەیە بکەنەوەو هەوڵی ڕێگە گرتنی بدەن، چونکە کەم نین ئەو ژنانەی بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێ و سوکایەتیان پێ دەکرێ، بۆیە دەبێت فریای کۆمەڵگاکەمان بکەوین و هەنگاوی عەمەلی هەڵبگرین و، چونکە ئێستا هەل و مەرجی سیاسی لەبارەو قسە لەسەر دەستوور دەکرێت بۆ ئایندەی عێراق، جا ئەگەر ئێمە بتوانین فشار دروست بکەین بۆ ئەوەی لەدەستووری داهاتووی عێراقدا مافی هاوڵاتی بوون بچەسپێنین، ئەوا بە دڵنیایی یەوە دەتوانین هەنگاوی گەورە بنێین بۆ چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ئەو ژنانەی کە لەژێر ئەو هەموو ئازارە دەروونی و جەستەییەدا دەناڵێنن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت سنوری ئەو خەباتە فراوان بکرێ و سەرتاسەری عێراق بگرێتەوە، چونکە ئێستا هەل و مەرجی ژنانی عێراق بەگشتی زۆر خراپەو ئەمەش کاردانەوەی هەیە لەسەر ژنانی کوردستان و دیاردەی لەش فرۆشی و لەژێر ئەو هەل و مەرجەدا کاریگەری سلبی پەیدا کردووە و ئەو شەپۆلەی ژنانی ناوەڕاست و باشووریش کە هاتوونەتە کوردستان پێویستی بە وەلاَم هەیە ئەوان لەترسی فڕاندن و مەرگ خۆیان لەکوردستان حەشارداوەو بە پێی ئامارێکی نارەسمی لەدوای ڕووخاندنی بەعسەوە هەتاکو ئێستا زیاتر لە (400) ژن و کچ ڕفێنراو ئیختیصاب کراون و فڕێ دراونەتە بازاڕی لەش فرۆشی یەوە، بۆیە دەکرێ ئێستا خەمێکی جددیی لەو کێشەیە بخۆین و قسە بکەین تا ئازارو نەهامەتیەکان زیاتر نەبێت.

فرۆید، سێکسی ژن لەکۆمەڵگا داخراوەکان دەشو بهێنێ بەهەموو ئەوشتانەی لەدەوری خۆی شت قوت دەدات، واتە ژن ئەو بونەوەرەیە کەهەمیشە ئامادەیە بۆ کاری سێکسی .

ئەگەر لە ڕوانگەی فرۆیدەوە بۆ کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت بڕوانین، دەبینین تاکو ئەندازەیەك پیاوی کۆمەڵگای ئێمە تەنها لە پەنجەری سێکسەوە لە ژنان دەڕوانن، ژنان تەنها وەك دراوێکی سێکسی سەیری دەکەن و هەموو تواناکانیان دەخەنە گەڕ لە ڕووی ئابووریی و ئیدارییی و دەسەڵاتییەوە، بۆ ئەوەی ئەو دراوە سێکسییە کۆنترۆڵ بکەن، جا ڕێگەکان شەرعیی بن، یاخود ناشەرعی.

لەم گۆشەیەدا هەوڵدەین پەردە لەڕووی ئەو پەیوەندییە ناجۆرە هەڵماڵین کە بەشێکی زۆر لەپیاوانی کۆمەڵگای ئێمە لەودیو دەمامك و پەردەی جۆراوجۆرەوە دژ بەژنان بەڕێوەی دەبەن.

دیارە لەکۆمەڵگایەکی داخراوی خۆرهەڵاتی، تاکو ئەندازەیەکی زۆر قورس پەیوەست بەبنەماکانی ئایین و کلتوری خێڵەکییەوە، ڕەنگە سانا نەبێت قسە لەسەر ئەو گرفتە گەورەیە بکەین کەبە ناوی سێکسەوە دەرگری بووین و بەو پەڕی ناشیرینی و ناسروشتی سەیر دەکرێ و هەمیشە بەشێك لەپیاوانی کۆمەڵگای ئێمە کە لەمەکانی باشتردا هەوڵی کردەی سێکسی دەدەن لەڕێگەی نامەشروع و دوور لەبنەماو بەها ئینسانی و ئیحساسییەکەی، بە جیا لەوەی پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە یەك خاڵی زۆر گرنگ لە لاشعوریاندا جێگیر بووە، کە ڕەوتی مێژوو لەکۆنەوە لە گەڵ خۆیدا هێناویەتی و قۆناغ لەدوای قۆناغ بەردەوامیی بەڕەوتی بێ بڕانەوەی خۆی داوە، کە ژن سەرچاوەی شکاندنی شەرەفی خێزان و زۆرجار هەستی نەتەوەیشە، بۆیە چەندین پاساوو سنووری دەستکردیان بەدەوری ژنانەوە کێشاوە، لە کاتێکدا پیاوان هیچ کات هیچ بەربەست و سنوورێکی لەو جۆرەیان بۆ خۆیان دا نەناوەو شەرەفیش پەیوەندی بە پیاوانەوە نی یە.

ئەگەر ژنێك لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری، یان بەمانایەکی تر بەر لەژیانی هاوسەری لەگەڵ کەسێکدا پەیوەندی سێکسی هەبێت، ئەوا سەرەنجامەکەی کوشتنە، بەڵام ئەمەیان بۆ پیاوەکە زۆر ئاساییەو لەدوای ژیانی هاوسەریش دەست بۆ ئەو کارە دەبات نەك لەگەڵ یەك کەسدا بەڵکو چەندین و هیچ کات وا حساب ناکرێ شەرەفی خێزانی شکاندووەو، زۆر جاریش لای پیاوانی خاوەن مەکانەی ئابووری و سیاسی و ئیداریی و دە سەڵات، بەوپەڕی شانازی دەزانن کە توانیویانە لەیەك کاتدا چەندین پەیوەندی ناجۆریان دروست کردووەو کاریش بۆ فر یودانی چەندانی تر دەکەن.

ئێمە لەم کۆمەڵگایەدا شایەتی چەندین کاری ناجۆرین لەلایەن ئەوجۆرە پیاوان کە هە ر خۆشیان چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوەو بە شانازییەوە باسی دەکەن کە چۆن لەبەرامبەر فلاّن کاردا توانی (کچ _ ژن ) ڕازی بکات بۆ ئەوەی ئارە زووەکانی خۆی دا بمرکێنێتەوە، بە هەر حاڵ کۆمەڵگای ئێمە لێوان لێوە لەباسی ئەو کردارانەو هەڵخلیسکاندنی ژنان و کچان لەپێناو بژێوی ژیاندا جەستەی خۆیان فرۆشتە کڕیارەکان، وەك پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە بۆیان داڕێژراوە شەرەفی خێزانیان شکاندووە.

دیارە تاکو ئێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا شەرەف پارێزی گرنگترین و پیرۆزترین بەهایە، لە کاتێکدا دەبوایە زۆر جدییانە هەوڵی ئەوە بدرایە کە مەسەلەی شەرەف هیچ پەیوەندی نی یە بە کردەیەکی سێکسی یەوەو ئەوە پەیوەندیەکی زۆر ئاسایی و تایبەتی خودی ئینسانەکانەو تاکو ئەو جێگەیەی بەو شێوەیە بیر دەکەینەوە،کە تەنها ژن بەرپرسیاری شەرەفە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەوپەڕی دواکەوتووی هەژاری بیرکردنەوەدا دەژین و ناتوانن لەدەست گرێ چەسپاندن و ئازاد نەبوونی بیرو جەستە ڕزگارمان بێت و کردەی فریودانیش وەك ئێستا درێژەی دەبێت بۆ یە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە گۆڕانکاری گرنگ بەر جەستە بکەین لە عەقڵیەت و بیرکرنەوەماندا بەرامبەر بە

فەرهەنگ و کلتوری کۆن و سنووره حەرامکراوەکان بۆ ژنان بشکێنین، چونکە ئەگەر هەمو شتێك بۆ پیاوان بەڕەوا بزانین و بۆ بەرامبەریش بە حەرامکراو، هەرگیز گرفتەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەرەو چارەسەر کردن ناڕوات و ناشتوانین ژنان جیا لە تۆپەڵێك جنس بەولاوە ببینین، کە ئەمەیان گەورەترین نەخۆشی کۆمەڵایەتی یەو ڕێگەکانی کرانەوەو پێش کەوتن لەبەردەمماندا دا دەخات.

هەڵبەتە بۆ ئەوەی بتوانین کار لەسەر گۆڕانکاری بکەین و ما فی ئینسانی بوون بۆ ژنان بەڕەوا ببینین، دەبێت زۆر جدییانە ڕووبەڕووی هەموو ئەو فەرهەنگە بووەستین کە ڕێگە لەئازادییەکانی ژنان دەگرێ و کۆیلەیان دەکات بەڵام بەدیوێکی ترداو لەڕێگایەکی ترەوە ژنان فریو دەدرێت بۆ ئارەزووەکان، ئەمەش بەڕێگەی جۆراوجۆری ئیداری و دەسەڵاتی (مەبەستم تەواوی دەسەڵات و ئیدارە نی یە )،بەڵکو ئەوەی کە تاکو ئێستا کاریان لەسەر خلیسکاندن و ئیستیغلال کردنی ژنان کردووە، بۆیە دەبێت ڕەخنەی تووند ئاڕاستە بکرێ و مافی ئاسایی و ئازادی بۆژنان دابین بکرێ و هەر خۆشیان بڕیار لەسەر جۆری پەیوەندیەکانیان بدەن و هیچ باجێکی شەرەفی لەسەر نەبێت.

## سۆزانیەت و دەرهاویشتەو چارەسەر ....؟

قسە کردن لەسەر سۆزانیەت، لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا ڕەنگە دووچاری گرفتمان بکات و نەتوانین ئەوەی دەمانەوێت بەتەواوی قسەی لەسەر بکەین، بەڵام ناشکری دیاردەیەك بوونی هەیەو کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگاو تاکەکانی هەیە قسەی لەسەر نەکرێ و تێبینی و سەرەنجی لەسەر دەر نەبڕێ چوونکە کۆمەڵگای کووردی لێوان لێوە لەکارەساتی جۆراوجۆر ڕۆژانەلاوەکان دووچاری لادان و گۆڤت دەکات .

دیاردەی لەش فرۆشی مێژووی زۆر کۆنی هەیە و تایبەت نی یە بەکۆمەڵگایەکی دیاری کراوە، لەکوێ کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووەو تائێستاش بەردەوامی هەیەو بە چەندین شێوە بەڕێوە دەچێت و جۆرەها بازرگانی بۆ پەیدا بووەو کاریان زیادکردنی ڕێژەی سۆزانیەکانە بۆ بازاڕ گەرم کردنی خۆیان فریوی ژنان و کچان دەدەن و لەومەیدانەدا بەکاریان دەهێنن.

لەشفرۆشی لەکۆمەڵگای کوردی دا دیاردەیەکی بەرفراوان نەبووەو ڕێژەیەکی زۆر کەم ئەوکارەیان کردوەو لەپەنجەکانی دەست تێ پەڕی نەکردووە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین دیاردەی لەشفرۆشی ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لەزیاد بوون دەکات وئامارەکانی ئەو ژن و کچانەی ئەوکارەیان هەڵبژاردوە ڕوو لەزیاد بوون دەکات،ماڵێك لەگەڕەکێکدا بەوەناسرایە، گەڕەك مەزبەتەیان لێ دەکردوو دەریان دەکرد سەرباری ئەوەی بەسوکیش سەیریان دەکرد، بەڵام وردە وردە ئەو شەقڵە شکا .

ئیتر خەڵکی بەم شێوەیە هەقیان نەبوو بەسەر ئەوەی دراوسێکەیان چی کارێك دەکات. ئەمە سەرەتای دەستپێکی تازە بوو بۆ زیاد بوونی دیاردەی لەش فرۆشی و بوونی هەژاری و گەمارۆی ئابوری و گەندەڵی بەرپرسەکان تەماع کردنە سەر ئەو ژن و کچانەی کەلەلایان کاریان دەکردو فریودانیان لەڕێگەی پارەو دامەزراندن و ...... هتد کەم نین ئەو ژن و کچانەی لەپێناوی بەدەستهێنانی ژیانی ڕۆژانەیان بەهۆی بالاْ دەستێکەوە دووچاری فرۆیشتنی جەستەی خۆیان هاتن و دوایش کرانە قوربانی .

کۆمەڵگایەك لێوان لێو بێت لە ناشیرینی گەندەڵی زۆریش سانایە بە ئاراستەی هەموو

ناشیرینەکان لەشفرۆشیش زیاد بکات و بازاڕی گەرم بێت و زۆر جاریش بێتە چاولێکەری ..

من لەم نوسینەدا نامەوێت ڕەخنە لەو ژن و کچانە بگرم کە دووچاری ئەو حاڵەتە بوون . بەقەدەر ئەوەی قسە لە دیاردەیەك دەکەم کە سەرەتایەو بەچەندین شێوە پیادە دەکرێت کۆمەڵگاش گوێی خۆی لێ خەواندووە نایەوێت خۆ بەپرس بزانێت بەرامبەر بەهەڵخلیسکاندنی بەشێك لەڕەگەزی مێینەو بەشێکی تریش بەرێوەیە کاروانەکە ڕو لە هەڵکشانەو بەبێ دەنگی ڕێ دەکات ئاساوارە خراپەکانی لە داهاتوودا لەسەر جەستەی کۆمەڵگا دەردەکەوێت نەخۆشی یەکان سەر دەر دەهێنن، کەترسناکترینیان ئایدزە .

تا ئەو جێگایەی ئەوتاکانە ئازادن کە بەئارەزی خۆیان ئەو کارەیان هەڵبژاردووە نابێت ڕێگەیان لێ بگیرێت، چونکە ئەوە پێویستە بەژیانی خۆیانەوە و مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیانە، بەڵام دەبێت دەوڵەت دابینی هەموو پێداویستی یەکی تەندروستیان بۆ بکات ڕێگا لەئەگەری هەر نەخۆشی یەك بگرێت، ئەگەرنا دەتوانرێت لەڕێگەی دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە بیانگێڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی، ئەو دیاردەیە لەهەموو دنیایشدا هەر بەو شێوەیە کاری لەسەر دەکرێ و ڕێگە چارەی بۆ دادەنرێ، بۆیە دەکرێ لەو سۆنگەیەوە بیرێك لەدیاردەی لەش فرۆشی و ئاکامەکانی بکەینەوەو خۆمانی لێ گێل نەکەین بڵێین لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو دیاردەیە بوونی نی یە .

دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین و هەوڵی چارەسەری بدەین . چونکە ناکرێت لەوە زیاتر بێ دەنگ بین و ڕۆژانەش جگە لەو ژمارەیەی لەکۆمەڵگای خۆماندا بوونی هەیە لەشارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیشەوە سۆرانیەکان ڕوودەکەنە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و هیچ سانسۆرێك لەبەردەومیاندا بوونی نی یە، کە ئەوە کێشەکەی فراوانتر کردوەتەوەو گەنجانیش زیاتر دووچاری لادان دەبن و دواتریش چارەسەری قورس تر دەبێت ناتوانیین بە ئاسانی لێی دەرباز بین، ئێستا کاتی ئەوەیە بەجدی کاری لەسەر بکەین بەشوێن چارەسەر دا بگەڕێین، کەوەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بۆ ئەو حاڵەتە تەنها دوو چارەسەر هەیە:

1- هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی دووچاری لەشفرۆشی هاتوون، لەڕێگەی کردنەوە شوێنی تایبەتی کۆمەڵایەتی ڕاهێنانەوەیان لەسەر ژیانی ئاسایی، وەك ئەوەی ڕێکخراوەکانی (ژینۆتیدیل ) لە سۆڤیەتی جاران کردیان و هەزارانیان لەلەش فرۆشی ڕزگار کرد، کە بە بڕوای من ئەوە باشترین ڕێگا چارەیە کۆمەڵگاش لەداڕووخان و لادانی لاوان ڕزگار دەکات.

2- ئەگەر ئەوە جێ بەجێ ناکرێ و دەوڵەت ئەو مەسولیەتە لەخۆ ناگرێ با پێداویستیەکانی تەندروستییان بۆ دابین بکات تارێگا لەبلاو بوونەوەی ئەگەری هەر جۆرە نەخۆشی یەك بگرێت.

بەبڕوای من چارەسەری ئەو دیاردەیە هەر دەبێت بکرێت و دەوڵەت و دەسەڵاتیش نابێت خۆی لەو بەرپرسیارێتیە بە دوور بگرێت و بە دیوێکی تریشدا کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنانە کە مەترسی ئەو دیاردەیە ڕوون بکەنەوەو فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن بۆ بەرگرتن و بلاو بوونەوەو چارەسەرکردنی لەپێناو هەڵنەخلیسکاندنی زیاتری لاوان ...

## خۆشەویستی هونەرە یان
## گەمەیەکی بەسەر چوو ....!

(خۆشەویستی وەهمێکی جوانە دەتوانین تێبگەین، نە دەتوانین دەست بەرداری بین )

ئەگەر چاوێك بە لاپەڕە نووسراوەکانی کۆمەڵگای بەشەری دابنێین هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ بە ملیۆنان نوسین دەبینین لەبارەی کرداری خۆشەویستی یەوە،وەك (چیرۆك ، ڕۆمان، شیعر، ئەستورە .... هتد ) کە هەریەکەیان بەشێوازێکی جیا تێڕوانینی خۆیان لەسەر چەمکی خۆشەویستی یان چەندمانای هەیە بیناکردوە،، یاخود تێڕوانینەکان بۆ ئەو چەمکە لە دوا جاردا یەك مانا دەبەخشێت، یاخود زیاتر ... ؟

بۆ وەڵام ئەو پرسیارە دەبێت کەمێك زاکیرەی خۆمانت بخەینە گەڕو بەقوڵی بیرلەمانای چەمکی خۆشەویستی بکەینەوە چونکە بە بڕوای من خۆشەویستی چەندین مانای جیاواز لەخۆی دەگرێ و هەر مانایەکیش لە لای هەلگری تایبەتمەندی خۆی هەیە... بۆ نموونە (نیشتیمان، گەل، سامان، بەرژەوەندی تایبەتی ... هتد ) کە هەریەك لەو مانایانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت لە دیدێکی جیاوە سەیری ئەو مەسەلەیە دەکات .

ڕەنگە خۆشەویستی لەکەسێك لەدەوری نیشتیمانەکەی دەژی زۆر جیاواز بێت لە کەسێك کە لەناو نیشتیمانەکەی دەژی و ڕۆژانە دووچاری بەریەك کەوتن و ئازار دەبێت بەدەست زاڵیەتی دەسەڵاتی نیشتمانەکەیەوە .

بە هەر حاڵ من نامەوێت قسە لەسەر تەواوی دیدو بۆچوونەکان بکەم بۆ چەمکی خۆشەویستی و ڕوانگەی خۆم لەسەر هەریەکەیان بەیان بکەمو دواتریش لە چوارچێوەی نوسینێکی ئاوهادا جێگای نابێتەوە.. بەڵکو دەمەوێت قسە لەسەر چەمکی خۆشەویستی بکەم لە کۆمەڵگای کوردی دا و تێڕوانینی گەورەکانی ئەم کۆمەڵگایە بۆئەو پەیوەندییەوچ جۆرە تێگەیشتنێکی لەنێوان (نێرو مێ ) دا هەیە.

پیاوانی کۆمەڵگای کوردی هەر لەسەرەتاوە ناتەبایی و جیاوازی یەکی زۆریان لە گەڵ خۆشەویستی دا هەبووە ئەمەش لەسەر پەروەردەو کەسێتیان ڕەنگی داوەتەوە بەتایبەتی لەناو خێزان دا، چونکە خێزان یەکەمین پێگەی پەروەردە کردنی مرۆڤە بەهەموو ئاکارەکانیەوە، بەدوای ئەوەدا قوتابخانەو کۆمەڵگاو دەستوور دێت.. لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەگەزی مێیان وا فێر کردووە کە خۆشەویستی کارێکی قەدەغەکراوە نابێت پەنای بۆ بەرن، ئەمەش سەرچاوەی لەوەوە وەرگرتووە کە شەرەفی خێزان و پاراستنی پەیوەندی تەنها بەڕەگەزی مێ یەوە هەیەو کاتێك ئەو لەو سنوورە بۆ کێشراوەی خێزان دەردەچێت، ئەوا بەدڵنیایەوە سنوری پیرۆزی ئایین و کۆمەڵگاشی بەزاندووە.

بۆیە ئەو مێ یانە پەنا بۆ دروستکردنی خۆشەویستی دەبەن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا کەئاشکرابوو ڕاستەو خۆ دەکوژرێن ( هەندێك حاڵەتی شازی لێ دەرچێت )، چونکە خێزان پێیان وایە کە شەرەفیان شکێنراوە دەبێت بیکرێنەوە.

بەستنەوەی شەرەف بەخۆشەویستی یەوە دووچاری گەورەترین وەهمی نەزانی و دواکەوتوویی کردوین و ڕێگاکانی گەیشتن بەناسینی کەنارەکانی خۆشەویستی لێ گرتووین ...

زۆربەی ئەو پەیوەندیانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەناوی خۆشەویستی یەوە دروست دەکرێ بنەمایەکی ڕاستەقینەو وەفای لەگەڵ دا نی یە، بەڵکو بۆ کات بەسەر بردن و فریودانە، چونکە کاتێك ئێمە لەمانای خۆشەویستی تێنەگەیشتوین چۆن دەتوانین لەمەیدانی واقیعی دا پراکتیك بکەین، یان وەکو پەیوەندی سادەی ئینسانی وەری گرین و بە بێ ئەوەی زاکیرەمان بۆ بەرژەوەندی (مادی، سێکس ... هتد ) بخەینە گەڕ.

هەڵبەت مەبەستم هەموو پەیوەندی یە خۆشەویستی یەکان نی یە، بەڵکو حاڵەتی

خۆشەویستی بوون هەیە، کە دوورە لەبنەماکانی بەرژەوەندی و تێکەڵ کردنی هەستە ئینسانی و عاتیفیەکانە.

بەهەر حاڵ لەکۆمەڵگای ئێمە لەبارەی گەیشتن بە ئازادی خۆشەویستی خستنە سەر پشتی دەروازەکان بۆ گەیشتن کڵۆم دراوەو کەمترین بوار لەپەراوێزداو بە هەوڵی زۆر جدی دروست کراوە، کەئەمەش نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر گۆڕینی عەقڵیەتی ئێمە دابنێ .

بەبڕوای من تا ئەوکاتەی پیاوی کۆمەڵگای ئێمە باوەڕ بەئازادی ڕەگەزی بەرامبەر دەهێنێ و یەکسانی نەکات لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافەوە بە دڵنیاییەوە ناتوانین ئەو پەروەردە خراپەی لەباری خۆشەویستی یەوە هەمانە بیگۆڕین، چونکە ئازاد بوون بەبێ ئینسان بوون هەموماناکانی خۆی لەدەست دەداو، هەموو هەستە ئینسانیەکانیش دووچاری لەدەست دان دەبێت، لەگەڵ ئەوەی گەورەو دەسەڵات دارەکانی کۆمەڵگای ئێمە زۆرینەیان دژی ئازادی ڕەگەزی بەرامبەرن و بەپێ مەکانی دەسەڵاتیان دەژی ئازادیەکانی ڕەگەزی مێ دەوستنەوە ئەم حاڵەتە بەشێك لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانیش دەگرێتەوە کە چۆن پاڵپشتی دەکەن ؟!.

## خۆشەویستی لەنێوان مۆدێل و ڕاستگۆیی و ئازادی بەرامبەردا ......!

کەسێك شارەزایی هونەرو ئیحساسە هونەریەکان نەبێت ناتوانێت لەمانای خۆشەویستی تێبگات و ممارەسەی بکات . بەمانایەکی تر خۆشەویستی هەستێکی ئینسانی گەورەیەو دەرگا بەهەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێت بە بێ جیاوازی ڕەگەزی . لەوکاتەوەی مرۆڤ بەووجود هاتووە خۆشەویستیش بەووجود هاتووە، هەر بۆیە تەواوی ئایدیاو فکرەکان بێ بەش نەبوون لەقسەکردن لەسەر چەمکی خۆشەویستی ... لەگەڵ ئەوەی چەندین دیدو بۆچوونی جیاواز بۆ ئەو چەمکە بوونی هەیەو هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەك دیدو تێڕوانینی جیاوازی خۆیان لەبارەیەوە هەیەو تایبەتمەندی خۆشی هەیە. .

کۆمەلگاکانی مرۆڤایەتی پڕیەتی لەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی لەبارەی خۆشەویستی یەوە بینا کراوە، بەڵام ئەگەر بەچاوێکی لۆژیکیانە لەوچیرۆکانە بڕوانین تەواو عەقڵیەتی پیاوسالاری بەرجەستە دەکات و هەمیشە پیاو بکەری ئەو کردەوەیەیەو خۆی فیدا دەکات.

بۆیە بەدەست هێنانی ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر لەکۆنەوە تا زەمەنی ئێستاش ژنان مەحروم کراون لە ئیحسایە ئینسانیەکان و ئەو بوارە بە تەنها بۆ پیاو ڕەخساوە ...

دیارە بەهۆی گۆڕانکاری لە وولاتانی پێشکەوتووی خۆرئاواو ئەمەریکا ئێستاتا ئەندازەیەکی زۆر ژنان لەوێ ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەرو خۆشەویستی کردن، بەڵام لەوڵاتانی پاشکەوتووی خۆرهەلاٌت ئەو عەقلیەت و کەلتوری پیاو سالارییە، وەك خۆی ماوەتەوە بگرە لەزۆر شوێنیش زیادیشی کردووە. .

بەهەر حاڵ ڕووداوە مێژوویەکان و لاپەڕەکانی مێژوو وانەکانی خۆی زۆر لەبارەی خۆشەویستی یەوە پۆلێن کردووە بەلایەنی سلبیی و ئیجابییەوە، ئەمە مێژووە تێپەڕی کردووە، کەبە بڕوای من مایەی قسە لەسەر کردن و ڕەخنە لێگرتنە. ئەوەی من دەمەوێت کەمێك لەسەری بوەستم و قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی خۆشەویستی یە لای کۆمەڵگای کوردی و ئەو کەلتورەی بەردەوام دژی هەموو ئازادی و مافەکانی ژنان دەوەستێت و تا ئەوپەڕی توندوتیژی دژی ئارەزووەکانیان بەکار دەهێنێت .

کۆمەڵگای کوردی بەهۆی داخراوی لەڕووی ڕۆشنبیرو فەرهەنگییەوە لەئاستێکی زۆر لاوازی

هۆشیاری و ڕۆشنبیردا دەژی و نامۆیە بەزۆرینەی چەمك و مانای ئینسانیەكان، كە خۆشەویستی یەكێكە لەو چەمكانەی هەر لە سەرەتاوە نامۆ بوون لەبەرامبەریدا هەیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەلتورە ئاینی و خێڵەكیەی كەژنان، وەك هاولاّتی پلە دوو سەیردەكات و ژنان بەوەسیلەی خوشگوزەرانی پیاو دەزانن و هەموو ماف و ئازادیەكانی خستۆتە دەستی پیاو، پیاو یەكەمین بڕیاردەری چارەنووسی ژنانە بە ئیحساسە كانیشیانەوە، بۆیە ژنان مافی ئەوەیان نی یە لەدەرەوەی فەرمانەكانی پیاو كار بكەن. چونكە دووچاری گەورەترین سزای ئەخلاقی و دەروونی دەبن و كۆمەلّگاش وەك نەفرەت لێكراو سەیری دەكات و حوكمی خۆی دەدات بەسەریدا.

ئێمە شاهیدی زۆرترین چیرۆكین كە (ژن، كچ ) بەهۆی خۆشەویستی یەوە كۆتایی بەژیانی هێنراوە. بەلاّم بەدیوێكی تردا پیاوان بۆ خۆیان پالّەوانی سەرەكین بۆ ئەوەی جۆرەها چیرۆكی خۆشەویستی ڕێك بخەن، بەبیٚ ئەوەی كۆمەلّگا هیچ جۆرە سزایەكی بۆ دابنێت، تەنانەت ئێستا لەكۆمەلّگای ئێمەدا، بوەتە مودیل و پیاوان بەئارەزووی خۆیان وەك جل و بەرگەكانیان سەیری خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر دەكەن و زۆربەی ئەو پەیوەندیانەی ئێستا لەكایەكانی كۆمەلّگای كوردیدا بوونی هەیە، هیچ نییە جگە لەمودێلێك لەلای پیاوان بۆ كات بەسەر بردن و فریودان و خۆنواندنی ڕەگەزی بەرامبەر بۆ حەرامەكانی تری پشت چەمكی خۆشەویستی یەوە ..

دیارە كۆمەلّگایەك تا ئەو جێگایەی ئازادی ژن وەك خۆی قبولّ نەكات، ناتوانێت مانایەك بە چەمكی خۆشەویستی بدات، یاخود شارەزایی لەو هونەرە پڕسۆزو هەستە پەیدا بكات، بەلّكو دواجار وەك گەمەیەكی سەیری دەكات و ڕەگەزی بەرامبەر دووچاری ئازاری دەروونی و جەستەیی دەكات و فڕێیان دەداتە بازاڕی نامۆیی و هەلّخلیسكانەوە.

## خیانەتی هاوسەری بەناوی خۆشەویستی یەوە بۆچی !؟

لەم گۆشەیەدا، دەمانەوێت پەردە لەسەر لایەنێكی تری پەیوەندی نێوان (نێرو میٚ) لابدەین، كەتا ئاستێكی زۆر پەیوەندی بەتێكچوونی شیرازەی خێزان و شكاندنی سنورە تایبەتیەكانی مرۆڤەوە هەیەو زۆرجار بەناو ئازادی فەردییەوە، جۆرێك لە خیانەت و بێمانا بوون بەرهەم دەهێنێت .

خۆشەویستی ئەو چەمكەیە لەنێودلّی تەواوی تاكەكانی كۆمەلّگای مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە بەبیٚ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و ئەتنیكی و ڕەگەزی و تاكەكانی هەر كۆمەلّگەیەك بەپێی كەلتورو فەرهەنگی خۆیان مومارەسەی دەكەن، بەلاّم لەگشتیدا چەمكی خۆشەویستی بەپێی قۆناغی گەشەكردنی مرۆڤایەتی پێناسەی جۆراو جۆری وەرگرتووە تەعریفی تازەی بۆكراوە. كۆنترین پێناسەی خۆشەویستی لەوەدا خۆی كورت دەكاتەوە  كە گۆڕینەوەی هەستەكانی نێوان دوو ئینسانەو دروست كردنی پەیوەندیەكی سۆزداریە، بەلاّم ئەم پێناسەیە وەكو سەرەتایەك بۆ خۆشەویستی ڕاستە چونكە چەمكی خۆشەویستی چەندین پێناسەی تر وەردەگرێت و جۆری مومارەسەكردنیشی گۆڕانی بەسەردا دێت جگە لەوەی ناكرێت هەموو پەیوەندییەكی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز (نێرو میٚ) بەخۆشەویستی پێناسە بكرێت، یاخود ئەو پێناسەیەی پیٚ ببەخشرێت

بەهەرحالّ چەمكی خۆشەویستی وەك ئاماژەم بۆ كرد دنیایەك تەفسیر هەلّدەگرێت و ناكرێت لە

گۆشەیەکدا تەواوی تەفسیر و ماناکانی قسەی لەسەر بکرێت بەقەدەر ئەوەی دەمەوێت ئاماژە بەخیانەتی هاوسەری بدەم لە ژێر ناوی ئازادی خۆشەویستیدا، بەبڕوای من یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە زۆر بە کەمی لە مانای خۆشەویستی گەیشتووە و پێی وایە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا و بوون بە هاوسەری ئیدی لوتکەی خۆشەویستیە و بەو چاوەوە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیی دەدات .

کاتێك ماوەیەك بەسەر پرۆسەی هاوسەریدا تێدەپەڕێ و ئەو هەستە گەرموگوڕەی کە ناوی نابوو خۆشەویستی ووردە ووردە کاڵ دەبێتەوە و نامۆ بوون و تەنیایی و هەست کردن بەوەی کە ئەو نهێنی و ئەفسونانەی لەبارەی خۆشەویستی و پەیوەندی دروست کردن لەلای بۆ بەرامبەر دروست بوو نامێنێت ووردە ووردە هەستی بۆ ئەوتاکە نامێنێت هەوڵی گەڕان بە شوێن یەکێکی تردا دەدات کە بتوانێت ئارامی و سۆزو خۆشەویستی پێ ببەخشێت، چونکە ئەوجۆرە لەمرۆڤەکان وابیر دەکەنەوە ئەگەر لەیەکەمدا شکستی هێنا ئەوا دەتوانێت بەکەسێکی تر پڕی بکاتەوە، بەلاَم ئەو مرۆڤانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە هەڵە لە پەیوەندی و خۆشەویستی تێگەیشتوون و بەگۆڕینی تاکێك بۆ تاکێکی تر ناگەنە کەماڵی خۆشەویستی و بگرە ڕەشبینی و نامۆبوونی بەردەوام داگیریان دەکات و هەموو کاردانەوەیەکیان دەبێتە جۆرێك لەخیانەت و زۆر جار بەرەو خلیسکانی یەکجاریان دەبات، چونکە بەسەر هاوسەرەوە خیانەتێکەو هیچ پاساوێك هەڵناگرێ، ئەگەر (ژن و مێرد) لەپرۆسەی هاوسەریدا نەیانتوانی بمێنەوە زۆر بەئازادی لەیەکدی جیاببنەوە و فرسەتێکی تر بۆ ژیان و خۆشەویستی هەڵبژێرن و نەك قبوڵی مانەوە بکەن و خیانەت هەڵبژێرن ئێستا لەکۆمەڵگای کوردیدا واخەریکە ئەو جۆرە ناسروشتی و نالۆژیکیە بەناوی خۆشەویستییەوە سەرهەڵدەدات و بەئازادی خۆی دەزانێت لەچوارچێوەی هاوسەریدا بمێنێتەوەو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی تردا دروست بکات بەناوی ئەوەی هەستەکانی بەرامبەر هاوسەرەکەی لە دەست داوەو فەراغی هەیەو دەبێت پڕی بکاتەوە، ئەوتاکانە ناتوانن واقیعی بن بەوەی کاتێك پێکەوە گونجان نامێنێ لەنێوان ژن و پیاودا دروست ترین چارەسەر جیا بوونەوەیەو قبوڵ نەکردنی خیانەتە.

دیارە ئەوە بۆ هەردوو ڕەگەز ڕاستەوخۆ نموونەی ئەو جۆرە لەخیانەت کردن بەناوی ئا زادی گەڕان بەدوای خۆشەویستی دا لەکۆمەڵی ئێمەدا سەرەتاکانی دەرکەوتووەو خەریکە دەبێت دیاردەیەك کە دواجار هاوسەری خۆشەویستی ڕاستەقینەش ناشیرین دەکات.

## چیرۆکی فرۆیشتنی ژنان و کچان لەشاری بەغدای نوێ دا ...!!!

(ئەوەی لەگەڵ سۆزانیەك دا ڕابوێرێت لە سۆزانیەکە سۆزانی ترە)

دیارە لەش فرۆشی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو لەهەر سەردەمو قۆناغێکدا ئەو دیاردەیە بەشێوازو تایبەتمەندی جیاوازبوونی هەبووەو، لەکۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاواز بووەو، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە . شاری بەغدا بەدرێژایی دروست بوونی دیاردەی لەش فرۆشی و ئینسان فرۆشی تێدا بوونی هەبووە کڕیارەکانیشی جۆراو جۆر بوون، ئەگەر لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسیەکاندا دیاردەی لەشفرۆشی و کڕینی مرۆڤ بەناوی کەنیزەك و جار یەو کۆیلەوە بەرپێوە چووە هەزاران ژن لەژێر ناوی جۆراو جۆردا بازرگانیان پێوە کراوە، لەبازاڕەکاندا کڕین

و فرۆیشتنیان پێوە کراوە دواجار بەبێ ئارەزوی خۆیان ئیختصاب کراون .

ئەوا لەسەردەمی نوێشدا ئەوکرداری کڕین و فرۆیشتنە بەژنانەوە درێژەی هەیەو بەتەنها لەبەغداش بوونی نی یە بەڵکو لەبەشێکی زۆر لە ولآتان بازرگانیان بەجەستەی ژنانەوە دەکرێ و لەم سنوور بۆ ئەوسنوور دەیان گوێزنەوە کڕین و فرۆیشتنیان پێوە دەکرێ.

بیابانی (سینا) لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گەورەترین وێستگەی بازرگانی کڕین و فرۆیشتنی ژنان بووەو سەدان ژن و کچی وولآتی میصر بەناوی پەیداکردنی کار لەمیصرەوە لە ڕێگەی بیابانی سیناوە دەگوێزرانەوە بۆ ئیسرائیل و لەوێشەوە بۆ وولآتانی خۆر ئاواو لە مەلهاکان کاری لەشفرۆشیان پێوە کراوەو نرخی هەر دانەیەکیشیان لە نێوان $(8-10)$ هەزار دۆلار بە پێی جوانی و تەمەنیان، لەگەڵ ئەوەی هەتا دەگەیەنرانە خۆر ئاوا چەندین جار ئیختصاب دەکران و کڕین و فرۆیشتنیان پێوە دەکرا.

بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان داهاتی ئەو بازرگانیەی مرۆڤ ساڵانە لە بیابانی سینا دەگاتە چەند ملیار دۆلارێك و تا ئێستا هیچ یاساو ڕێساو قیەمێك نەیتوانیوە بەر بەستێك لەبەردەم ئەو بازرگانانەدا دابنێ و کۆتایی بە کۆیلە کردنی ژنان بهێنێ، هەڵبەتە ئەوە بەتەنها بیابانی سینا نی یە کە سەرچاوەیەکی دیاری بازرگانی کردنە بەژنانەوە تەنها شوێنێك نی یە کە ژنان وەك سەرجەم کالآکانی تری ژیان هاتووچۆی پێ دەکرێ دە گوێزەرێتەوەو دەفرۆشرێ، وەك لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کردووە بەغداش وێستگەیەکی تری بازرگانی کردنە بەژنانەوە بە ئاشکرا ژنان و کچان دەکڕێن و دەفرۆشرێن هیچ کەسێك نی یە قسەیەکی هەبێت بەرگری یەك لەو ژن و کچانە بکات کە بەبێ هیچ یاساو ڕێسایەك دەفرۆشرێن، وەك کۆیلەکانی سەردەمی خەلافەت

ڕەنگە چیرۆکی (هـ.د) تەمەن چواردە ساڵە کە ماوەی یەك ساڵە بەبڕی یەك ملیۆن و نیو فرۆشراوە بە پیاوێکی بازرگان ئەو یش ڕۆژانە کاری لەشفرۆشی پێوە دەکات (هـ.د) ئەو کچە منالْەیە کە بەبڕیارێکی ژەنگاوی پیاو سالاری و باوك سالاری، وەك هەر کالآیەکی تری ماڵەکەی باوکی دەیفرۆشێت بە بێ ئەوەی یەك تۆز هەستی ئینسانی لەلابێت، کچێك هێشتا منالْەو پێویستی بەوە هەیە کە زۆرترین کات مراعاتی بکرێ و دڵی نەشکێنرێ نەك ئەوەی لەبازاڕی بێڕەحمیدا بفرۆشرێ و کڕیارە بێ ویژدانەکانی جەستەش ئارەزووەکانی خۆیانی پێ دامرکێننەوە، دەکرێ بپرسین ئێستا شاری بەغدا جیاوازی چی یە لەسەردەمی کۆیلایەتی و زیندە بەچاڵ کردنی ژنان ...؟؟، ئاخر کام ویژدانی مرۆڤایەتی ئەوە قەبوڵ دەکات، کچێکی تەمەن 13 ساڵ بفرۆشرێ و بازرگانی بەجەستەیەوە بکرێت ڕەنگە لەوەش کاریگەر تر ئەوە بێت ئەو کچە منالْە ئێستا حامیلەیەو دەبێتە خاوەنی منالێکی بێ ناسنامەی باوکێك و دواجار ئەویش لە پێگەیەکدا گەورە دەبێت کە چارەنوسی وەك دایکی دەبێت و سبەینێ یان دەبێتە کڕیاری جەستەو یاخود دەیفرۆشن و بازرگانی پێوە دەکەن.

بۆیە حەقە چیتر ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان ئەوانەی بەرگری لەمرۆڤ دەکەن بەرامبەر بەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر ژناندا هاتووە بێ دەنگ نەبن و بەدەنگ بێن لەبەرامبەر سەردەمی نوێی کۆیلایەتی و فرۆیشتنی ژنان و کچان .

(هـ.د) یەکێکە لەو هەزاران ژن و کچەی شاری بەغداد، کە ئێستا بەدەست کۆیلایەتی و هەموو ڕۆژێك ئازاری جەستەی کۆیلایەتی یەوە دەناڵێت

و هانایەك شك نابات ڕزگاری بكات و ڕوەو مەرگی لەسەر خۆ هەنگاو دەنێت و تەنها بەزەبری هێز جەستەیان پێ دەفرۆشن و دەكرێ بڵێین ئەو مرۆڤانە كە كۆمەڵگا لەبیری كردوون و ژیانی لێ زەوت كردوون و لەپێناوی نانی سبەینێیاندا دەمرن و دەفرۆشرێن.

## شەوی سەری ساڵی نوێ و توندوتیژی دژی ژنان...

لە تەواوی كۆمەڵگاكانی مرۆڤایەتیدا زۆر بۆنەو یادی هاوبەش هەیە كە هەمووان بەیەكەوە پێشوازی لێدەكەن و ڕێزی لێدەگرن و هەمووان پێكەوە گرێدەدات، شەوی سەری ساڵی نوێ بۆنەیەكی گشتی و هاوبەشی گەلانە ئەو شەوە هەر نەتەوەیەك بە شێوازو تایبەتمەندی خۆی پێشوازی لێدەكات و ڕەنگە بە خۆشترین بۆنەش دابنرێ، چونكە تەواوی توێژەكان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و پلەی كۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسی پێشوازی لێدەكەن و خۆیان ئامادە دەكەن، هەرچەندە ئەم موناسەبەیە لە كۆمەڵی كوردیدا ماوەی چەند ساڵێكە بۆتە بۆنەیەكی گشتی و هەمووان پێكەوە هەوڵی پێشوازی و بەڕێكردنی دەدەن و دەتوانین بڵێین شەوی سەری ساڵی (2000) تەقینەوەی پێكەوەبوونی ئەو یاد و پێشوازییە بوو، گەرچی ئەویش لە خەیاڵدانی كۆی كۆمەڵی كوردیدا بنەمای خۆی هەبوو، كە بۆچی زۆرترین خەڵكی كوردستان ڕژانە سەر شەقامەكان و بەشداری شەوی سەری ساڵیان كرد، كە دیارە هۆكاری ئەو هەمووو ناهەمواریی وتوندوتیژییە بوو هەر لە شەڕی ناووخۆ و تیرۆری ژنان و زیادبوونی كۆنەپەرستی و گەڕانەوەی كۆمەڵگە بۆ دواوە، بەلام نیشاندانی ئەو نارەزایەتییە گەورەیەی ڕەوتی مەدەنیبوونی كۆمەڵی كوردی بۆ خۆی تەقاندنەوەی ئەو هەموو كەبتەبوو كە بەدەست حیزب و كۆنەپەرستی یەوە پەرەی سەندبوو، دیسان نەخێر بوو بۆ ئەو شتانەو ڕووكردنە جوانییەكانی ژیان، هەرچەندە كۆنەپەرستان ویستیان ڕێگا لەو كاروانە فراوانە بگرن و كاری ناشیرین و تێكدەرانە و ناحەزارییان دژی ئەو خواستە و ژنان ئەنجامبدەن و خۆشیەكانی خەڵكی بگۆڕن، بەلام بێ سەمەر بوو، لەوەش بەدواوە شەوی سەری ساڵ بووە نەریتێك و هەمووو ساڵێ خەڵكی بەشادی و خۆشییەوە چاوەڕوانیان دەكرد بۆئەوەی ئەو ئاهەنگە گشتیە بەبێ جیاوازی پێكەوە بەڕێبكەن، هەربۆیە ڕۆژەكانی بەر لەو شەوە خڵكیی خۆیان ئامادە دەكرد و شار دەرازێنرایەوەو خەڵكی بە خۆشییەكی زۆرەوە لەو شەوەیان دەڕوانی، بەتایبەتی ژنان، چونكە ژنانی كۆمەڵگای ئێمە هێندە بواریان پێنادرێ، كە بەشداری بۆنە گشتییەكان بكەن و خواست و ئارەزووەكانی خۆیان مومارەسە بكەن، هەربۆیە زۆرێك لە (ژن، كچ)ی كۆمەڵگای ئێمە ئەو شەوە بەوپەڕی خۆشییەوە دێنە دەرەوە (ئەوانەی ڕێگایان پێدەدرێ)و بەشداری ئاهەنگی سەری ساڵ دەكەن، بەلام ئەگەر بەووردی سەیر بكەین لەدوای ساڵی (2000)ەوە بەشداری ژنان ساڵ دوای ساڵ كەمدەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كلتورو عەقڵییەتە پیاو سالارییەی كۆمەڵی ئێمە كە دژی

هەموو خواست و خۆشییەکانی ژنان دەوەستێتەوە لەناو خێزان و لەدەرەوەشدا .

هەرچەندە ئامارێکی دروست لەبەردەستدا نییە کە لەو شەوەدا چەند ژن دووچاری سوکایەتی و توندوتیژی دەبن و جۆرەها کرداری نابەجێ لەدژی جێبەجێ دەکرێ و دووچاری ئازاری دەرونیان دەکەن، ڕاستە ئەمە سەرچاوەی لە تێنەگەیشتنی ئێمەوە وەرگرتووە بۆ مەدەنییەت و شارستانیەت و پێشکەوتن، بەلاّم بە شێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەقلّیەتەی کە بە هیچ شێوەیەك ژنان قبوڵ ناکات کە بەوپەڕی ئازادییەوە بەشدری ئاهەنگ و بۆنە گشتییەکان بکەن، کە مافی بێئەملاو ئەولای خۆیانە و چۆن خۆیان ئارەزوو دەکەن گوزارشت لە خۆشییەکانیان بکەن، تاکو ئەو جێگایەی عەقلّییەتی کۆمەڵگای کوردی ئەم مافەی ژنان بەڕەسمی نەناسێ و قبوڵی نەکات ناتوانین دەست نیشانی ڕەوتی کۆنخوازیی و مەدەنییەت و پێشکەوتن بکەین، لەوەش واوەتر ڕەنگە ئەمڕۆ لێرەو لەوێ پاساوێك هەبێت بۆ ئەو کردارانەی لە شەوی سەری ساڵدا دژی ژنان ڕوودەدەن، بەوەی گوایە چەند کەسێکی نەفس نزم یاخود دیاریکراون، بەلاّم ئەوەی شەوی سەری ساڵ ڕوویدا عەقلّییەتێکە لە پشت ئەو کارەوە ئیشدەکات و ڕێنمایی تاکەکان دەکات کە سوکایەتی و توندوتیژی دژی ژنان ئەنجامبدەن، ئەگەرنا هەزاران کەس دوای چەند ژنێك ناکەون بەکرداری ناجۆر، بۆیە ئێستا دەرفەت زۆر لەبارە چاوێك بەدەستوردا بخشێنین و کۆمەڵگای مەدەنیی و دەستوری عەلمانی قبوڵ بکەین کە تەواوی مافەکانی ژنان دەستەبەر بکات و سزای زۆر توندیش بۆ نەیارانی ئازادیی ژنان و مافەکانیان دابنرێ، تاکو چیتر بەناوی پاساوەوە درێژە بەڕەوتی کۆنخوازی و چەوساندنەوەی ژنان نەدرێت و خۆشییەکانیان بەتوندوتیژی وەلاّم نەدرێتەوە .

## فرۆشتنی ژنان بەناوی پرۆسەی بەهاوسەربوون بۆچی ...!؟

مێژوو زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، ئەو دووبارە بوونەوەیەش کۆمیدیەو ئەکتەرەکانی زەمەن ناناسن و کار بەموفرەدەکانی پێشکەوتن و زانست و ماناکانی ئازادی ناکەن.

فرۆشتنی ژنان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و لەسەردەمی کۆیلایەتییەوە بۆ ئێستامان درێژبووتەوە و چەندین جۆر و شێوازی وەرگرتووە، ئەگەر سەردەمی کۆن فرۆشتنی ژنان بەتەنها مانایەکی کۆمەلاّیەتی هەبوەوخاوەن کۆیلەکان مامەڵەیان لەگەڵ ژنان دەکرد، وەك سەرجەم کالاّکانی تر بەهایەکی ماددی هەبوو، بەلاّم لەدوای شۆڕشی بۆرژوازیی فەرەنسییەوە ئەو شێوازە گۆڕاو فرۆشتنی ژنان، لەزۆر شوێنی ئەم دنیایەدا لەژێر پەردەی بەهاوسەربوون جێبەجێ دەکراو بڕێك پارەی لەبری کچە وەردەگیرا، بەلاّم پێشکەوتنی زانست و زانیاری بەشداربوونی چالاکانەی ژنان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی توانیان ئەو بازرگانیەی بەناوی هاوسەربوونەوەیە کۆتایی پێبهێنن، بەتایبەت لە خۆرئاوا و ئەمریکا، بەلاّم ئێستاش لە کۆمەڵگا داخراوو مەزهەبییەکاندا، فرۆشتنی ژنان بوونی هەیە و کاری لەسەر دەکرێ، لەگەڵ بوونی چەندین ڕێکخراوی داکۆکیکارلە

ژنـان و چـەندین پەیماننامـەی نێودەوڵـەتی بـۆ کۆتــای هێنــان بــە کۆیلــەکردنی ژنـــان و چەوسـاندنەوەیان، کەچـی لـە خۆرهـەلآت ئـەو دیاردەیـە بـوونی مـاوەو لەسـەر ژنـان جێبـەجێ دەکـرێ... کـە ئەمـەش کردارێکـی تائەوپـەڕی دژی ئــازادیی ژن و مافەکانیــەتی و دابڕینیــەتی لــە هـەموو هەسـتە ئینسـانیەکانی و مـاف بڕیـاردانی ئازادانەی چارەنووسیەتی، چونکە کاتێك پرۆسـەی فرۆشتن بوونی دەبێت و نـرخ لەسەری دادەنرێت هیچ جیاوازی نابێت لەهەر کالآیـەکی تـرو دواتـر بــەپێی جــوانی و گــەنجێتی، ئــەوە نرخــە کــە دیاریـدەکات و کڕیـاریش هـەموو مـافێکی بەسـەر ئــەو ژنــەوە هەیــە، چــونکە ئــەو پرۆســەی بەهاوسەربوونە مامەڵەیەکی بازرگانییە و خـاوەنی ئــەو کالآیــە مــافی هــەموو شــتێکی هەیــە و فرۆشراویش بۆی نییە هیچ نارەزاییەك دەربـڕێت، گەرچی ئەو کرداری کڕینە لەژێر ناوی هاوسـەریدا بەڕێوە دەچێت، بـەلآم ژنـان هـیچ حـەز و مـافێکی خۆیـانی تیـا نییـە جگـە لـە ڕازیبـوون بـەبڕیاری باوکان .

لــە کۆمــەڵگای ئێمــەدا و لەناوچــەیەکی وەك بادینــان بــە جیــاوازی ئــەو هــەموو چــالاکییەی ڕێکخراوەکانی ژنان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی بەشـداری کردنـــی ژنـــان لـــە کـــارو چـــالاکییە کۆمەلآیــەتی و ئــابووری و سیاســیەکاندا، ژنــان بەناوی هاوسەرییەوە دەفرۆشرێن .

فرۆشــتنی ژنــان بــەناوی هاوســەرییەوە ودیاردەیـەکی نـوێ نییـە لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا و باکگراونـدێکی مێـژووی هەیـە و لـە کۆنـەوە بـۆ ئێستا درێژبۆتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی لـە بەشـێك لـە ناوچـەکانی کوردسـتاندا ئـەو دیاردەیـە بـە هـۆی پێشــکەوتنی ئاســتی ڕۆشــنبیری چــالاکیە هەمەلایەنـەکانی ژنـان و ڕۆشـنبیران کۆتاییهـاتووە بۆتـە کـارێکی نـەفرەت لێکـراوو بەشـێکی زۆر لـە ژنــان بــە ئــارەزووی خۆیــان دەچــنە پرۆســەی هاوســەرییەوە، بــەلآم لــەو ناوچــە فراوانــەی کوردسـتاندا تـاکو ئێسـتاش ژنـان کالآیـەکن، وەك هـەمو کالآکـانی تـر خـاوەنی نرخێکـی دیاریکراون لـەلای خێزانـەکانیان، ئـەوە بـەپێی داواکارییـەکان دەگۆڕێـت... مانـەوەی ئـەو دیاردەیـە لـە ناوچـەی بادینــان بــۆ خــۆی زامێکــی قوڵــە لــە جەســتەی کۆمەڵگای ئێمەدا و بێدەنگبوون لێی و ڕێنـەگرتن و هەوڵنـەدان بـۆ چارەسـەرکردنی هێنـدەی تـر لـە ئازارەکـانی ژنـان زیـاد دەکـەن و نـاتوانین هـەنگاو بـەرەو شارسـتانیەت و مەدەنییـەت و دەسـتوورێکی شایستە بە ژیـانی ئینسان دابنـێین... دواتـر ئێسـتا لە هـەموو کـات زیـاتر دەکـرێ دەست بـۆ کـارکردن لــەو ناوچــەیە بــەرین و پرۆســەیەکی وشــیاریی فراوان بەڕێبخەین و ژنانی ئەوێ ووشیاربکەینەوە کــە زۆر بەجــدیی دژی ئــەو پرۆســەی فرۆشــتنە بووەســـتنەوە و هـــەوڵی بەدەســـتهێنانی ئـــازادیی هەڵبژاردنی هاوسەریی بدەن، بۆیە بـە بڕوایـی مـن ئەرکی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕۆشـنبیران ئەوەیــە قورســایی کــارکردنی خۆیــان بــۆ ئــەو ناوچــەیە بگوێزنــەوە و هــەوڵی ئــەوە بــدەن کەدەسەلآت بێتە پای ئـەوەی سـزا بـۆ ئـەو کەسانە دابنێت کە کچان دەفرۆشن بـە نـاوی هاوسـەرییەوە .

## بەرەو (8)ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ...!

بەبڕوای من مارسی ئەمساڵ تەواو جیاوازە لـە ســاڵی ڕابــردوو، لــە کۆمــەڵگای عێراقــدا، ئــەو گۆڕانکارییــە پایــەیی و ڕیشــەییە بــە هــۆی لــە گۆڕانی ڕژێمی بەعس هاتە ئاراوە،دەبێت خـەڵکی عـیراق بـە گشـتی و ژنـان بەتایبـەتی لێـرە بـەدواوە بەوپـەڕی جدییەتـەوە مافـەکانیان بـەیان بکـەن و هیچ پاساوێك قبـوڵ نەکـەن بـۆ پـەراوێز خسـتن و دواخستنی داخوازەکانیان.

گۆڕانكاریەكان هەڵگری دنیایەك گرێ و گۆڵی سیاسی و ئابووری ئەخلاقیەو لە ئاوها هەلومەرجێكی ئاڵۆزدا نابێت ژنان كێشەكانی خۆیان لەبیر بكەن و بە ئایندەیەكی نادیاری بسپێرن، چونكە لە ئیستادا كە هەموو شتەكان بە ناتەواوی و هەڵپەسێراوی ڕاوەستاوە و لەبارەی دەستوور و دەسەلآت و ئایندەو هەر بزوتنەوەو حزبێك بەپێ بەرژەوەندییەكانی خۆی گوتار لەبارەی ئایندەی دەستوور و دەسەلآتەوە دەدات، لەگەڵ ئەوەی لەزۆرینەی گوتار و قسەكاندا كەمترین جێگە بۆ گۆڕانكاری لە مافەكانی ژناندا نەكراوەتەوە و زۆرێك بزووتنەوە و حیزب هەر لە ئێستاوە كە نەگەیشتوون بە دەسەلآت دژایەتی خۆیان بۆ مافەكانی ژنان بەیان كردووە، دیارترین دژایەتی لەلایەن بزوتنەوە بنیادگەرەكانەوە خۆی بەیان كردووە و زۆر بە ئاشكرا لە ڕێگەی ئەنجومەنی كاتی حوكم لە عیراق و بڕیاری (137)یان دەركرد، كە ژنان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاست و چوار دیواری ماڵ و حیجابی ئیجباری و پلە دوویی، بۆیە ئەگەر لە ئێستاوە ژنان و بزوتنەوەی یەكسانی خوازی هەنگاوی جدیی نەنێن و فشار دروست نەكەن بۆئەوەی لە ئایندەی چەسپاندنی دەستور و دەسەلآتدا جێگەیەك بۆ ژنان هەبێ ئەوا بە دڵنیاییەوە لەگەڵ چەسپاندندا هەموو ئەو بڕیارانەی دژی مافی ئینسانی بوونی ژنان دەسەپێنرێ .

لە كۆی ئەنجومەنی كاتی حوكم و وەزیرانیشدا ڕیزی ژنان لە (3) كەس تێپەڕ ناكات و ئەو ژنانەش لە ڕێگەی حیزبەكانەوە دانراوەو ڕەنگە كەسێكی دەركەوتووی مەیدانی خەباتی بزووتنەوەی ژنان نەبن و ناشتوانن دەوری كاریگەر بگێڕن لەناو ئەو پێكهاتانەدا، كە جگە لە بەرژەوەندیەكی دەسەلآتی پیاوسالاری هیچی تر بەرێوە نابەن، هەڵبەتە ئێستا بەرەو ڕۆژی ناڕەزایەتییەكانی ژنان هەنگاو دەنێین، كە لە تەواوی دنیادا ئەو ڕۆژە وەك سمبولی بەرەنگاربوونەوە چاوی لێدەكرێ و هەرچی هێز و توانای بزوتنەوەی ژنان و یەكسانیخوازیی هەیە دەخرێتە گەڕ تاكو زیاتر ئەو ڕۆژە بە پایەداری بمێنێتەوە، بۆیە ئەركی بزوتنەوەی ژنان و یكسانیخوازییە لە كوردستان و عیراق .(8)ی مارسی ئەمساڵ بكەنە هەلی زێڕین بۆ بەرپاكردنی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە دژی هەموو چەوساندنەوە و توندتیژییەك لە دەستوور و دەسەلآت و یاسادا و هەرچی بڕیار و یاسایەك كە بۆن و ماكی چەوساندنەوەی هەڵگرتبێ هەڵوەشێتەوە و ئایین لە دەستوورو دەسەلآت جیابكرێتەوە، چونكە تاكو ئەو جێگەیەی پایە ئەساسیەكانی دەستوور لەسەر بنەمای ئایین دامەزرابێ ئەوا بە دڵنیایەوە ژنان دووچاری تیرۆرو توندوتیژی دەرونی و جەستەی دەبن.

دەبێت ئەوەش بڵێین كە لێرە بەدواوە چاوەڕوانی دادی ژنان نادات و سپاردنی ئایندەی مافەكان بە بەرژەوەندییە جیاوازەكانی حیزب و ڕێكخراوی جۆراو جۆر مافەكان تێكەڵ دەبن و سەرەنجام لەبیر دەكرێن، یاخود حیزب و ڕێكخراو مساوەمە لەسەر مافەكانی ژنان دەكات و دواجار چارەنووس هەمان چارەنووسی ڕابردوو دەبێت .

بەهەرحاڵ لە پێشوازی مارسی ئەمساڵدا دەبێت هەرچی زووە دەنگی نەخێرەكان بەڕاشكاوی بەیان بكرێ و فشاری جدیی بە شوێن نەخێرەكاندا بهێنرێ و شەقامەكان بەدەنگی ناڕەزایەتیەكان بنەخشێنرێن...

چونكە كۆمەڵگای عیراقی لەسەروبەندی چەسپاندنی دەسەلآت و دەستووردایە، وەك كوردیش دەڵێت(مانگەشەو سەر لە ئێواره دیاره)، هێشتا دەسەلآت نەچەسپیووە و ئەنجومەنی حوكم مافەكانی ژنان دەسڕێتەوە، جا ئەگەر بچەسپێت بەم شێوەیەی ئێستا كۆمەڵگای عیراق دەبێتە جەهەنەمێك بۆ ئینسانە ئازادیخواز و یەكسانیخواز و ژنانیش بە گشتی، كاروانەكە لە ڕێدایە بەری پێنەگیرێ دەمانكات بەژێرەوە.

## کۆمەڵگە... ئەخلاق و شتی تریش...!

(ناسینی خەڵك بەرەفتاریەتی، نەك بە قسەکانی) ئەنگلس

قسەکردن لەسەر چەمکی ئەخلاق بۆ خۆی هەڵگری چەندین ماناو دەلالەتی جیاوازە و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێ و مانای جیاوازیش وەردەگرێ، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە هەموو ماناکانی ئەخلاق لە سێکسدا کورت دەکەنەوە و دەیبەستنەوە بەرەگەزی مێ وە .

کۆمەڵگای کوردی، یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی بەشێوەی زۆر توندڕەوانە پەیوەستە بە چەمکی ئەخلاقەوە و ئەمەشی کورتکردۆتەوە بە ژنانەوە، بەمانایەکی تر هێندەی قسە لەسەر ئەخلاق دەکرێ و هەمیشە ڕێنمایی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکرێت، کە پەیوەست بن بە چەمکی ئەخلاقەوە و ئەخلاقیان جوان بێت، هەموو ئەو گوتارانەش پەیوەست دەکەن بە ژنانەوە و ڕووی دەمیان لە ژنانە کە نابێت بە هیچ جۆرێك دەستبەرداری ئەخلاق بن .

لەلای پیاوی کۆمەڵگای کوردی ژنان خۆیان هەڵگری دنیایەك گومانن و نابێت بە هیچ شێوەیەك لە فەرمانەکانی پیاوان دەربچن، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەخلاقەوە، لە کاتێکدا لەلای پیاوی کوردی هیچ شتێك نییە بۆ ژنان پەیوەست نەکرابێت بە ئەخلاقەوەو تەرازویەکیان داناوە و بە ئارازووی خۆیان هەموو ژیانی ژنانی پێدەپێون بۆ هەر کردارێك کە پیاوان بەدڵیان نەبێت مانایەکی ئەخلایان بۆ دروستکردووە وەك(لەبەرکردنی جۆری جلوبەرگ و جۆری مامەڵەکردن و هاوڕێیەتی و قسەکردن..هتد) .

ئەگەر ژنێك لەناو کۆمەڵێکدا ئازادانە قسە بکات و گوزارشت لە مافەکانی خۆی بکات، یاخود بەدەنگێکی بەرز قسە بکات، یەکسەر ئیتهامی دەکەن بەدەرچوون لە ئەخلاقیاتی باو، کە دانراوی خودی پیاو خۆیەتی، جیا لەوانەش لەلای تەواوی پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە ژنان شەرەف و ناموسیانە و تا ئەوپەڕی توندڕەون لەو مەسەلەیەدا، بۆیە هەمیشە ژنانیان دیلکردووەو هەموو ڕێگەکانیان لێگرتوون، چونکە پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی عەقلیەت و پەروەردەیەکن، ئەگەر بێت و ژنان بە ئارەزووی خۆیان خۆشەویستی بکەن و هاوڕێیەتی پیاوان بکەن و هاوسەر هەڵبژێرن، ئەوا بەدەرچوون لە ئەخلاق حسابدەکرێت و سزاکەشی کوشتنە، چونکە پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە وای بۆ دەچن کە شەرەفیان چووەو ئەخلاقیان دۆڕاندووە و بۆ کڕینەوە دەبێت کرداری کوشتن ڕووبدات، بەڵام پیاوان زۆر ئاساییە چۆن خۆیان ئارەزوو دەکەن و بڕیار دەدەن کەجۆری پەیوەندیی و هاوڕێیەتی خۆشەویستی دروست بکەن و پەیوەندیی ناجۆر و ناچیز ببەستن لەگەڵ ژناندا و هیچ باجێکی لەسەر نییە و بەدەرچوون لە ئەخلاقیش حساب ناکرێ و زۆرجار جۆرێك لە پیاوان شانازی بەوەوە دەکەن کە لەیەك کاتدا چەندین پەیوەندیی نەشیاویان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بەستووە بەهۆی مەکانەی سیاسی و ئابووری و داراییەوە کە دەبێتە هۆکاری بڵاوبونەوەی چەندین نەخۆشی لەناو کۆمەڵگادا و سەرەنجامی دەبێتە مایەی ئازار بۆ ژنان، بەڵام ئەو جۆرە لە پیاوان هیچ کات ئەو کردارەی خۆیان بەدەرچوون لە ئەخلاق حساب ناکەن، لەکاتێکدا سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی فەسادی ئەخلاقین لە کۆمەڵگادا .

تا ئەو جێگەیەی ئێمە بەو شێوەیە بیربکەینەوە کە ژنان سەرچاوەی شەرمن و سەرشۆڕکەری پیاوانن و سەرچاوەیەکن بۆ بڵاووبوونەوەی بەدەڕەوشتی، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەوپەڕی دواکەوتوویدا دەژین و زۆرمان ماوە بۆئەوەی بتوانین لە چەمکی ئەخلاق تێبگەین و هەنگاو بەرەو دنیایەك بنێین کە ناوی مەدەنی و هاوڵاتی ئازادە، بەهەرحاڵ ئێستا پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە لەڕووی کلتووری سیاسییەوە بەو

شێوەیە بیردەکاتەوە دەست بەرداریشی نابێت، بۆیە دەکرێ بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی و بزوتنەوەی ژنان زۆر بەجدیی هەوڵی شیکردنەوەی ماناو چەمکی ئەخلاق بدەن و ئەو بیرە کۆنە سواوە وەلابنێن کە ئەخلاقی پەیوەست کردووە بە ژنانەوە، ئەگەر هەوڵ نەدرێ بۆ وەلاوەنانی ئەو بیرکردنەوەیە، ئەوا ڕێژەی قوربانییەکانی چەمکی ئەخلاق لە زیادبووندا دەبێت و ئازارەکانی ژنانیش هەر بەردەوام دەبێت .

## پەراوێزێك بۆ دیاردەیەك ...!
## (ڕاکردن لە حەقیقەت و خۆلادان لێی، تەسلیم بوونە بەبێ دەسەڵاتی )

ئەم نووسینە ئەفسانەیەك نی یە تا مرۆڤ تێی نەگات، یاخود لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی قورس نی یە مرۆڤ لەئاست تێگەیشتنیدا تووشی داماوی بێت و نەتوانێت لەئەنجامەکانی تێ بگات .

لەگەڵ ئەوانەشدا مرۆڤ دیسان توشی هەڵوێستە کردن دەبێت و زۆر جاری دۆش دادەمێنێ و نازانێ چی بڵێ یاخود چی بکات؟ کارەساتێکی هێندە گەورەیە کە کار لە ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات و دەروون و ویژدانی ئازار دەدات کاتێك بمانەوێت باسی ئەفسانەیەکی مێژوویی بکەین گوێگرەکانمان هەریەکەیان بە جۆرێك تێ دەفکرن و پرسیاریان لا دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەی هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەوە ڕووداوێکەو لە کۆندا ڕووی داوە مرۆڤی ئەو سەردەمە زۆر جیاواز بوو لەڕووی هێزو پێکهاتەکانیانەوە بۆیە ئاساییە کاری زۆر سەیرو بەهێزی ئەنجامدابێت و ئایینیش بۆ خۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەزوویی باوەڕ بکەن.

لەگەڵ ئەو باکگراوەندە مێژووییەیی کەلە لاشعوری کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی هەیەو بەشێکی گرنگی کەلتوورە، بەڵام بۆ سەردەمی ئێستا هەقیقەتێکی پڕ گوماناوی یەو لەلای بەشێکی کۆمەڵگا زەمەنی ئەو جۆرە شتانە بەسەر چووەو باوەڕیان پێ نەماوە .

بەهەر حاڵ من نامەوێت باسی مێژووی ئەفسانە پۆلێن بکەم لەم نووسینەداو ئەو چەند پەرەگرافەش وەك دەروازەیەکی زۆر کورت بۆ ناوەڕۆکی ئەم باسە گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئێستا خەڵکی گومانیان لەسەر سەرلەبەری پێکهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕە کۆنەکان هەیەو ڕۆژانە پرسیار گەلێکی جۆراو جۆر لەبارەی هەقیقەتە ڕەهاکانی ڕابردوو دەوروژێنن، بۆیە ناکرێت لە ئێستای سەردەمی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و تەکنۆلۆژیاوو ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بەهەمان ئەقڵیەتی سەردەمی کۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بکەین،یاخود دەستەووەستان لەبەرامبەر کارەساتەکاندا ڕابوەستین و بەرەنجامەکانی بەقەدەری کۆنی بزانین و هەڵوێست نەگرین. هەر لەڕوانگەی ئەوەی کە ئێمە دەبێت هەبین و قسەی خۆمان بکەین لەسەر دیاردە نا چیزو نا جۆرەکان و هەڵوێستی جدیی وەرگرین و دیاردە نێگەتیڤەکان ڕەخنە بکەین چونکە تاکی ڕۆشنبیر پەیامەکەی ئەوەیە کە چاو دێر بێت بەسەر دەسەلات و کۆمەڵگاوەو هەوڵی خستنە ڕووی سلبیاتەکان بدات و پێشەنگی کۆمەڵگاکەی بێت و بۆ گۆڕانکاری لەئاست دیاردە خراپەکاندا.

هەڵبەت دروست مەبەستی ئەم ووتارە ئەوەیە کە پەردە لەسەر دیاردەیەك لابدات، کە ڕەنگە لەناخی زۆربەماندا ئازارێکی دروست کردووەو پەنگی خواردۆتەوەو ڕێگە چارەیەك شك نابات تا دەستی بۆ بەرێت و هەوڵی بەرەنگار بوونەوەی بدات.

دیاردەی لەشفرۆشی یەکێکە لەنەخۆشیە ترسناکەکانی کۆمەڵگای ئێمەو ئێستا فراوان بووەو ڕەوا جی پەیدا کردووەو بازاڕی بەرەو گەرم بوون دەچێت و بازرگانی جەستەی ژنان ڕێژەیان ڕوو لەزیادبوون دەکات و ژنانیش زۆرتر دەبنە قوربانی ئەم نیزامە نابەرامبەروپڕلە چەوساندنەوەیە.

کاتێك مرۆڤ سەرگوزەشتەی ئەو ژنانە دەخوێنێتەوە دووچاری ڕاچڵەکین دەبێت لەئاست ئەو هەموو ئازارەی بەری بەژنان گرتووە، سەرباری هەموو چەوساندنەوەکانی تر بازرگانی کردن بە جەستەیانەوە بوتە چەوساندنەوەیەکی تر .

یەکێك لەو کارانەی ڕۆژنامەی ڕێوان پێ هەستاو بێدەنگی شکاند بلاَوکردنەوەی سەرگوزەشتەی ئەو ژنانە بوو کە دووچاری لەشفرۆشی هاتوون، ئەو ژنانە لەتەواوی قسەکانیاندا ئاماژەیان بەوەکردوەکەبە ئاشکرایە لادانەکانیان چی یەو دابەش دەبێت بەسەر چەند فاکتەرێك لەوانە:

1-خراپی باری ئابووری و نەتوانینی دابین کردنی پێداویستیەکانی ژنان.

2- باوك – هاوسەر بەناچاری دووچاری لادانی کردون، بەمانایەکی تر ئەوان بۆ بەدەست هێنانی مادە بازرگانیان بەکچ و ژنەکانیانەوە کردوە.

3- فریودان لەڕێگەی پارەو دامەزراندن، ئەمەیان زیاتر پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە کە پشکی سەرەکیان هەبووە لە بەلاڕێدا بردنی ژنان.

4- بەزۆر بەشوودان و جیاوازی زۆری تەمەن لەنێوان ژنان و وپیاواندا ..

ئەوفاکتەرانەو چەندانی تریش دەوری کارایان هەبووە لە بەلاڕێدابردنی ژنان و هێنانیان بۆ بازاڕی لەشفرۆشی لەگەڵ بوونی ئەو دیاردەیەو فراوانبوونی، کەچی ئێستا خەمێکی جدی بۆ نەخوراوەو بیرێك لە ژیانی ئەو ئینسانانە نەکراوەتەوە کە دووچاری ئەو نەخۆشی یە هاتوون، کەلەسەرەنجامدا خودی دەسەڵات و کۆمەڵگا بەرپرسیاری یەکەمە لەو حاڵەتە .

بەبڕوای من کاتی ئەوەیە هەوڵ بدەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دیاردەیەو کاری جدی بکەین تا پارێزگاری لەنەوەکانی داهاتوو بکەین، چونکە ئەو سەرگوزەشتانە قسەو ئاماری زۆر ترسناکیان تێدایە،

سەیرە ژنێك بتوانێت بازرگانی بە 25 – 45 ژنەوە بکات و گوێی خۆی لێ بخەوێنێ، ئەگەر بەر بەو کارە نەگیرێت بەدڵنیایی یەوە کۆمەڵگاکەمان ڕووەو ئاماری ترسناکتر هەنگاو دەنێت ئەوساش چارەسەرەکەی قورستر دەبێت.

بەهەر حاڵ ئێستا ئێمە لەبەرامبەر دیاردەیەکدا ڕاوەستاوین کە بەکاڵاکردنی جەستەی مرۆڤەوحەڵاڵکردنیەتی بۆ ئارەزووبازە دەوڵەمەندەکان، یا دەبێت ئەو ڕەوتە وەك خۆی قبوڵ بکەین، یا دەبێت هەرچی زووترە ڕووبەڕووی بینەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین و ئەزموونی مێژوویی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە لەبەردەست دا هەیە، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 ی ڕوسیا، نمونەیەکی بەرچاوەو دەکرێت لێرەش تەواوی خەڵکی ئازادی خوازو ژنانی پێشکەوتوو خوازو ڕادیکاڵ بێننە مەیدانی خەبات کردن لەدژی لەشفرۆشی و بەکاڵا کردنی جەستەی مرۆڤ لە هەموو مەیدانەکاندا لێکۆڵینەوەی جۆراو جۆر بکرێ و ژنان هۆشیار بکەینەوە لەمەترسیەکانی لەشفرۆشی و هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو ژنانە بدرێت کە دووچاری لەشفرۆشی هاتوون بۆ ژیانی ئاسایی، ئەمەش کارێکە دەبێت دەستی بۆ ببرێت و ناکرێ خۆمان بدەینە دەست قەدەر، چوونکە دواجار خۆمان زیانبەخش دەبین لەوەی کە کۆمەڵگایەکی ناتەندروستمان دەبێت و نەوەکانمان بەرەو لادانێکی زیاتر دەڕۆن .

وەبەتەنیا ژنانیش بەرپرس نین لەو حاڵەتەی کە بەسەریاندا دێت کۆمەڵگا هەمووی بەر پرسیارەو بەرناشۆ لەمێژەوە وتوویەتی (ئەوەی لەگەڵ سۆزانیەك ڕادەبوێرێت، لە سۆزانیەکە سۆزانی ترە) جا بۆئەوەی کۆمەڵگاکەمان لەومەترسیە ڕزگار بکەین وەکەمێك لەئازارەکانی

ژنان کەم بکەینەوە بەمانایەکی تر با ئێمەی ڕۆشنبیران و یەکسانی خواز دەستێك بدەینە دەست ژنان و لایەك لەئازارەکانیان لەگەڵ بگرین و هەوڵی کۆتایی هێنان بەو چەوساندنەوە نابەرامبەرە بدەین کە کەلتوری ئێمە بۆی هێناون، ئەگەر نا زەمەن دوایی ڕەحمان پێ ناکات.

ڕۆژنامەی ڕێوان ژمارەکانی 29-30-31

## توندوتیژی دژی ژنان
## لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ...!

گریمانەیەك هەیە کە پێی وایە مێژوو هیچ نییە، جگە لەزنجیرەیەك کاری توندوو تیژی دژی ژنان و قۆناغ دوای قۆناغ دووبارە بووەتەوەو شێوازو تایبەتمەندی جیاوازی وەرگرتووە و ئامرازی نوێی بۆ توندو تیژی بەرهەم هێناوە ... توندو تیژی ئەو کردارەیە کە لەلایەن مرۆڤەوە دژی مرۆڤ پەیڕەو دەکرێ چەندین جۆری هەیە بەمانایەکی تر توندو تیژی کردارێکی مرۆڤ کردەو مرۆڤ لەگەڵ بوونی خۆیدا هێناویەتی و فراوان بووە.

ئەگەر لەڕوانگەیەکی تەواو مەعریفییەوە لەچەمکی توندوو تیژی بڕوانیین، دەبێت دابەشی بکەین بەسەر چەند جۆرداو هۆکارەکانی دەست نیشان بکەین، چونکە بەبێ دیاری کردنی مۆرك و ڕەگەزەکانی تووندو تیژی ناتوانین بنەماکانی بناسین و قسەیەکی جدی لەسەر بکەین لێرەوە هەوڵدەدە ین بە دوو قۆناغ پسە لەسەر توندو تیژی بکەین ..

1-توندو تیژی لەکۆنەوە بەرجەستە بوونی..

دیارە مرۆڤەکانیش لەخۆیانەوە ئەو عەقڵیەتە لەلایان جێگیر نەبووە، بەڵکو ئایدیاکان دەوری کاریگەریان گێڕاوە لەئاراستەکردنی مرۆڤ و گەیشتن بەو ئەقڵیەتە، لەبەر ئەوەی لەکۆندا، یاخود مرۆڤی سەرەتایی، بەگشتی لەژێرکاریگەری ئاییندا بووە ئایین عەقڵیەت و ڕێنمایی کاریان بووە بۆ هەموو کردارێکیان دەبێت ئاماژە بەڕۆڵی ئایینەکان بکەین، کەچەند مرۆڤیان بەرەو شەڕەنگێزی و توندوتیژی ئاراستە کردووە .

تەورات لە سەر گوزەشتەی خەڵق کردنی داو لەبابی (هابیل و قابیل ) دا زۆر ڕاشکاوانە بە مرۆڤ دەڵێت لە پێناوی ئارەزووە کاتیەکاندا ئەوپەڕی توندو تیژی بەکار بهێنەو بەرامبەرەکەت لەلاناو بەرەو بیسڕەوەوە، هەر بۆیە چیرۆکی هابیل و قابیل نموونەیەکی بەرجەستەی کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤە بەدەستی مرۆڤ و سڕینەوەشی هەر ئەوەی جەلاد فێردەکات کە چۆن تەرمی قوربانی بشارێتەوە ئەمەش بۆ خۆی دروست ئەو مانایەی هەیە کە دەکرێت تۆی جەلاد بەئارەزووی خۆت کار بکەیت و ئاسەواری قوربانییەکانیش لەبەرچاوان وون بکەیت . ئاماژەیەکی تری تەورات ئەمەیە کە توندوتیژی دەگەیەنێتە لووتکەو هیچ بوارێك بۆ جیاوازی و تەبایی ناهێڵێتەوە کۆمەڵگاو مرۆڤ بەیەك ئاڕاستەدا بەرجەستە دەکات کە هەمیشە خاوەنی عەقڵیەتی تۆڵەو لەناو بردن و کوشتن بێت، بۆیە لەیەکێك لەئامۆژگارییەکانیدا دەڵێت (چاو بەچاو) مەبەستی تەورات ئاشکرایە کە هیچ لێبوردنێك و ئامۆژگارییەك نی یە بۆ چارەسەری هەڵە تەنها توندو تیژی نەبێت، ئەو ڕوانگەیە لەلای ئیسلامیش دووبارە بووەتەوە لەگەڵ ئەوەی ئایینەکان هەموویان عەقڵیەتی پیاو سالاریان بەرهەم هێناوە. بەمانایەکی تر ژن لەلای ئایینەکان حسابی کالأو پلە دوو ناقص عەقڵیان بۆ

کراوەو کراونەتە وەسیلەیەکی خۆش گوزەرانی بۆ پیاو هەموو مافێکیان بەپیاوان داوە تا ئەوپەڕی توندوتیژی لەدژی ژنان بەکار بهێنن بە بێ ئەوەی دووچاری هیچ سزایەك بن، چونکە بەپێی ئایینەکان ژن ئەو کائینە تاوانبارەیە کە بووەتە هۆی فریودانی پیاو و سەرپێچی لەفەرمانی خودا،بۆ یە خوداش تۆڵەی لێ کردۆتەوەو پیاوی کردووە بەگەورەی ئەو. هەربۆیە لەتەوراتدا ئاماژەی بەوەداوە کەژن (بەئازارو ژانێکی زۆرەوە نۆ مانگ لەناو سکیدا کۆرپەکەی هەڵدەگرێت، بەلاّم پیاو سەرداریێتی ) ئەو ئاماژانەی ئایین بۆ توندوتیژی دژی ژنان بۆ خۆی سەرچاوەی باشی ڕێنمایی کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بووە بۆ ئەوەی هیچ کات لەبەکارهێنانی توندو تیژی دژی بەرامبەر سڵ نەکەنەوە و بەکاری بهێنن..

هەڵبەتە ئایینەکان زۆرترین تێکستیان لەبارەی چەوساندنەوەی ژنان و پەراوێز کردن و پلە دوویان پۆلێن و بەیان کردووە شەریعەتیان بەچەوساندنەوەو سزادانی ژنان داوە، کاتێك ئایینێك بەڕەسمی مافی لێدان بەپیاو بدات و ئامۆژگاری پیاوان بکات کە بەئارەزووی خۆیان توندوتیژی لێدان دژی ژنان بەکار بهێنن و عەقڵیەت و عەقیدەی کۆمەڵگا تا ئەندازەیەکی زۆریش دەستوور لەسەر ئەو بینا کرابێت، ژنان جگە لە سوکایەتی کردن و لێدان بەولاوە چیان بەردەکەوێت .

ڕەوتی عەقڵیەتی ئایینی و توندوتیژی بەجیاوازی ئایینەکانەوە تازەمەنی ئێستا درێژەی هەیە، بەلاّم بەشێوە یەکی گشتگیری لەخۆرئاوا تا سەردەمی سەرەتای سەدەی بیست بەشێوە توندوتیژیەکەی درێژەی کێشاوە لەوە بەدواوە، کەبەشێکی زۆر لەوولاّتانی خۆرئاوا لەژێر کاریگەری شۆڕشی فەڕەنسیدا توانیان لەژێر دەسەلاّتی ئایین ڕزگاریان بێت و لەدەسەلاّت و یاسا جیای بکەنەوە بەلاّم ئەوەش بەو مانایە نی یە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆتاییان هات، دوای کۆتایی هاتنی دەسەلاّتی ئایین لەخۆ رئاوا جۆرێکی تر لە توندو تیژی پەرەی گرت کە ئەمەیان لەدەرەوە دەسەلاّتی ئایین بگرە زۆر ترسناکتریش بوو، چونکە ئەمەیان لەودیو دیوارەکانەوە ئەنجام نەدرا، بەلّکو زۆر بەئاشکرا بەڕێوە دەچوو بەتایبەت لەکاتی جەنگەکاندا زۆرترین کرداری توندوتیژی ئەنجام دراوە هیچ یاسایەك نەبووە بەرگری لەو کارە بکات کە لەیەك کاتدا هەزارن مرۆڤ کراونەتە قوربانی دەسەلاّت وهەزاران ژن ئیغتیصاب کراوە، لەبەر ئەوەی لەولاّتێکی داگیرکراودایە بۆیە هەموو مافێکی لێ زەوت کراوە بەمافی ئینسانی بوونیشەوە زیندووترین نموونەش جەنگەکانی جیهانی و جەنگەکانی تری داگیرکاری و شەڕە ناوخۆییەۆکانە کە زۆرترین توندوتیژی و کوشتاری ئینسانی تیا بەکار هێنراوە، دیارە ئەم هەموو کردارە لەخۆیەوە نەهاتووەو سەرچاوەیەك و پاڵنەرێکی هەیە بۆ بەرجەستە بوون، لەپێشتر ئاماژەم بە ڕۆڵی ئایین و ئامۆژگارییەکانی کرد، کەچۆن مرۆڤ لەسەر عەقڵیەتی سڕینەوەی بەرامبەر پەروەردە دەکەن و هانی دەدەن، دیارە لیستی سوودو قازانج پەرستیش لەڕۆڵی ئایین کەمتر نەبووە بۆ فراوانبوونی توندوتیژی دژی مرۆڤ و بەشێك لەڕۆشنبیرانیش دە وری کاریگەریان هەبووە بۆ ئاراستەکردنی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی .

کاتێك ڕۆشنبیرێك گوتارەکەی بەئاراستەی سڕینەوەی بەرامبەر بینا دەکات و جیا وازی لەنێوان ئایین و نەتەوەو ڕەگەزەکان دەنێتەوە

هانی مرۆڤەكان دەدات كە جیاوازی بكەن لەڕەنگی پێستدا ئەوا بەدڵنیاییی یەوە چەندین نەتەوە شوێن پێی ئەو ئامۆژگاریانە دەكەوێت كارەساتی كاولكاری ڕەش پێستەكانی ئەمەریكا لەلایەن باڵادەستە سپی پێستەكانەوە و لەناوبردنیان و ئیغتیصاب كردنی ژنان و كۆیلە كردنیان هیچ لە ڕۆڵی ئایینەكان كەمتر نەبووە، توندوو تیژی نازیەكان بەرامبەر ڕەگەزی جوولەكەو قەتڵو عام كردن و سڕینەوەیان چەندین كاری توندو تیژی بەرهەمی دنیای سەرمایەداری و ئامۆژگاری وتارەكانی بەشێك لەڕۆشنبیرانی جیایی دیین لەدەسەڵات.

هەڵبەتە جۆرێكی تر لەتوندو تیژی كەئەمەیان تایبەتی ترەو لەسەر ئەساسی تاك بەكار دەهێنرێت پەیوەندی بە سروشت و سایكۆلۆژیەتی ئینسانەوە هەیە، سەرچاوە ولەنامۆبوونی مرۆڤەوە دەگرێ.

ئەوكاتە مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەبێت بەكۆمەڵگاو دەوورو بەر بەخودی خۆشی نامۆ دەبێت لێرەوە دووچاری ڕق دەبێت و ئەو ڕقەش لە دەروونیدا پەنگ دەخواتەوە بە شێوێن لەحزیەكەدا دەگەرێت بیتەقێنێتەوە .. بۆیە زۆرترین جار حاڵەتی نامۆ بوونی مرۆڤ توندوتیژی لێ دەكەوێتەوە، ئەو مرۆڤانەی توشی نامۆ بوون دەبن بەتاوانی كۆمەڵگای دەزانن و ڕقیان لەكۆمەڵگا دەبێتەوە دەیانەوێت تۆڵە لەكۆمەڵگا بكەنەوە، لەزۆرترین حاڵەتیشدا ژنان دەكەنە نێچیری خۆیان و ڕقی پەنگ خواردووی خۆیانی بەسەردا دادەبارێنن، حاڵەتی سادیزم كە بۆ خۆی جۆرێكی ترە لەتوندو تیژی و چێژ وەردەگرێت لەئازاردا نی بەرامبەرو هەموو تواناكانی دەخاتە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی قوربانی و ئازاردانی تابۆ چەند لەحزەیەك چێژ وەربگرێت كەدیارە ئەمەیان حاڵەتێكی دەروونی یەو نەخۆشی یە.

بەهەرحاڵ توندوتیژی چەندین ڕووی تری هەیە و دەكرێت بڵێین چەند مرۆڤایەتی پێش بكەوێت ئامرازكان و جۆرەكانی توندوتیژی زۆر دەبن و پەرە دەسێنن و ئاكامی خراپتری لێ دەكەوێتەوە دژ بەكۆمەڵگاو ژنان .

2- توندوتیژی لەسەردەمی تەكنۆلۆژیاو بەجیهانی بووندا .

ئێستا جیهان بەئەندازەیەك پێش كەوتووە كە مرۆڤ فریای گۆڕانكاریەكان و پێشكەوتنەكان ناكەوێت. تەكنەلۆژیای نوێ توانیویەتی سنورەكان ببەزێنێ و خۆی بكات بە دەروازەی دوورترین ماڵەكانی دوونیادا، خەریكە سنوری نەتەوەكان نامێنێت بەلآم هەموو ئەو پێشكەوتنانە لەبواری تەكنەلۆژیادا نەیان توانیوە ئاراستەی توندوتیژی بگۆڕێ و كەمی بكاتەوە لەسەر ژنان و بگرە لەگەڵ پێشكەوتندا توندوتیژی شێوازی مۆدێرنتری وەر گرتووە چەندین دەستەو گروپ و تاقمی مافیایان بەرهەم هێناوە، كە كاریان تەنها توندوتیژی و بازرگانی كردنە بە مرۆڤەوە دیسان تەكنەلۆژیای نوێ بۆتە هەڵگیرساندن و زیندوو كردنەوەی درندەترین گروپ و ڕێكخراوی جۆراوجۆری كۆنە پەرستی و ئوسولی ڕەگەز پەرستی كە كاریان تۆقاندن و تیرۆرو توندو تیژی یە دژی مرۆڤ.

ئەگەر چاوێك بەو ئامارانەدا بخشێنین كەخودی وولاتانی سەردەمی تەكنەلۆژیاو بەجیهانی بوون لەبارەی توندوتیژی ودەست درێژی بۆ سەر ژنان بلاویان كردۆتەوە ژمارەی زۆر ترسناك وڕوو لەزیاد بوون دەبینین .

ئەمــەریکا یەکێکــە لەووڵاتانــەی کــە خــاوەنی مۆدێرنە ترین تەکنەلۆژیای سەردەمە بەئاستێك پێشــکەوتووە لــەو ڕووەوە گەیشــتوون بــەکۆپی کردنی مرۆڤ،بەڵام لەبارەی مۆرالی و توندوتیژیەوە نزمترین ئاستی تۆمار کردووە .

ڕۆژانــە لەئەمــەریکادا زیــاتر لــە (10) ژن ئیغتصاب دەکرێت وهەزاران ژن دووچاری لێدان دەبن،بــۆ نمونــە لەســاڵی (1967بــۆ1973) لەئەمەریکادا (17500)تاوانی کوشتن دژی ژنان ومنداڵان ڕوی داوەو پیاوان ئەنجامیان داوە،بەڵام ئەو ئامارە لە (1994) حاڵەتی توند وتیژی خێزانی لەئەمەریکادا گەیشتووە بەچوار ملیۆن، بۆیە دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەڕوویەك لەڕووەکانیەوە جگە لە توندوتیژی وفراوان بوونی دژی ژنان لەووڵاتانی پێشکەوتوو هیچی بەرهەم نەهێناوە، لەوانە زیاتر ئێستا لەوڵاتی پێشکوتوودا بازرگانی بەمنداڵانی خوار تەمەنی 10ساڵەوە دەکرێ بۆکاری سێکسی وبازرگانی بەمادده سرکەرەکانەوە بەکاردەهێنن سەرباری لێدان و شێواندنی جەستەیان و تیرۆرکردنیان، بەپێی ئامارێك لە (70٪)ی دەستدرێژی کردنە سەرمنداڵان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدەدرێت، بۆیە دەبینین لەجیهانی پێشکەوتوودا زۆرترین قوربانی دەستی توندوتیژی ژنان و منداڵانن، لەگەڵ ئەمانەشدا جۆرێکی تر لە توندوتیژی کەپیاوان دژی یەکتر ئەنجامی دەدەن هۆمۆسێکس وێڵەکان و زۆر درندانە توندوتیژی بەرامبەربەیەك ئەنجام دەدەن کە دەبێتە هۆکاری گیان لەدەست دان .

بەهەرحاڵ توندوتیژی ئەو دیاردە مێژوویی یەیە کەلە کۆنەو تا ئەمرۆ درێژ بووەتەوەو مرۆڤایەتی داگیر کردووە و هەر دەسەڵات و ئایین و نەتەوەیەك بەئەندازەی قورسایی و دەسەڵات دەوری کارای گێڕاوە لە فراوان بوون و ئەنجامدانی، بەڵام ئەوەی کاری بۆ نەکراوە کاریشی بۆ کرابێت نەیتوانیوە ببێتە هۆی بنەبڕکردن و کۆتایی هێنان پێی، پێشکەوتنیش زۆر جار بەرەوی پێداوەو فراوانی کردووە ئەو ڕاستیەش ولەو ئامارانەدا دەردەکەوێت کەرپێکخراوی تایبەت بەو مەسەلەیە بلاوی دەکەنەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین بەبێ چارەسەرکردنی توندوتیژی هەنگاونان بەرەو ژیانێکی شایستەو ئازاد مانایەکی نابێت و بگرە بەربەست دانانەو ڕێژەی قوربانیەکان زیاد دەکات، مرۆڤایەتی زیاتر بەرەو عەقڵیەتی شەڕەنگێزی دەبات و لەلێواری لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی ئازاری زیاتر دارای دەگرێت .

ئێستا لەتەواوی جیهاندا بەبێ جیاوازی توندوتیژی دژی ژنان پەیرەو دەکرێ و دەسەڵات و ئایدیاو ئایینەکان هیچ ناگۆڕن و هەریەکەیان بەپێی قورسایی و دەسەڵاتیان ژنان دەچەوسێننەوەو جیاوازی ناکەن لەڕەنگی پێست و زمان و نەتەوەداو لەسەرتاسەری جیهان ژنان ئازار دەدرێن و دەست درێژی دەکرێتە سەریان، بۆیە جیهان پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە لە هەموو ڕووەکانەوە، بەئەندازەی پێشکەوتنی زانست و زانیاری دەبێت بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان دژ بەژنان بگۆڕێ و یاسایەکی نێودەوڵەتی دژ بە چەوساندنەوەی ژنان دەربچێت و ڕێگەی جدی بۆ دابینبکرێت لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی نەك وەك پەیمان نامەیەك بێت و بەس.

سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە

1-توندوتیـژی خێزانـی ن/ ئالیسـا دلتـافۆو/ ئـاوات محمد
2-سروشت تونـدو تیـژی ن/ ئـەریك فـرۆم و/ ئـاوات أحمد
3-تەورات
5- کۆمەڵێك وتار دەربارەی کێشەی ژنان.
ن/ سەرودر کەریم

## شکاندنی شەرەف و ماناکانی پشت شەرەف پارێزیەوە .........!

یەکێکە لەو مانا باوو تەقلیدیانـە لـە کۆمـەڵگاو فەرهـەنگ وکلتـووره دواکـەوتووه مەزهەبیەکانـدا زۆرترین بوونی هەیە و پانتایی داگیر کـردووه زۆر بەتونـدی دەسـتی پێـوه دەگـرێ و جۆرەهـا کێشـەی تایفی وخێڵەکی ومۆراڵی لێدەکەوێتەوه، مەسـەلەی شـەرەف وشـەرەفپارێزییەو، وه پیاوەکـانی ئـەو کۆمەڵگایـە زۆر بەتونـدی مومارەسـەی دەکـەن لەسـەر ڕەگـەزی مـێ و دنیایـەك سانسـۆریان بـۆ دانـراوه .یـەکێك لـەماناکانی شـەرەف کـەپیاوی دواکەوتووی مەزهەبی پێوەی پەیوەستە بریتییـە لەئەندامێکی جەستی مێینەو دەبێت ڕەگـەزی نێـر زۆر بەتونـدی پارێزگاری لێبکات وچـەندین یاساو مـــۆراڵی کۆمەڵایـــەتی بـــۆ حـــەرامکردنی دابنێت،هەربۆیە لەلای ئـەو عەقڵێـەت وفەرهەنگە ژنـان لـەزۆرترین شـوێنەکانی کـارکردن وکـاری کۆمەڵایـەتی سیاسـی دووردەخرێنـەوه ورەوانـەی چوار دیواری ماڵ دەکرێنەوه لەوەش بـاوتر هـەوڵی ئـەوه دەدەن،کەجلوبـەرگی ئاودامانیـان پـێ لەبـەر بکەن (حجاب)، چونکە ئـەو عەقڵێەتـە پێیوایـە ژن بـۆ خـۆی کوتلەیەکە لـە (سـێکس) وبەدەرکـەوتنی ئیحساسی پیـاو دەجوڵێنێت ناتوانرێت پاریزگاری لەشـەرەف بکـرێ، ئەمـەش دەبێتـە هۆکـاری دۆڕانـدنی شـەرەفی خێـزان وخێـڵ وسـەر شـۆڕی بۆیـان، تـەنها بیرێکـیش لـەلای ئـەو فەرهـەنگ و عەقڵیەتـە ئـیش دەکـات ئەوەیـە کـەدەبێت بـەزووترین کات ئـەو شـەرەفە بکرێتـەوه لـەڕێگای کوشتنی ژنەکەوه،لێرەدا مەبەسـتی مـن تـەنها ئـەو کرده سێکسیە نیە کەلـەلای پیـاوی خـۆر هـەڵاتی و مەزهـەبی دەبێتـە هۆکاری کوشـتنی ژنـان بـەناوی پارێزگاری وشۆردنەوەی شەرەفەوه،بەڵکو شـکاندنی شـەرەف بـەمانا تەقلیدیەکـەی ڕەنگدانـەوەی لـەناو سەرجەم بوونیادە سیاسی وئابووری و حزبیـەکان هەیەو کاری لەسەر دەکرێ و بەشێکی زۆر لەحزبە سیاسیەکان لەڕێگای دەستدرێژی بۆسەر ژنان قـەرە بـــوووی سیاســـەتی شکســـت خـــواردووی خۆیـــان دەکەنەوه.

کاتێـك حزبێکـی سیاسـی دووچـاری سکشـت دەبێت ئاسانترین وەسیلە کە دەستی بۆ ببـات بـۆ تۆڵـە کردنەوەیـەکی وەهمیانـە لەبەرامبەرەکـەی پەنا بۆ دەست درێژی وڕفاندنی ژنانی نەیار دەبـات وپێیوایـە لـەو ڕێگەیـەوه هـەوڵی شـکاندن وئـابڕو تکاندنی بەرامبەر دەدات .

ئەم کلتووره نەزان ودواکەوتووەی پیاوی ئاینی وخێڵەکیە پانتایی کۆی نەستی پیاوانی سەر بـەو یەکانەی داگیر کردووه وپێکهاتـەکانی خێـڵ وتایفـە و جۆرەکـانی تـری کـەدواتر لـەحیزب وڕێکخـراودا خۆی دەبینێتەوه زۆرتـرین پانتـایی داگیر کـردووه وکاری لەسەر دەکەن .

ئەو کردارەش زۆر بەڕوونی لـەناو بونیادەکـانی ئەوپێکهاتانـەدا دەبینرێـت کاتێـك دەسـەڵاتێك دووچـــاری مەترســـی یـــەك دەبێـــت لەلایـــەن نەیارەکانیـەوه بـە وەسـیلەی بـەرگرتن ناتوانێـت بەئاسانی دەستگیریان بکات پەنابۆ دەستگیر کردنـی ژن و کچـەکانیان دەبـات ولـەڕێکای هەڕەشـە کـردن بـــەئابڕوبردن و شـــکاندنی شـــەرەف داوای تەسـلیمبونیان لێدەکات،کەئەمـە بـۆ خـۆی دڕندانـەترین و ناشـیرنترین کـرداری ئـەوجۆره دەسەڵاتە خێڵەکی و مەزهەبیانـە کە هەمیشە ژن وەك ئـامرازێکی سێکس وئـابڕووی پیـاو دادەنـێ و هەوڵی شکاندنی بەرامبەری پێدەدات .

ئەم جۆره تێڕوانینە بـۆ ژنـان هەمیشـە مایـەی قوربانیـدان وکۆیلـە کردنـی زیاتریانـە، کـەخۆی لەبنەڕەتدا ئەوجۆره تێڕوانینە بـۆ ژنـان ئەوپـەڕی بێمانـایی ونامرۆڤانەیـە ولەڕاسـتی دا هـیچ کـات

شەرەف پەیوەست نیە تەنها بەژنان، یاخود بەئەندامێکی جەستەیانەوە کەکلتور فەرهەنگی ئاایینی وخێڵەکی سنوورداریان کردووەو پەیوەستیانکردووە بەژنانەوە.

بەبڕوای من ئەوانەی بانگەشەی شەرەف پارێزی دەکەن لەدواجاردا خۆیان سەرچاوەی شکاندنی شەرەفپارێزین،بەمانا تەقلیدیەکەی خۆیان وهەمیشە لەخەیاڵیاندا ئارەزوویەکی زۆر بوونی هەیە بۆ پەیوەست بوون بەژنانەوە ودەبنە پیاوێکی بچووك وگرگن خەسیو ودەتوێنەوە تاکو بەژنێك بگەن لەودیو دەمامکە کانەوە لەبەرامبەریدا دەتوێنەوە هەموو ماناکانی شەرەف پارێزیش وندەکەن ودەبنە مۆدێرنترین مرۆڤ وهیچ ووشەیەك لەمانای شەرەف و تایبەت بەئەندامێکی جەستەی ژن بەزاریاندا نایەت، بەڵام خۆی گرفتی سەرەکی بۆ ژنان لەوێدایە کەزۆر جار خۆشیان هەست بەوە دەکەن کەسەرچاوەی شەرەفن، بۆیە دەبێت ژنان ئەو بیرە لەمێشکی خۆیاتن دەربکەن کەسەرچاوەی شەرەفن بەڵکو بەڵکو پەیوەستە بەهەموو کردارەکانی ناو کۆمەڵگاوە نەك ژن.

## دەستوری نوێی عیراقو مەسەلەی مافەکانی ژنان

یەکێك لەگرنگترین پرنسیپەکانی رێکخستنی هەر کۆمەڵگەیەك مەسەلەی دەستوورە، دەستوریش بۆ خۆی پەیوەستە بەئاستی تێگەیشتنو پێشکەوتنی ئاستی وشیاریی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگایە، هەر لەوێشەوە پێوەرەکانی ئازادیی‌و سانسۆرو مافی هاوڵاتیبوون دیاری دەکرێت.

هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی دەستووری بنەڕەتیی نەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو کۆمەڵگەیە لەهەموو رووەکانی ژیانەوە دووچاری لەبەریەك هەڵوەشانو نائارامیی دێتو جۆرەها کێشەی سیاسی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و مۆراڵی تیایدا سەرهەڵدەداتو تواناکانیش بۆ چارەسەرکردن لەئاستێکی ئەوپەڕی ئاڵۆزو لاوازدایەو ئینسانەکانیش لەبەر بوونی ئەو حاڵەتە لەهەژاریی رۆشنبیریی‌و ئابووریی‌و داماویی ژیاندا دەژینو ناتوانن چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە.

هەڵبەتە من لەم گۆشەیەدا نامەوێت قسە لەسەر سەرلەبەری کێشەی دەستوورو هۆکارەکانی بکەم، بەڵکو قسە لەسەر هۆکارێکی بنەڕەتیی دەکەم کە گرنگییەکی حەیاتیی بۆ سەر تەواوی کۆمەڵگاو ئینسانەکان هەیەو کاریگەریی قورسی لەسەر داناون، ئەمرۆ دوای ڕووخانی رژێمی بەعس، یەکێك لەشتە بنەڕەتیی‌و ئەساسییەکان کە قسەی لەسەر دەکرێ مەسەلەی دەستوورێکی نوێیە بۆ عیراق، بەڵام پرسیارێکی گرنگ کە دەبێ بەجدی وەربگیرێ لەچوارچێوەی دەستووری نوێدا مەسەلەی مافەکانی ژنانە.

ژنانی کۆمەڵگای عیراق بەدرێژایی (35) ساڵە گەورەترین چەوساندنەوەیان بەرکەوتووە لەڕێگەی دەسەڵاتو دەستوورەوە، چونکە لەدەستوری رژێمی بەعسدا ژنان پلەدوو بوونو زۆرینەی مافەکانیان لێ زەوتکراوە، تەنانەت زۆرجار مافی ئینسانی بوونیان لێ زەوتکراوەو دەسەڵاتدارەکانی بەعس بەئارەزووی خۆیان دەستووری ناجۆرو نەشیاویان بەسەردا سەپاندون، بۆیە ئێستا کە رژێمی بەعس نەماوەو قسە لەسەر گۆڕینی دەستوور دەکرێ، بەبڕوای من دەبێت بەر لەهەموو شتێك، دەستوور لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتیبوون بەبێ جیاوازیی رەگەز دابمەزرێنرێو هەرچی ئاسەواری کۆنی پلەدوویی‌و نایەکسانیی هەیە بسڕێتەوەو دەستوری نوێ بەبێ وەرگرتنی ڕای گشتی هاوڵاتیان هیچ بنەماو شەرعیەتێکی نییە، چونکە دەستوور هەر لەبنەڕەتەوە بۆ

ڕێکخستنی پەیوەندیی ئینسانەکانەو دەبێت بەخواستو بەرژەوەندیی ئینسانەکان دابڕێژرێت، نەك بەویستو بەرژەوەندیی خێڵ، یاخود مەزهەبو حزبو ئایدیایەکی دیاریکراو، هەرچەند هەر لەسەرەتاوە جۆرێك لەڕەشبینیی بەدیدەکرێت لەلایەن ئەنجوومەنی حوکم لەعیراق، چونکە لەکۆی (25) ئەندام لەسەدا هەشتی ژنانە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەکۆی ئەو ژمارەیە (12) ئەندامیان دژی ئەوەن کە مافەکانی مرۆڤ بەپێی ڕێکەوتنامەی جنێف لەعیراق جێبەجێ بکرێو لەدەستووردا جێگەی بکرێتەوە، خۆ لەئەنجوومەنی وەزیرانیش ڕێژەی بەشداریی ژن لەوە کەمترەو لەسەدا (6.6)دەبێت، کە ئەمەیان حساب نەکردنە لەسەر ژنانو مافەکانیان، بۆیە دەبێت ژنان بەرلەوەی فرسەتیان لەدەست بچێتو جارێکی تریش بۆ چارەنووسێکی نادیار مافەکانیان هەڵپەسێرن، ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی دنیای پێشکەوتنو خەباتی خۆیان توانیویانە لەهەندێك ناوچەی دیاریکراوی عیراق بەتایبەتی کوردستان بەدەستیان هێناوە لەدەستی بدەن.

ژنانی کۆمەڵگەی عیراق هەر لەئێستاوە کار بۆ ئەوە نەکەن کە لەدەستوری نوێدا جێگەو ڕێگەی خۆیان بگرنو مافەکانیان بسەپێننو مەیدانی کاروچالاکیی خۆیان فراوان بکەنو فشار دروست بکەن، بەدڵنیاییەوە عەقڵییەتی ئاینی پیاوسالاریی نەك مافیان پێنادات بەڵکو ئەوەی بەدەست هاتووە بەرەو لێسەندنەوە دەچێت دواتریش بەشێکی ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ژنان خۆیان، بۆیە ژنان دەبێت زیرەکانەتر بێنەمەیدانو خۆیان زیاتر ماندوبکەن، بەتایبەتی ژنانی کوردستان، کە خاوەنی ئەزموونێکن لەکاری ڕێکخراوەییو ئاشناکردنی ژنانو وشیارکردنەوەیان بەمافەکان، بۆیە دەکرێ ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان بەهاوکاریی بزوتنەوەی پێشکەوتوخوازییو یەکسانیخواز ببنە پێشەنگی ئەو کارانەو فشار دروستبکەن کە دەستووری نوێی دەستەبەری مافەکانی ژنان بکاتو هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزیی لەدەستووری نوێدا نەبینرێ.

## بازرگانیکردن بەژنان
## یان سیمایەکی دزێوی کەڵەکەکردنی سەرمایە

دیاردەی بازگانیکردن بەژنانەوە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، لەوکاتەوەی دەسەڵاتی کۆیلەو سەید دامەزراوە بازرگانیکردن بوونی هەیەو بەڕێگای جۆراوجۆر لەسەر ژنان جێبەجێدەکرێ، لەئامانجدا ئەو کردارەی پیاوان جگە لەفرۆشتنی ئەو ئینسانەو تێرکردنی ئارەزوەکانی کڕیار هیچ مانایەکی تری نییەو فرۆشراویش، لەهەموو بەها ئینسانییەکانی دادەبڕێتو دەبێتە کاڵاو نرخی لەسەر دادەنرێت.

لەکۆندا ژنان لەلایەن پاشاو مەلیكو خاوەن سامانەوەو بەڕێژەیەکی بەرچاو بازرگانییان پێوەدەکراو وەك کۆیلەو کەنیزەكو جاریە ڕادەگیرانو خاوەنی هیچ جۆرە مافێك نەبوون، کڕیار بۆی هەبوو هەموو شتێکی لێبکات کە ئاسانترینیان دەستدرێژیی سێکسی بوو، هەرکاتێکیش بیویستایە دەیفرۆشتەوە، لەو سەردەمەدا ژنان هێندە دەچەوسێنرانەوە،بەبێ ئەوەی هیچ بەرگرییەك هەبێ لێیان، تاکو لەگەڵ ئاژەڵیشدا جووتدەکران، لەمێژوودا کرداری هارونە

ڕەشید زۆر ڕوونە کە چۆن مەیمونی لەگەڵ کەنیزەکەکان جووتدەکرد.

بەدرێژای بەرەوپێشچوونو گۆڕانکارییەکان لەدەسەڵاتو دەستووردا شێوازی بازرگانیکردن بەژنانەوە قاڵبو چوارچێوەی جیاوازی وەردەگرتو ئالیەتەکانی بازرگانیکردن بەژنانەوە فراوانو مۆدێرنتر دەبوو،مافیاو تاقمی جۆراوجۆری بازرگانی ژنان پەیدابوونو چەندین سنووری جۆراوجۆریان دەبڕی و دەگەیشتنە ئەو وڵاتانەی کە هەژاربوون بۆ فریودانی ژنانو فرۆشتنیان بەبازاڕەکانی سەرمایەی سێکسی.

بازارگانیکردنی ژنان لەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵات بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستپێکردو وەسیلەکانی پێشکەوتن، کە زیاتر زانستو زانیاریی دەگرێتەوە، وەك تۆڕەکانی سەتەلایتو ئینتەرنێتو مۆبایل،ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لەفراوانبوونی بازرگانیی ژنانو ئاسانکاریی لەگواستنەوەی نیچیرەکان لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوادا، شێخ نشیینەکانی کەنداو ماوەیەکی زۆرە کە زۆرترین بازاڕی کڕینی ژنانو کچانی ئاسیای ناوەڕاستن بەناوی کارکردنەوە، بەڵام دواجار ڕۆژانە ئەو ژنوکچانەی هاتوونەتە کەنداو بەجۆرەها شێوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریانو کەسیش بەرپرس نییەو ئەگەر ناڕەزایەتیش دەربڕن نان بڕاودەبن، لەم ساڵانەی دواییدا چەندین ناوچە ببوونە پردی پەڕینەوەی تاقمەکانی بازگانیی ژنانو لەکەمترین ماوەدا ژنانیان لەئەوروپای خۆرهەڵاتو ئاسیاوە دەگەیاندە مەلهاکانی ئەوروپاو لەوێ بازرگانیی بەجەستەیانەوە دەکرا.

بەپێی ئامارێك کە قسە لەوە دەکات لەساڵی(1995)دا ئەو ژنوکچانەی کە لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا هاتووچۆ دەکەنو بازرگانییان پێوەدەکرێت لەساڵێکدا (80) هەزار ژن بووە، بەڵام دواتر ئەو ڕێژەیە زیادیکردووە بۆ(120) هەزار لەساڵێکدا. باندەکانی بازرگانیی ژنان لەبیابانی سینا کە بەشێوەیەکی ئاشکراو لەسەر دەستی مافیاکانی ئیسرائیل بەڕێوەدەچێتو دەوڵەتیش گوێی پێنادات لەوەی ئەوروپا کەمتر نییە، ئامارەکان قسە لەوە دەکەن بەتەنها لەساڵی (2003)دا (15)هەزار کچوژنی لاوی میسر لەو ڕێگەیەوە گەیەنراونەتە مەلهاکانی ئیسرائیلو لەوێشەوە بۆ ئەوروپا کە نرخی هەر دانەیەك بەپێی لاوێتیان لە (7-10)هەزار دۆلار بووە.

دیارە تاکو ئەو ئەندازەیەی جیهانی سەرمایەداریی پێشبکەوێتو هەستە ئینسانیو کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کاڵا حساب بکرێو بازرگانیی پێوەبکرێ ژنان گەورەترین قوربانیی دەبنو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەئامارێکدا بڵاوی کردۆتەوە کە داهاتی بازرگانیکردن بەژنانەوە ساڵانە خۆی لە(7) ملیارد دۆلار دەدات.

دیارە لەکۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتدا ڕێژەی بازرگانیکردن بەژنانەوە زۆرەو جۆری کڕینو فرۆشتنەکانیش جیاوازیی هەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین گەر بەر بەو قوربانیدانە نەگیرێ ژنان دووچاری چەوساندنەوەی زیاتردەبنو بازرگانانی ئینسانیش کەڵەکەی زیاتری سامان دەکەن لەسەر جەستەی ژنان.

ئەو ئامارانە لەگۆڤاری(خانوادە سبز) ژمارە 95وەرگیراوە.

## ژنانی کەرکووك لەنێوان وەهمو ئازادیی بیرکردنەوەدا..!

## (ئای ئازادیی! چ تاوانێك بەناوی تۆوە ناكرێت ) مادام رۆلاند

رەنگە ئەو ڕاستییە لەلای هەموو تاكەكانی كۆمەڵگا ئاشكرابێت "كە تەواوی بزووتنەوە سیاسیو ئەتنیكیو نەتەوەییو ئایینەكان" لەسەردەمی بەر لەوەرگرتنی دەسەڵاتو ئازادیدا چ بەڵێنو پەیمانێك بەتەواوەتی كۆمەڵگاو ژنانیش بەتایبەتی دەدەن كە ئازادییان بەدەستهێنا تەواوی مافەكانیان بۆ دەستەبەردەكەن، كەركووك یەكێكە لەو شارانەی بەدرێژایی دەسەڵاتی پاشایەتیو تاكو كۆماریو دواتریش بەعس دەگات، لەژێر زۆرترین ئازارو چەوساندنەوەی ئایینیو نەتەوەییو رەگەزیدابوونو دەكرێت بڵێین زۆرترین چەوساندنەوەیان بەركەوتووە بەهۆی كێشەی خێڵو ئایینو نەتەوەییەوە رەوتی بێبڕانەوەی سەركوتی خەڵكی كەركووك لەسەردەمی بەعسدا بەبێ جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینیو نەتەوەیی (گەورەترین زامی قوڵی لەنێو سایكۆلۆژیەتی تاكەكاندا دروستكردبوو، بۆیە هەرچی بزووتنەوەكانیش هەبووە بەتایبەت بزووتنەوەی كوردی هەڵگری دنیایەك دروشم بووە بۆ خەڵكی كەركووكو بەڵێنی ئەوەی پێداون كە ئازادبوون زۆرترین خزمەتیان بكاتو مافەكانیان بۆ دەستەبەر بكات)، بەڵام ئەوە ماوەی ساڵێك زیاترە خەڵكی كەركووك رزگاریان بووە لەرەشترین دەسەڵاتی دنیا، بەڵام ئەو نائارامییو بێسەروبەرییەی لەكەركووكدا دەبینرێ زۆر بێوێنەیە، لەهەلومەرجێكی ئاوهادا دەبێت ژنان لەكوێی ژیاندابنو مافەكانیان لەچ ئاستێكدا قسەی لەسەربكرێو دەشێ تەواوی بزووتنەوەكان وەفاداربن بەژنانو مافەكانیان (خودی پرسیارەكان لێرەوە سەرچاوە دەگرێ).

ژنانی كەركووك لەوپەڕی ناهەمواریدا ژیان دەگوزەرێننو تەنانەت لەتەواوی مافەكانیان مەحرومكراونو رێگەكانی كرانەوەشیان لەبەردەمدا داخراوەو هەوڵێكی بێوچانی خێڵەكییو عەشایەریی بوونی هەیە كە دەبێت ژنان لەكونی ژوورەوەو لەچوار دیواری ماڵدا ژیان بگوزەرێنن، ئەمەش تەواو ئەو عەقڵییەتەیە كە نابێت ژنان تەجاوزی عەقڵییەتی باوی پیاوسالاریی بكەنو ئاشنابن بەمافەكانیان، رەنگە ئەوە لایەنێكی بێت، یان پاساوێك بێت بۆئەوەی كە هەلومەرجی كەركووك لەرووی ئەمنییەوە نائارامەو ژنانیش لەبەرئەوەی لاوازو زەعیفەو بەرگەی ئەو هەلومەرجە ناگرن رێگرییان لێبكەن بۆ هاتنەدەرەوەو كاری سیاسیو كۆمەڵایەتی كە خۆی لەخۆیدا ئەوە هەژارترین بەڵگەیەو نابێتە ساناترین پاساو بۆئەوەی رێگریی لەژنان بكرێت كە بەشداریی كایە كۆمەڵایەتیو سیاسییەكان نەكەن، ئەگەر بەدیوێكی تردا سەیری ئەو مەسەلەیە بكەین، بۆ خۆی هاتنە مەیدانی ژنانو كاركردنیان بۆ ئاشنابوونیان بەمافەكانیان ئەوپەڕی هەنگاونانە بۆئەوەی كۆمەڵگا بەرەوپێشكەوتنو ئارامیی ببات، چونكە ئێستا نیوەی خەڵكی كەركووك، كە ژنانە رەوانەی ماڵەوە كراونەتەوە بەپاساوی پیاوسالاریی، بەهەرحاڵ ئێستا ژنانی كەركووك پێویستیان بەوە هەیە بەوپەڕی لەخۆبوردوییو جددییەتەوە ئەو تەوقە بشكێننو بێنە مەیدانی كاركردن بۆ سەپاندنی مافەكانیان، چاوەڕوانیی دادیان نادادتو زەمەن تێدەپەرێتو گوێش بەبەڵێنی رەنگاورەنگ نەدەن بەوەی با ژیانی شارەكە ئاسایی بێتەوە ئەوجا ژنانیش دەتوانن قسەبكەنو بەمافەكانیان بگەن، كە بەدڵنیاییەوە كاتێك رەوتی ژیان ئاسایی دەبێتەوە ژنان پەراوێزدەكرێن، بۆیە دەكرێ لەئێستاوە زۆر بەجددیی كار بۆ هێنانەمەیدانی ژنان بكرێو وشیاربكرێنەوە بەمافەكانیان، ئەمەش بەكاری جددیی بزووتنەوەی ژنانو یەكسانیخوازیی دەبێتو رێكخراوەكانی ژنانیش، كە ئێستا لەو شارەدا بوونی هەیە، هەقە ببنە گروپی فشارو تەواوی پێشێلكارییەكان ئاشكرا بكەنو ژنان بانگهێشت بكەن بۆ كۆڕی خەبات ئەگەر نا، وەك ئەو نووسینەی برادەرێكی لێدێت كە لەرۆژنامەی كەركووكی ئەمرۆدا دەڵێت:

(کـەرکووك بـۆنی مـردوی لێـدێت) بۆئـەوەی کەرکووك رەنگی مردوو نەگرێو بۆنی مـردووی لێ نەیـەت ژنـان خۆیـان نـەخنکێنن، لەبەرئـەوەی رێگرییان لێنەکەن بەشداریی پرۆسـەی نەهێشتنی نەخوێنـدەواریی بکـەن، وەك ئـەوەی لەگونـدی حەسارو لەرۆژی (2004/5/31) روویدا، با ژنـان هـەنگاوی جـددیی بنێنو بێنـە نـاو ئـەو پـرۆژە فکرییانـەی کـە دەیـەوێت کۆمـەڵگاو ژنـانو وشـیاربکاتەوە بـەمافی هـاوڵاتیبوونو یەکسـانیی، ئەگـەرنا زەمـەن بـەجێمان دەهێڵـێو دوایـیش تاونەکەی لەئەستۆی دەبێت.

## ئایا دەکرێ لەئێستادا قسە لەیەکسانی بکەین...

چـەمکی یەکسانی، ئەوچـەمکەیە کە تـەواوی ژنـان لەسەرتاسـەری دنیـادا کردوویانەتـە دروشمـی سەرەکی خۆیانو کاری بۆ دەکەن رەنگە لەبەشێکی زۆری وولاتـانی دنیـا، بەتایبـەت لـەخۆرئاوا بـەهۆی فشاری جدی بزوتنـەوەی ژنـانو یەکسانی خـوازان توانرابێـت بەشـێك لەداخوازیـەکانی لەدەسـتووردا سـەپێنرابێتو لەگـەڵ پیـاوان یەکسـان کـرابن لەهەندێك رووی ژیـانو مافـەوە دەبێـت ئـەوەشمان لەیادنەچێت کەلـەرووی واقعـی و پراکتیکـی یـەوە ژنان لەتەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا نەگەیشتون بـە یەکسـانی تـەواوەتی و ژنـان رۆژانـە دووچـاری جیاکاری رەگـەزیو چەوسـاندنەوەو توندوتیـژی و ئیختصـاب دەبنـەوەو ئەمـەش لەشـوێنێکەوە بـۆ شـــوێنێکی تـــر دەگۆرێـــتو شـــێوازەکانی چەوساندنەوەش جیاوازی هەیە.

قســەکردن لەســەر یەکســانی لەهــەموو دەورانـەکانو دەسـەڵاتەکاندا بـۆردی خـۆی هەیـەو، ناکرێت ئـەوە لەبیربکـەینو بـەمافێکی کـەموکورت دەست بـەرداری بـین، لەبەرئـەوەی ژنـان تازەمـەنی ئێسـتا، کـەکاری کۆمەڵایـەتی و سیاسـی گۆرانکـاری جدی بەسەردا هـاتوەو ئێسـتا کارکردن بەوشـێوەی جـاران نییـە کـە بـازوی پتـەو بـەهێزی بوێـتو بـەوبیانووەوە رێگـا لـەژنان بگـرین کـە ناکرێـت یەکسانبن لـەرووی موچـەو کارکردنـەوە بـەپیاوان، چونکە ئێستا تەکنـەلۆژیای نـوێ ئەوئامرازەیـە کە زیـــاتر هێـــزی بـــیری دەوێـــت تاجەســـتەیی و لـەزۆربواری ئـامێرە نوێکـانی تەکنـەلۆژیادا ژنـان زوتر فێردەبنوکاری لەسەردەکەن، نەك پیاوان...

بۆیـــە دەکرێـــت لەئێســـتادا ژنـــان زیـــاتر قســـە لەیەکســـانی و ســـەپاندنی مافـــەکانیان بکـــەنو هاودەنگیەکی نێو نەتەوەیی دروست بکەن لەسـەر بەرقـەرارکردنی یەکسـانیی و رێکخسـتنی یەکـەو ناوەنـدی جۆراوجـۆری ژنـانو هێنانـە مەیـدانی پیـاوانی یەکسانیخواز بـۆ پاڵپشـتی داخوازینامـەی یەکسانیی هەمەلایەنەی ژنو پیاو بـەبێ جیـاوازی، دیارە قسەی من بەتەنیا لەسەرئەوەنییە کە ئێسـتا بزوتنەوەیـەکی نێونەتـەوەیی بـوونی نییـە بـۆ سەپاندنی یەکسانی و جیاکاری رەگەزی، بەڵام ئـەم بزوتنەوەیـە تائێسـتا نـەیتوانیوە ببێتـە گروپـی فشـاری جـدی و تـەواوی دەسـەڵاتەکان بخاتـە ژێـر پرســـیارەوەو داخوازیـــەکانی لەدەســـتوورەکاندا بسـەپێنێو سـزا بـۆ ئەوکـەسو دەسـەڵاتانە دابنـێ کەسەرپێچی لەیەکسانی دەکەنو جیاکاری رەگـەزی بـەرێوە دەبـەن..ئـەم کێشـەیە لـەدنیادا بەوشـێوەیە بـــوونی هەیـــەو باگراونـــدە مێژووییـــەکانیش نـــــەیتوانیوە دەســـــتەبەریبکات، دەبێـــــت لەوکۆمەڵگایانـــەی کـــە لـــەرووی کـــەلتوریو فەرهەنگیـــەوە پەیوەســـتن بـــەئایینو پیـــاو سـالاریەوەو، هەرلـە بنەرەتـەوە ژن بـەهاووڵاتی پلەدوو دەزانن و هەرگیز باوەریـان بەوەنیـە کە ژن یەکسانە لەگەوڵ پیاواندا، دەبێت قسەکردن لەسـەر یەکسـانی چـی مانایـەکی هـەبێتو بتـوانین قسـە لەسەریەکسـانی بکـەین، لەکاتێکـدا ئەوعەقلیـەتو

کەلتورە ژن وەك هاوولاتی قبولْ ناکات. کۆمەلگای ئێمە کە خاوەنی ئەوباگراوندە مێژووییە قورسەیە لەڕەتکردنەوەی مافی ژن وەك هاوولاتی و ئامادەنییە دەست بەرداری بچوکترین خالْ بێت کە هۆکارێك بێت بۆ دابینکردنی یەکێك لەبنەماو مافەکانی یەکسانی ژن...تائێستا ژن لەکۆمەلگای ئێمەدا لەسەر خۆشەویستی ئەتك دەکرێتو مافی بڕیاردانی چارەنووسی لێ زەوت دەکرێ، ئەوجا چۆن بتوانین ئەوعەقلە بگۆڕینو ژن قبولْ بکاتو مافی یەکسانی لەدەستووردا بچەسپێنرێت...بەلام فرسەتێك ماوەبۆئەوەی تەواوی بزوتنەوەی ژنانو یەکسانی خوازی وداخوازی یەکسانی بکەنە دروشمی سەرەکی خەباتیانو چەندین ناوەندی چالاکی پێك بهێننو کاربۆ فشاری جدی بکەن لەسەردەسەلاتو ڕەواندنەوەی کەلتورو عەقلیەتی نەفی کردنی ژنان...تائەو جێگایەی فشاری جدی دروست نەکرێو بزوتنەوەیەکی بەهێزە هەمەلایەنە دژی جیاکاری ڕەگەزی بەرێ نەخرێت، بەبڕوای من یەکسانی دەبێتە مەحالْو ڕەوتی ژیان بەئاراستەی کۆن خوازی خۆیدا دەڕواتو پێشکەوتنیش دەرئەنجامێکی بۆ ژنانو یەکسانی نابێت...

## فرۆشراو!

(شتە سەیروسەمەرەکانی جیهان زۆرن، بەلام هیچیان هێندەی مرۆڤ سەیرو سەمەرەنین)- ئەنتیگۆنا

ڕەنگە ناونیشانی ئەم گۆشەیە بۆ خوێنەر مایەی سەرنج بێت، یاخود سەرسوڕمان بەوەی( فرۆشراو) مانای چی دەگەیەنێتو چی دەفرۆشرێت، کالا، یاخود ئینسان، ئەگەر مەبەست لەئینسان فرۆشتنە خۆئێستا سەردەمی کۆیلایەتی و سەدەکانی ناوەڕاست نیە بۆ ئەوەی خوێنەر زۆر بەشوێن ناونیشاندا نەگەڕێتو راستەوخۆ ئەو گرێیەی لائاشکرابێت، کەمەبەستمان لە(فرۆشراو) بازرگانی کردنە بەژنانەوەو فرۆشتنیان بەناوی هاوسەرییەوە.

لەبەشێکی زۆر لەوولاتانی دواکەوتووی خاوەن کەلتوری ئایینی و خێلەکی و پیاوسالاریدا دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەریەوە بەڕێوە دەچێتو هیچ یاسایەکی ئینسانیش بوونی نییە بەربەوکارەی پیاوان بگرێت، کە بەئارەزوی خۆیان کچەکانیان، وەك هەرکالایەکی تری مالەکەی دەیانفرۆشێت، لەپێناو بڕێك پارەی کەمداو جەهەنمێك بۆ کچەکانیان دروست دەکەن.

ئەوکچانەی بەوشێوەیە بەشودەدرێن هەتا دەمرن لەو ژیانە نالەبارەدا دەژینو دەروازەیەکی رزگاربوون لەوزولمو چەوساندنەوەی بەسەریاندا سەپێنراوە، دەبێت ئەوپەڕی ملکەچی فەرمانەکانی باوکیان بن، بۆیە دەبینین ڕێژەی ئەوکچانەی بەوشێوەیە بەشودەدرێنو خۆیان دەکوژن، یان دەسوتێنن بەوهیوایەی رزگاریان بێت، ژیانە پڕلەچەوسانەوەیە ..

گەرچی دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەرییەوە لەخۆرئاوا نەماوەو یاساش ڕێگە بەوکارەنادات، بەلام لەوێش جۆرێکی تر لەفرۆشتنی ژنانو کچان بوونی هەیەو تاقمی جۆراوجۆر بۆ بازرگانی کردن بەژنانەوە بەکارهێنانیان بۆ کاری لەشفرۆشی و ریکلام وبازرگانی بەمادە بێهۆشکەرەکانەوەو بەزۆری ئەوژنو کچانە لەوولاتانی دەرەوەی خۆیان دەیانکڕنو ئەوکارانەیان پێدەکەن، بەلام لەوولاتانی دواکەوتوی خۆرهەلات دیاردەی فرۆشتنی کچان بەناوی هاوسەرییەوە بوونی هەیەو زۆربەی وولاتان پەیڕەوی دەکەنو

گۆڕانكاری و پێشكەوتنەكانیش هیچ كاریگەریەكی لەسەر عەقڵیەتی پیاوسالاریو خێڵەكی دانەناوەو بگرە بەكارێكی ئاسایی خۆیانی دەزانن، كە كچەكانیان بفرۆشن، لەگەڵ ئەوەی ئەوپیاوانەی بەوكارە هەڵدەستن دژی كچەكانیان لەڕووی فۆرمەوەخۆیان گۆڕیوەو رووپۆشێكی مۆدێرنیان داوە بەخۆیانداو بوونەتە خاوەنی زۆرینەی بەرهەمە تەكنەلۆژیە نوێكانو جلوبەرگیان گۆڕیوەو، بەڵام لەبەرامبەر كچانو ژنانو مافەكانیاندا زۆربەئاسانی هەركەسێك داوای كچەكەی بكات راستەوراست نرخەكەی دەدات بەگوێدا.

هیچ كات كچەكە بۆی نیە نارەزایەتی بەرامبەر بەوكارە دەبرێت، چونكە چارەنوس كوشتنە، وولاتانی خۆرهەلاتی كانگای ئازارەكانی ژنانەو هیچ یاساو رێساو دەستوورێك نیە بەرگریان لێبكاتو مافی ئینسان بوونیان بۆ بگەرێنێتەوە، بگرەزۆرینەی جار دەستوورو یاسای كۆمەلایەتی جێگای هەمووشتەكانی تردەگرێتەوە،یاسای گشتی دەولەتیش، چونكە عەقلیەتی پیاو سالاریو باوك سالاری داینــاوە دەبێتە پشتیوانی پیاوانو سەرجەم مافەكانی ژنان پێشێل دەكات.

لێرەوە زیاتر ناونیشانی گۆشەكە ئاشكرا دەكەین، كە ناونیشانی رۆمانێكەو باسی فرۆشتنی دووكچ دەكات لەلایەن باوكیانەوە، گەرچی ئەوپیاوە زەمەنێكی زۆرە لەخۆرئاوادەژی و فێری هەندێك ئەتەكێتی خۆرئاوابووە، بەلام هێشتا لەبەرامبەر كچەكانی خاوەنی هەمان عەقلیەتی پیاوسالاریەو كچەكانی، وەك هەمووشتەكانی مالەكەی بەمولكی خۆی دەزانێو بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی كرینو فرۆشتنیان پێوە بكاتو لەوولاتێكی خۆرئاواوە بیانگەرێنێتەوە بۆ كوێرە دێیەكی وولاتێكی خۆرهەلاتی و دووچاری ناخۆشترین چارەنوسی پرچەوساندنەوەیان بكات.

پیاوی خۆرهەلاتی زۆرینەیان، كەدەچنە خۆرئاواش ناتوانن دەست بەرداری عەقلیەتو كەلتوری دواكەوتوانەی خۆیان ببنو لەوێش مامەلەیەكی زۆرنامرۆڤانە لەگەل ژنو كچەكانیان دەكەن، پیاوی كۆمەلگای كوردیش، كە چوونەتە خۆرئاوا نەیانتوانیوە ئەوعەقلیەتی نێرسالاریە فرێبدەن ئازادی ببەخشن بەژنو كچەكانیان، رەنگە زۆرمان هەوالی ئەوكچانە بیستبێ كە باوكیان هێناویانەتەوە كوردستانو بەجیانهێشتونو هەولی كوشتنی ئەو ژنو كچانەشمان بیستوە بەناوی ناموس پەرستییەوە لەلایەن كەسوكاریانەوە لەخۆرئاوا كوژراون، بۆیە دەكرێت بلێین پیاوی خۆرهەلاتی لەهەر فۆرمو جلو بەرگێك دابێت، نابێتە پیاوێكی ئازادو دەست بەرداری توندوتیژی و چەوساندنەوە بێت لەبەرامبەر ژناندا و ناوچەش نایگۆرێت، جائەوپیاوە یەمەنی بێت، یاخود خەلكی كوردستان بێت، لەكۆمەلگای كوردیدا ئێستاش لەبەشێكی زۆری ناوچەكانی دهۆكو دەوروبەریو تەنانەت پشدەریش دیاردەی فرۆشتنی كچان بەناوی هاوسەرییەوە بوونی ماوە، بۆیە دەكرێت ژنان لەهەركوێیەكی ئەم دنیایەبن دژی دیاردەی فرۆشتنی كچان بوەستنەوەو هەولی كۆتایی هێنانی بدەن هەولی هۆشیار كردنەوەی جدی ژنان بدەن كە دژی فرۆشتنو بەكالاكردنیان بوەستنەوە. . .

تێبینی:

فرۆشراو-رۆمان-نوسینی: زانا موحسین-
وەرگێرانی لەسویدیەوە:زاگرۆس زەردەشتی

## هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمو ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم ژناندا...!!

ژنانی کۆمەڵگای کوردی، بەهۆی ئەو هەلومەرجەی، لەپاش راپەڕینی ئازاری(91)وە هاتوە ئاراوەو کەشوهەوایەکی نیمچە ئاوەڵای سیاسی، ژیانی خەڵکی کوردستان بەگشتیو ژنانیش بەتایبەتی گۆرانکاری بەسەردا هاتووەو ژنان توانیویانە کەمێك سود لەوفەزا سیاسییە وەربگرنو چەندین رێکخراوی ژنان دروستبکەن، لەگەڵ ئەوەی لەژێرسایەی حیزبەکاندان، بەڵام بونیان بۆ خۆی کەم تازۆرێك بواری بۆ هۆشیاری ژنان بەمافەکانیان ڕەخساندوە، سەرباری ئەوەی ژنانی کوردستان بەشەپۆلێکی گەورە بەشداری کاری سیاسی و ئیداریان کردووەو کاریگەریشیان هەبووە لەسەر دەسەڵات بۆ گۆڕینی چەند بەندێکی یاسای هەموو ئەوانە هەنگاوی ئیجابینو دەبێت ژنان لەڕوانگەی بەرژەوەندی مافەکانیانەوە چاولەئاینده برنو خەباتی بۆ بکەن ..لەدوومانگی داهاتوودا هەڵبژاردنەکانی کوردستانو عێراق دەست پێدەکات، ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی گرنگە بۆ ئێستای بزوتنەوەی ژنان کە بوونی خۆیان بسەلمێننو بەشداری هەڵبژاردن بکەن بەکاندیدی سەربەخۆی خۆیانو بەرنامەی خۆیان، ئەگەر ژنانی عیراق لەپێش ڕووخاندنی سەدامدا فرسەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسابێت بەدەنگی سەربەخۆی خۆیان بچنە هەڵبژاردنەوە، ئەوانیشانەی فرسەتێکی لەبارەو ئەنجومەنەکانی عێراقو دەستووری کاتیش بڕیاری ئەوەی داوە(25٪)بۆ ژنان، لەگەڵ ئەوەی ئەورێژەیە کەمەو دەبێت ژنان لەسەرتاسەری عیراقدا جەخت لەسەرئەوەبکەن کە هیچ جیاوازیەك نەمێنێتو ژنانو پیاوان بەیەکسانی دەسەڵاتەکان بەسەریاندا دابەش بکرێتو ئەمە خاڵی گرنگی خەباتو تێکۆشانی ئێستای ژنان بێت کەلەبەردەم ئاسۆی هەڵبژاردن دان، جگەلەوەی عیراقی ئێستا لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی چەسپاوی نییە، بەومانایەی خاوەنی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانە نییەو گرنتی ئەمەش نی یە کەلەئایندەدا نابێتە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانە، بۆ ئەوەی کەمێك هەوڵی خوێندنەوەی عەقڵیەت و بۆ چوونە سیاسییەکانی حیزبەکانی عێراق بدەین، دەبێت ئەوڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە هێندەی کۆنخوازو دژبەمافەکانی ژنان بونێکی گەورەیان هەیەو، جگەلەوەی ئەو هێزە کۆنخوازانەش بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان رێکخراوی جۆراوجۆریان بەناوی ژنانەوە دروست کردووە بۆ ئەوەی ژنان بگەڕێنەوە دواوەو کۆیلەی دەسەڵاتو عەقڵیەتی کۆنخوازیو پیاوسالاریان بکەن، کە ئەمە خاڵی ترسناکی ئایندەی عیراقەو ژنانیش لەکوردستان ئەزموونی بەشداری کردنی دووجاری هەڵبژاردنیان هەیەو دەزانن، کە چۆن حیزب بەبێ پرس کردن بەژنان نمایندەی خۆی بۆ پەرلەمانو شارەوانی دیاری کردووەو ئەوژنانەش زۆر بەکەمی توانیویانە زمانحاڵی مافەکانی ژنان بن، بەقەدەر ئەوەی زمانحاڵی حیزبو بوون، بۆیە حەقە ژنانی کوردستان لەم پرۆسەیەی لەپێشە بەوپەڕی جدییەوە کار بۆ ئەوەبکەن نوێنەرو زمانحاڵی خۆیان بەشداری پێبکەنو کاندیدەکان نوێنەری راستەقینەی ژنان بن، نەك ئەوەی حیزبەکان بۆ ئەوەی بڵێن ئەوەتا ژنان بەشداری دەکەنو وای لەقەڵەم بدەن کەلایەنگری مافەکانی ژنان، بەکورتی دەبێت لەم هەڵبژاردنانەی لەپێشە بەعیراقو کوردستانیشەوە، ژنان خۆیانو دەنگی

خۆیـان بەشـداری پێبکـەن‌و بەبەرنامـەو داخـوازی تەواوی یەکسانییەوە، نەچنە ژێر کاریگەری سۆزی ئایدۆلۆژی‌و حیزبایەتییەوە، چونکە دواتـر ئۆبـاڵی کارەکە دەکەوێتەوە ئەستۆی خۆیان.

ئەگەر ئێستا یەکـەمین هەڵبـژاردنی گشتی یـە لەسەرتاسـەری عیراقـدا نـەتوانن بـوونی خۆیـان بسـەلمێنن‌و کـار بـۆ نەخشـاندنی ئایندەیان بکـەن، ئـەوا دوای چەسـپاندنی دەسـەڵات، وەك لەپێشـتر ئاماژەم بۆ کرد رەنگە رەوتی کۆنخوازی زاڵ، بێت دوایـی هـەنگاونان‌و کـارکردن بـۆ چەسـپاندنی یەکسـانی قـورس تردەبێـت‌و ئاسـۆکانیش رەنگـە تەڵخ بن و بەشێك لەومافانەی کەبەدەست هاتووە بەرەولێســـــەندنەوە بچـــــێت، ئەمـــــەش روبەڕووبوونـەوەی سـەرەتایەکی تاریـك دەبێـت بـۆ بزوتنەوەی ژنان‌و یەکسانی خوازی بەگشتی.

## ئایا کێشەی ژنان بەخۆسوتاندن چارەسەر دەکرێ...؟!

هــەر کۆمەڵگایـــەکی ســـونەتی بگـــری، کـــە تائەندازەیەکی زۆر پەیوەستە بەکەلتوری ئایینی و خێڵەکییەوە ژنان تیایدا چەوساوەترین ئینسانن‌و زۆرینـــەی مافـــەکانیان لێ زەوت کـــراوەو رۆژانـــە دووچاری ئازارو لێدان‌و چەوساندنەوەی دەرونـی و جەسـتەیی دەبنـەوە. ئەمـەش وایکـردووە زۆرێـك لەژنان هیچ ئاسۆیەك بۆ کۆتایی هێنـان بـەو زوڵـم‌و زۆرە نەبینن‌و پەنا بۆ کـاری فـەردی و لـەناوبردنی خۆیـان بـــەرن، بەمانایـــەکی تـــر، پێیـــان وایـــە بەلـەناوبردنی خۆیـان دەتـوانن کۆتـایی بـەئازار و چەوساندنەوەکانی سەریان بهێنن.

کۆمـــەڵگای کـــوردی، یەکێکـــە لەوکۆمـــەڵگا سـونەتییانەی خۆرهـەڵات و تائەندازەیـەکی زۆر پەیوەسـتە بەسیسـتمی ژیـانی خێزانیـی تەقلیـدیی باوکسـالاریەوەو هـەموو پێوانـەکانی بـۆ ژیـان بـە پێوەری پیـاوبوون دەپێـورێ، ئەمـەش وای کـردووە ژنـان بـەردەوام دووچـاری ئـازارو چەوسـاندنەوەی هەمـــە رۆژە بـــبن‌و هـــیچ ئاسـۆیەکی روونـــاکیش لەبەردەمیانـــدا نـــەبێت، جگـــە لـــەکۆتایی هێنـــان بەژیانی خۆیان.

رێـژەی خۆسـوتاندنی ژنـان لـەدوای راپـەڕینی ئازاری(91)کەوە زیادی کردووەو زۆرجار لـەمانگێك دا و لەیـــەك شـــاردا بـــەپێی ئـــەو هەواڵانـــەی لەرۆژنامەکانـــدا بـڵاو دەکرێنـــەوە لەســـەروی(10) ژنەوەیـــە، ئەمـــە جگەلـــەو هەواڵانـــەی کـــە بڵاوناکرێنەوە. زۆرینەی ئەو ژن‌و کچانەی خۆیـان دەسـوتێنن هۆکارگــەلێکی بــەهێز لەپشــت ئــەو خۆسـوتاندنەیانەوە کاردەکـات، چـونکە زۆرینــەیان بەرلەوەی بمرن، راستەوخۆ ئاماژە بەوە دەدەن، کە هۆکارەکـــەی کێشـــەی خێزانـــی، رێگـــا گـــرتن لەخۆشەویسـتی و هاوسـەری، لێـدان‌و سـوکایەتی پێکردنــە و...هتــد، ئەمانــە وایــان کــردووە کــە خۆیان بسوتێنن. زیـادبوونی ئامـاری خۆسـوتاندن‌و رانەچڵەکینی کۆمـەڵگا بەرامبـەر بـەو کارەسـاتەی بەســەر رەگــەزی مێینــەدادێت،وای کــردووە ئــەو ئامارانە زیاد بکەن‌و بـەرەو دابـەزین نەچـن، بگـرە بزوتنـەوەی ژنـانیش نـەیانتوانیوە کارێکی وابکـەن کە رێژەی خۆسوتاندن کەم بێتەوە(نـاتوانین بڵـێین کۆتـایی بێـت)چـونکە تـا ئەوکاتـەی یەکسـانی لەکۆمـــەڵگاو دەســـتووردا نەچەســـپێ‌و ژن وەك هـاوڵاتیی خـاوەن مـاف سـەیرنەکرێ خۆسـوتاندن کۆتایی نایەت چەسپاندنی یەکسانییش بەخـەباتی یەکسـانیخوازان و بزوتنـــەوەی ژنـــان دێتـــەدی و دروسـت کردنـی فشـار لەسەردەسـەڵات‌و دەسـتورو کۆمەڵگای سوننەتی بۆ قبوڵکردنی ئـازادی و ژیـانی یەکسانی بەبێ جیاوازی رەگەزی.

بزوتنـــەوەی ژنـــان لەکۆمـــەڵگای کوردیـــدا ماوەی(13)ساڵە خاوەنی ڕێکخراوی جۆراوجۆری تایبەت بەخۆیانو هەریەکەشیان بەپێی قورسایی خۆیـــان کاریـــان کـــردووە، بـــەڵام نـــەیانتوانیوە ڕێگاچارەیەکی کۆتایی، بۆ کۆتـایی هێنـان، یـاخود کـەم کردنـەوەی دیـاردەی خۆسـوتاندن بهێـنن، لەبەرئـەوەی ئـەو ژنانـەی دەگەنـە ئـەو بڕوایـەی خۆیان بسوتێنن زۆرینـەیان ئامادەنین ڕووبکەنـە ڕێکخراوەکـانی ژنـان، یـاخود ڕەنگـە هەرنەشزانن، یان بە بـەرگریکاری خۆیـانی نـازانن، بۆیـە حـەق وایـە دوای ئـەو هـەموو سـاڵە لەخـەباتکردن ڕێکخراوەکـانی ژنـان بەپاڵپشـتی بزوتنـەوەی یەکسانیخوازی ساڵی نـوێ بکەنـە ساڵی دەستپێکی خـەباتو تێکۆشـان بـۆ هۆشـیارکردنەوەی ژنـان لەمەترسییەکانی خۆسـوتاندنو ڕوونکردنـەوەی ئاسـۆی ژیـان، بـەوەی کـە بەخۆسـوتاندنو چارەسـەری زاتـی هـیچ لەکێشـەی ژنـان نـاگۆڕێ و ئایندەش هەر وەك ئـەمڕۆ دەبێت، بەڵام لەبریی خۆسـوتاندن مەیـدانی خـەباتی جدی بگرنەبـەرو ڕووبەڕووی چەوساندنەوەو بێ مافی بوەستنەوەو فشارلەسـەر دەسـەڵات دروسـت بکـەن، کەچـی دی ژنـان تـەنها ئـامرازی دامرکاندنـەوەی ئارەزووەکانی پیـاوان نـینو دەبێـت تـەواوی مافـەکانیان دەسـتەبەربێتو مـافی یەکسـانی لەدەسـتووردا بچەسپێ، بـەبڕوای مـن دەبێت بەرنامـەی کـاری بزوتنـەوەی ژنـانو یەکسانیخوازی بـۆ سـاڵی نـوێ ئـەوە بێـت، کـە هەرچـی زووە کارێـك بـۆ کەمکردنـــەوەی خۆسـوتاندنی ژنـان بکـرێ و دەسـەڵاتیش لـەژێر فشـاردا ناچـار بـەگۆڕینی ئـەو بەندانـــەی دەســتوور بکـــرێ، کـــە هۆکـــاری چەوساندنەوەی ژنانن...

## ئازادی ژن لەنێوان حەقیقەتو وەهمدا...!!!

(مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتووە)- کرشنا مۆرتی

ئـازادی کـۆنترین خواسـتی کـۆی مرۆڤایـەتی بووەو ئەو خواستە هیچ سنورو ئایینو دەسەڵاتو کۆمەڵگایـەکی نەناسـیوەو، تـەواوی مرۆڤـەکان بەدوای بەدەست هێنانی یەوە بوون، لەگەڵ ئـەوەی مرۆڤایـەتی زۆرتـرین قوربـانی لـەپێناوی بەدەست هێنانی ئـازادی داداوە، بـەڵام هێشتا مرۆڤایـەتی پـێ نەگەیشـتووەو ڕۆژانـە جۆرەهـا تـاوان بـەناوی ئازادیەوە ئەنجام دەدرێتو زۆر جاریش وا لەقەڵـەم دەدرێـت ئـەوکارە لـەپێناوی ئـازادی دا بـووە. بەدرێژایی هەوڵەکانی مـرۆڤ بـۆ وەدەست هێنـانی ئـــازادی، ژنـــان لـــەڕیزی پێشـــەوەی ئـــەو هەوڵدانانـەبوون، چـونکە ژنـان بەدرێـژایی مێـژوو تابەزەمـەنی ئێسـتا دەگـات لـەژێر تونـدو تیـژیو ئـازاردا ژیـاونو دەسـەڵاتی پیـاو سـالاری بەگشـتی هەرچـی جـۆرە بیرکردنەوەیـەکیان هـەبووە بـۆ چەوسـاندنەوەو کۆیلـە کردنـی ژنـان بـەکاریان هێنـاوە، بەمـەش بـەردەوام ژنـان لـەژیانێکی پـڕ ئازارو چەوساندنەوەدا ژیاون، بۆیە زۆرجار ئـازادی حـەقیقیان لێ بوەتـە وەهـمو بچـوکترین مـافی سـەرەتایی کەبەدەسـتیان هێنـاوە بـەئازادی حەقیقیان زانیوە.

دروست بوونی ئەو دیدە لـەلای زۆرێـك لـەژنان وای کـردووە کـە عەقڵیـەتی پیاوسـالاری وردتـر بەسـەر وادەو بەڵێنـەکانی خـۆی دا بچـێتەوە بەرامبـەر بەمافـەکانی ژنـانو ئەگـەر لێـرەو لـەوێ بەهەنـدێك مـافی سـەرەتایی بـۆ ژنـان ڕازی بووبـێ نـاوی لێ نـاوە ئـازادی و ژنـانی پێـی فریـوداوەو لەلایـەکی تریشـەوە پێبـەپێ ئـەو کەمـە مافـەش، کەلەژێر فشارو زەبری گۆڕانکاریەکانو پێشکەوتنی کۆمـەڵگادا بـەژنانیان ڕەوابینیـوە، بـەڵام بەرامبـەر ئـەوە لـەبوارێکی تـردا مافـەکانی ژنانیـان پێشـێل

کردووەو برەویان بەچەوساندنەوەی بەردەوام داوەو هەوڵی دۆزینەوەی کەناڵی جۆراوجۆری تریان داوە کەژنانی پێ کۆیلە بکەن دەست بەرداری ئازاردان‌و چەوساندنەوەی ژنان نەبن، گەرچی زۆرێك لەژنان ئەودەست بەردار بوونەی پیاوانیان بەئازاد بوونیان زانیوەو لەنائاگایی بەمافەکانیان بانگەشەی ئازادبوونی خۆیان راگەیاندووەو باوەڕیان بەو دروشمە وەهمیانەی پیاو سالاری هێناوە. ئەو فریوخواردنە تائەندازەیەکی زۆر بەشێکی زۆری ژنانی خاوکردوەتەوە لەخەبات‌و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ڕاستەقینەو گەیشتن بەحەقیقەتی ئازادی‌و دەست بەردار بوونی وەهم.

ئەمەش وای کردووە زۆرجار گریمانەیەك بکەین، یاخود باوەڕبەووتەیەی کرشتا مۆرتی بهێنین‌و بڵێین(مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتوە)، بەهەندێك دەسکەوتی کاتی و گوێ نەدان بەئازادی.

لێرەوە دەتوانین ئاماژەیەکی کورتیش بەژنانی کۆمەڵگای کوردی بدەین‌و بڵێین ژنانی کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی مێژوو دووچاری فریوخواردن بوون‌و هەمیشە لەلایەن کۆمەڵگاو عەقڵیەتی پیاو سالاریەوە بەوەهمی ئازادی، یاخود ئازادی دوای رزگاری نیشتمان‌و نەتەوەیی فریودراون، بەڵام کاتێکیش پیاوی کوردی دەسەڵاتی گرتە دەست، نەك ئازادی بۆ ژنان فەراهەم نەبووە بگرە ژنان دووچاری تیرۆرو ئازاری دەرونی بوون، بەشێکیش لەژنان بەهۆی ڕەشبینیان بەئایندەی گۆڕانی ژیان‌و گەیشتن بەئازادی ژیانی خۆیان کردە قەرەبروتك‌و ماڵئاواییان لەدنیای وەهمی ئازادی کرد، لایەنێکی تری عەقڵیەتی پیاو سالاری لەکۆمەڵی ئێمەدا ئەوەیە هەرگیز باوەڕیان بەبوونی ژنان نییە، وەك ئینسانێکی کاراو خاوەن ئیرادە، بەڵکو ئەوان ژنیان تەنها وەك کۆیلەو دیکۆر دەوێت‌و ژنیان بۆ ئەوە دەوێت، یاخود ئەوژنانە پەسەند دەکەن کە گوێ رایەڵی فەرمانەکانی بن، واتە قسەکانیان دەنگدانەوەی قسەکانی پیاو بێت‌و بەکۆمەڵگاش رادەگەێنن کە ژنان ئازادن‌و بەشداری هەموو کایەکانی کۆمەڵگا دەکەن لەکاتێکدا هەرگیز ڕازی نابن ئەوژنانەی بەشداری ئیدارەو کاری سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەن‌و هۆشیارن‌و باوەڕی تەواویان بەئازادی ژن‌و یەکسانی هەیەو لەوەهمی و خەیاڵی ئازادی پیاو سالاریدا ناژین‌و دەنگۆیەکی حەقیقی ژنان‌و بەشوێن ئازادی حەقیقی ژنانەوەن‌و دژی عەقڵیەتی پیاو سالاری‌و ئازادی وەهمین، بۆ یە ئەوژنانە کەنارگیر دەکرێن.

## ژنان لەژێر سایەی
## عەقڵیەتی خێڵەکیدا..!

یەکێك لەخەسڵەت‌و تایبەتمەندێکانی شۆڕشی فەرەنسی، جیاکردنەوەی دین بوو لەدەسەڵات‌و بەمەش تاکی لە ڕێنماییەکانی ملکەچ پێکردن ئازادکرد، لەهەمان کاتیشدا بەجۆرێك لەجۆرەکان هەڵوەشاندنەوەی خێزانی شموڵی‌و سیستمی خێڵ‌و بنەماڵەیی بوو، لەوەبەدواوە تاك دەیتوانی بەبێ ڕەزامەندی ئەوپێکهاتانە مومارەسەی ژیانی تایبەتی خۆی بکات‌و بەئارەزووی خۆی چارەنووس‌و ئایندەی دیاری بکات بەهاوسەرگیری‌و خۆشەویستیشەوە.

ئەو گۆڕانکارییە کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر زۆرینەی وڵاتانی دنیای خۆرئاوا داناو بەشێکی زۆریان ئەو گۆڕانکاریانەیان قبوڵ کردو وردە وردە چارەنووسی تاکەکان لەدەستی بنەماڵەو عەشیرەت‌و خێڵ رزگاری بوو، گەرچی ئەو

گۆڕاكاريانە لەو ولآتانی پاشكەوتووی خۆرهەلآت كەمترين رەنگدانەوەی لەسەر عەقڵيەتو دەسەلآت نەبوو، بگرە سەدان ساڵيش دوايی ئەو هەموو گۆڕانكاريە چارەنوسی ژنان هەروەك خۆی مايەوەو خێزانو بنەماڵەو خزمانو عەشيرەت بۆيان هەبوو چارەنوسی رەگەزی مێ دياری بكەنو هەرتاكێكيش سەرپێچی ئەو بڕيارانەی بكردايە زۆر بەئاسانی لەناو دەبرا، لەگەڵ ئەوەی لە حەفتاكانی سەدەی بيست بەدواوە وردە وردە ولآتانی خۆرهەلآت گۆڕانكاری بەسەر عەقڵيەتيان داهاتو ژنان كەمێك دەيانتوانی بڕياری هاوسەری بدەن لەدەرەوەی ئەو پێكهاتانەو دەيانتوانی هاوسەر هەڵبژێرن لەدەرەوەی بنەماڵەو خێڵو عەشيرەت، ئەو گۆڕانكاريە كەمەش پەيوەندی بەهۆشياربوونەوەی ژنانو خوێندەوار بوونيانو بەشداری كردنيان بوو لەكاری كۆمەلآيەتیو سياسیو دروستكردنی چەندين رێكخراوو داكۆكی لەمافەكانيانو تێكەڵ بوونيان بەكۆمەڵگاو ئاشنابوونيان بە فەرهەنگو كەلتوری دەرەوەی خۆيان، بەلآم ئەوەش بەو مانايە نەبوو كە هەموو بنەماكانی خێزانی شمولیو عەشيرەتو بنەماڵەيی كۆتايی هاتبێ، چونكە ئەو رەچەشكاندنە لەچاو كۆمەڵگاكاندا كەمينەبوو بەلآم هەنگاوێكيش بوو بۆ ئەوەی كۆمەڵگا لەو عەقڵيەتو كەلتورە رزگاری بێتو ئينسانەكان خۆيان بڕيار لەسەر چارەنوسيان بدەن.

ئەو گۆڕانكاريە كەموكورتەی لەو وولآتانی خۆرهەلآت روويداو توانی هەناسەيەك بە بەری ژنانو مافەكانياندا بهێنێتەوە، بەلآم تازەمەنی ئێستاش لەنيو زۆربەی خێڵەكاندا گەورەترين تاوان ئەوەيە كە كچەكانيان داوای هاوسەری بكەن لەدەرەوەی خێڵ، چونكە ئەو داواكردنە چارەنووسی كوشتنی لەدوايە، بۆيە كچانی ناوخێڵ نابێت بير لەخۆشەويستی كوڕێكی دەرەوەی خێڵو بنەماڵەی خۆيان بكاتەوە، لەبەر ئەوەی چارەنوسەكەی ناكامييە. كۆمەڵگای كوردی لەبەر ئەوەی خۆرهەلآتييەو هەڵگری كەلتوری ئايينی خێڵەكی بنەماڵەييەو بنەماكانی خێزانی شمولی خێڵگەریو عەشيرەت بوونی زۆری ماوە، ژنانی ناو ئەو خێڵانە دووچاری گەورەترين ئازاری دەروونیو جەستەيی دەبنو هەموو ئازاديەكيان لێ زەوت دەكرێ، لەكاتێكدا ئێستا جيهان بەئەندازەيەكی زۆر گۆڕاوەو ژنانی كۆمەڵگای ئێمەش خاوەنی چەندين رێكخراوی داكۆكی كار لەمافەكانی خۆيانن، بەلآم عەقڵيەتی خێڵو بنەماڵەيی قورسايی زۆری هەيەو هۆكاری چەوساندنەوەی ژنانو كچانن، بەشێكی زۆر لەخێڵەكانی كوردستان بەتوندترين شێوە دژی ئەوەن كچەكانيان بدەن بەكوڕێكی دەرەوەی خێڵ، نموونەی ئەو خێڵانەش هەردوو بنەماڵەی شێخانی بارزانو شێخانی تاڵەبانىو زۆر دژی ئەوەن كە كچەكانيان لەدەرەوەی بنەماڵەكانيان بدەن بەشو، لەكاتێكدا دەبوو ئەو دوو بنەماڵەيە زۆر فراوان گۆڕانكاريەكانيان قبوڵ بكردايە، چونكە ئيدارەی كوردستان كوڕەكانی ئەوان بەرێوەی دەبەنو بانگەشەی ئازادیو مەدەنيەت دەكەن، كەچی تائێستا رازينين كچەكانيان لەدەرەوەی سيستمی بنەماڵە هاوسەرهەڵبژێرن.

## لەعەقڵيەتی خێڵەكيدا..!
## پياوی كۆمەڵگای كوردیو،
## وەهمی ئازادی ئەوی تر..!

ماوەی چەند ساڵێكە بەشێك لەپياوانی كۆمەڵگای كوردی لێرەو لەوێ قسە لەسەر ئازادی

ئەوی تر (ژن)دەكەنو بەجۆرە هاشێوە شانازی بەفسەو گوتەكانی خۆیانەوە دەكەنو خۆیانی پێ رەتوش دەكەن، بۆئەوەی كۆمەڵگاو ژنان بەپیاوێكی ئازادی خوازو یەكسانی خوازی بزانن، بەڵام لەناوەڕۆكداو لەكەسێتیدا نەك باوەڕیان بە ئازادی ئەوی تر نییە بگره لەو كاتانەی لەشوێنە گشتییەكان دووره تا ئەو پەڕی، ئەو دەمامكەی فڕێ دەداتو زۆر بوێرانە دەكەوێتە ئازاردانی ژنانو سوكایەتی بەمافەكانیان دەكات، ئەو جۆرە ئیشكردنەی پیاوی كۆمەڵگای كوردی تا ئاستێك زیرەكییەكی زۆر سەیری پێوەو دیاره، كە چۆن ئەو جۆره لەپیاوان، لەیەك كاتدا هەڵگری دوو كەسێكی جیاوازنن، ئەوە بۆ كەسێك، كە تاكی كۆمەڵگای كوردیو سایكۆلۆژیەتیان نەناسێ ڕەنگە زۆر قورس بێت لەلای پێناسەی ئەو دوفاقیە بكات. یاخود بتوانێت دەرئەنجامێك لەسەر ئەو دوو فاقیە بەدەست بهێنێت، كە بۆچی پیاوی كۆمەڵگای كوردی هەڵگری كەسێتی دوو فاقیەو زۆر زیرەكانەش كارەكانی خۆی پێ جێبەجێ دەكاتو دەشتوانێت باوەڕ بەهەندێك كەس بهێنێ كە ئەو توانیویەتی هاوكێشەكانی ژیانی خۆی بەرێكوپێكی بەرێوەبەرێت، بەڵام بۆ هاوڵاتیانی كۆمەڵگای كوردی، ئەگەر بیەوێت لەماوەیەكی زۆركەمدا دەتوانێت ماهیەتی كەسێتی دوو فاقی پیاوی كۆمەڵگای كوردی ئاشكرا بكات، بەتایبەت كاتێك قسە لەسەر ئازادی ژنان دەكاتو خۆی بەلایەنگری مافەكانی ژنان دەزانێتو تائەو پەڕی ڕستەی بریقەدار بەكار دەهێنێت، بەڵام كاتێك دەكەوێتە قسەكردن لەگەڵیداو راشكاوانە باسی ئازادی ژنانو مافەكانیانی لەگەڵ دەكەینو بۆی ئاشكرا دەكەین كە ژن هیچ جیاوازیەكی نییە لەگەڵ پیاوداو دەبێت خاوەنی دەسەڵاتو ئیرادەی خۆی بێتو هەر خۆشی بڕیار لەسەر چارەنووسو ئایندەی بداتو بەشداری هەموو كایەكانی كۆمەڵگا بكات، ڕاستەوخۆ دەچێتەوە حاڵەتی لاشعوریو تەواوی دوفاقییەكەی لەكەسێتیدا هەڵدەوەشێتەوەو دەكەوێتە دژایەتی كردنی ئازادی ئەوی تر بەناوی ئەوەی ژنان ناتوانن ئەو كارانە بكەن كە پیاو دەیكاتو ئەوان لەڕووی عەقڵەیەوە لاوازن، یاخود ئەوان لایەنی سۆزو عاتیفە بەسەریاندا زاڵەو ناتوانن قسە لەسەر مەسەلە گرنگو چارەنووس سازەكان بكەنو خاوەنی بڕیاربن، چونكە ئەوان بڕیارەكانیان زیاتر عاتفییە، بۆیە ئەوان دەبێت چاوەڕوانی فەرمان جێبەجێ كردن بنو گوێ ڕایەڵی بڕیارەكانی پیاوبن، لێرەوە ئەوەی لەعەقڵیەتیدایە سەر دەردەهێنێو بەو پەڕی جورئەتەوە دەكەوێتە دژایەتی كردنی مافەكانی ژنان، ئەگەر بەپێی ئەو هەموو قسەكردنە دوو فاقیانەی پیاوان بووایە ئێستا دەبوایە ژنان بەتەواوی مافەكانیان بگەیشتنایەو هەموو بڕیارەكانیان بەدەستی خۆیان بوایە، بەڵام ئەو دوو فاقیە لە كەسێتی پیاوی كۆمەڵگای كوردی دا وایكردوە، كە ژنان لەژیانێكی ئەو پەڕی ناهەمواردا بژینو لەمافەسەرتاییەكانیان بێبەش بنو تەواوی ڕێگاكانیان لەبەردەمدا، بەداخراوی بهێڵنەوەو لە راگەیاندیش باسی ئازادی ئەوی تر بكەن.

بەهەر حاڵ بەشێكی زۆری ئەو بێ مافیانەی بەژنان دەكرێ پۆشینی ئەو دەمامكی دوو فاقیەیە، لە كەسێتی پیاوی كۆمەڵگای كوردیداو بەناوی وەهمی ئازادییەوە ژنانیان لەو پەڕی بێ مافیدا راگرتوە، لەلای ئەو جۆرە پیاوانە بەهیچ شێوەیەك نابێت ژنان ئازادبنو بڕیار لە ژیانی خۆیان بدەن، بەڵام كە كاتێك ژنان شكات لەحاڵی ژیانیان دەكەنو نارەزایەتی دەردەبڕن بەدەست باوك، برا..هتد، یەكسەر ئەو جۆرە پیاوانە دێنە گۆو باسی ئەوە دەكەن كە قسەی ژنان وانییەو هەرگیز ڕێگایان لێ نەگیراوە بەخواستی خۆیان بڕیار بدەن، چونكە ئەو جۆرە پیاوانەبەر لەوەی بە پیر داخوازی ژنانەوە بچن جۆرەها هەڕەشەیان لێ دەكەنو دەڵێن: هەركەسێك پرسیاری لێ كردن بڵێن هیچ جۆرە گرفتێكمان نییەو ئازادینو پیاوەكانمان براكانمان ڕێگامان لێ ناگرن. ئەو ترساندنەش وای لەژنان كردوە، كە نەتوانن نارەزایەتی دەربڕنو پەنابەرنەبەر شكات كردن، بۆیە پەنا بۆ خۆسوتاندن وكۆتایی هێنان بە ژیان

دەبەن، بۆیە بە بڕوای من زیاد بوونی خۆسوتاندنی ژنان دەرئەنجامی ئەو دوو فاقییەیە لە کەسێتی پیاوی کۆمەڵگای کوردیدا.

## ژنان بەو هەموو ئازارەوە ژیان چۆن دەگوزەرێنن..؟!

یەکێك لەسەیروسەمەرەکانی کۆمەڵگای کوردی بوونی دووفاقیەتیەتی، لەکارکردن‌و بڕیاری سیاسیداو هیچ کات حساب لەسەر بڕیارو قسەکانی خۆی ناکات‌و ڕۆژ دەور دەگێڕێ لەبڕیاروکارەکاندا، ئەمەش وای کردوە کێشە کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لەزیاد بوون بکات‌و ئازارەکان قورستربن.

ئێمە هەموومان دوای ڕاپەرینی ئازار، گوێ بیستی هەزاران پەیڤی ڕەنگاو ڕەنگ بووین لەلایەن پیاوە سیاسیی‌و باڵادەستەکانی کوردەوە لەبارەی مافی ژن‌و ئازادی ژن‌و یەکسانی‌و لەزۆرینەی بۆنەجۆراوجۆرەکاندا ئەو وتانەیان دووبارەو چەند بارە دەکردەوەو خۆیان بەداکۆکی کاری سەرەکی مافەکانی ژنان لەقەڵەم دەدا، کەئێستا کاتی ئەوە هاتوە ژنان ڕزگاریان بێت‌و کۆت‌و پێوەندەکانی کۆن وەلا بنرێ، بەڵام گرفتەکە لەوێوە سەر چاوەی گرت ئەوان بەدرێژای چواردەساڵە باسی مافی ژنان دەکەن لە میدیای بینراو بیستراو و ڕایدەگەیەنن‌و لافی پێوەلێدەدەن بۆ ڕەمزیش چەند ژنێکیان بەشداریپێکردوە لەدەسەڵاتدا، گەرچی ئەو ژنانە جگە لەوتنەوەی قسەکانی پیاوو بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی ئەوان کارێکیان بۆ ژنان‌و مافەکانیان نەکردوە،، لەگەڵ وتنەوەی ساڵ بەساڵ دروشمبازی دەسەڵاتدا مافەکانی ژنان بەرەو خوار دادەگەڕێ‌و ڕێژەی قوربانییەکان ڕوو لەزیاد بوون دەکات ساڵانە زیاتر لە (100)ژن‌و کچ خۆیان دەسوتێنن‌و ناتوانن ئەو هەموو سوکایەتییەی بەسەریان دێت قبوڵی بکەن، هەزاران ژن‌و کچ توندو تیژی دەروونی‌و جەستەی بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت، ئەگەر پیاوانی سەر کورسی دەسەڵات هێندە باوەڕیان بەمافی ژنان هەیە، ئەو هەموو ئازارو توندو تیژییە لەدژی ژنان بۆ ڕوودەدات‌و لێپرسینەوە یاساییەکان دەوریان چییە؟ یاخود ئەو دەمامك پۆشین‌و دوو فاقیەیە، کە بەرامبەر بەژنان جێبەجێ دەکرێ، لەڕووکەشدا هەردوو بڕیاری 59-62 دەردەکرێ، بەڵام فرە ژنی‌و کوشتنی ژنان بەناوی ناموس پەرستییەوە درێژەی هەیەو زۆرینەی ئەوانەی ژنی دووەم دەهێنن باڵادەستەکانن‌و هیچ سزایەکیش نادرێن لەوانەش بێزاری تائێستا دیاری ژن بەژن‌و مارەکردن لەسەر بێشکەو پێدانی کچ لەبری خوێندا درێژەی هەیەو لەشارێکی وەك ڕانیەدا وەك لەو ڕیپۆرتاژەی ڕۆژنامەی ژیانەوەی ژمارە 181 دا بڵاوکراوەتەوە مرۆڤ دووچاری هەستکردن بەشەرم دەکات، کاتێك هەواڵی زیاتر لە 4 هەزار کچی بێتاوان دەبیستێت، کەبەبێ ویست‌و ئیرادەو بڕیاری خۆیان ژیانی هاوسەرییان بۆ دیاری کراوە، کە زۆریشی هاوسەرەکانیان 25-30 ساڵ لەوان گەورەترن جگە لەوەی ئەو کچانە هێشتا تەمەنی یاساییان تەواو نەکردوەو نەگەیشتونەتە 18 ساڵی و بەپێ بڕیارێکی قەرەقوش ئاسا چارەنوسیان بەئازار وتوندو تیژی سپێردراوەو لەسەر لانك‌و لە بری خوێن‌و خزمایەتی، ئاخر تەنها لە شارێکدا ئەوەندە توندوتیژی دژی ژنان‌و کچان بوونی هەبێت،دەبێت ڕێژەی ئەو کچە بێتاوانانەی چارەنووسێکی ڕونیان بۆ دیاری کراوە چەند ئەوەندەی ئەو ژمارەیە بێت، تۆ بڵێیت دەسەڵاتی کوردی ئەو هەواڵە دووچاری ڕاچڵەکینیان نەکات‌و کەمێك ئازار بەئاگایان نەهێنێتەوەو بیرێك لەژیانی ئەو چەندین هەزار کچە بکەنەوە، کە زۆرێکیان لەپرۆسەی خوێندندان و مۆتەکەی

مـارەكردنیش برسـكی لەبـەر بریـونو دووچـاری ئازاری دەروونی كردوون، تۆبلێت ئەو ئامارە دڵمان ئازاربـدات‌و بـەهانای ئەوكچـانەوە بچـین و برپیارێكی زور شارستانیانە دەربكەین‌و كۆی ئـەو مارەكردنانـە هەڵوەشـێنێینەوەو سـزای ئـەو كەسانەش بدەین كە ئەو ئاكارانـە دەكەن‌و ئـەو كچانەش لەئازار رزگاربكەین، یاخود لەدوو فاقی‌و دەمامك بۆشینی خۆمان دادەمێنینەوە.

## دەستوری نوێی عێراق ومافەكانی ژنان...!!

لـەدوای روخـانی رژێمـی بـەعس‌و لەبەریـەك هەڵوەشـاندنەوەی كـۆی دامودەزگـا سـەركوتكەرەكانی‌و دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی حـوكم، لیژنەیـەكیش پێكهێنـرا بـۆ گۆڕانكـاری لەدەسـتووردا ئـەویش كارەكـانی پێداچـوونەوەو گۆڕانكاریكردن بوو لەدەستووردا جێبـەجێكردن‌و پەسـەند كردنیشـی خرایـە دوای هەڵبـژاردنی سەرتاسـەری، لـەعێراق‌و دامەزرانـدنی پەرلـەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران.

ماوەیەكـە حكومـەت‌و سـەرۆك كۆمـارو پەرلـەمان دەسـت بـە كـارەو لێـرەو لـەوێ‌و لەمیدیاكانـدا قسـە لەپەسـەندكردنی دەسـتوور دەكـرێ‌و لەگـەڵ ئـەوەی، گۆڕانكـاری لـە سـەرۆكی لیژنـەی دەسـتووردا كـراوەو پێدەچـێ گۆڕانكـاری نـوێش بـەرێوە بێـت، لەگـەڵ دەسـتووری كـاتی راگەیانراودا.

بەهـەرحاڵ دوای وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیـران، لەلایـەن پیـاوێكی مەزهەبیـەوە دەبێـت چـۆن بروانینـە دەسـتوور لەعێراق‌و مافەكانی ژنان بەكۆی دەگات، لەكاتێكدا بە ئاشكرا مەرجەعیەتە ئاینیەكان دەڵێن: دەبێت دەسـتوور نـوێ عێـراق، دەسـتوورێكی ئیسـلامی بێـت‌و لەگـەڵ بنـەماكانی شـەریعەتدا بگونجـێ، لەوكاتـەوەی دەوڵـەتی عێراقـی، لەسـەر دەسـتی ئیسـتعماری بـەریتانیا پێكهێنـراوە، كۆمـەڵگای عێراقی گیرۆدەی دەستوورێكی ئاینییەو زۆرینـەی مافەكانی هاووڵاتیان‌و ئازادییە فەردییـەكان كـراوە بـەقوربانی پتـەوكردنی دەسـەڵاتی گشـتگیری‌و خێڵەكی و ئەوەش گەورەترین چەوساندنەوەی بـۆ ژنـان بـەدیاری هێنـاوە. (80)ساڵە ژنـان بـەپێ دەستووری سـەردەمی پاشایەتی‌و ئینجا كۆماریش مرۆڤـی پلـە دوون‌و توندوتیـژی بەرامبـەریان بـەكاردەهێنرێ‌و هـەزاران ژن بوونـە قوربـانی ئـەو دەستوورە نا بەرامبەرە.

ئێسـتا، كـە ڕەوشـەكە گـۆڕاوەو ژنـان خـاوەنی هۆشـیاری‌و چـەندین رێكخـراوی تایبـەت بـە مافەكانی خۆیان‌و هەزاران پیاوی یەكسانی خواز پشـتیوانی، لەبـەر قـەرابوونی یەكسانی دەكـەن‌و لەناوپەرلـەمانی عێـراق‌و لەحكومەتیشداچـەندین ژن بوونیان هەیـەو نـاكرێ، لەبەرامبـەر دەسـتوورو چەسـپاندنیدا بێـدەنگی لێ بكـەن‌و نەیەنـە قسـەو داوای بەشـداری كـردن نەكـەن، كەلیژنـەی ئامـادەكردنی دەسـتوورو هـەر لەئێسـتاوە پـرۆژەی یەكسـانی بـەبێ جیـاوازی رەگـەزی لەدەسـتووردا بـەیان نەكـەن‌و نەبینـە گروپـی فشاری جدی بـۆ جێكەوتنی ئەو پرۆژیە.

بـەدڵنیایی دەسـتووری نـوێی عێـراق دەستورێكی مەزهەبیـەو كۆی ئـەو گۆڕانكارییـەی بـەهۆی خـەبات‌و مانـدووبوونی چـەند ساڵەی بزوتنەوەی ژنان‌و یەكسانی خـوازی دەكەوێتـە بـەر مەنگەنـەی لێ سـەندنەوەو دوای چەسـپاندنی دەستووریش كار لەكار دەترازێ‌و خەونەكان زینـدە بەچـاڵ دەكـرێن..بـۆ ئـەوەی چـارەنوس هـەمان چارەنوسـی (80)سـاڵی رابـوردوو نـەبێت، كـاتی ئەوەیە بزوتنەوەی ژنان بەبێ جیاوازی ڕەنگەكان‌و تەواوی ئەو مرۆڤانەی باوەڕیان بەیەكسانی‌و مافی مرۆڤ‌و كۆمەڵگایەكی مەدەنی‌و علمانی هەیە بێنـە

قسەو داوای چەسپاندنی دەستوورێك بكەن، كە دووربێت لەهەر بەرژەوەندییەكی تائیفیو مەزهەبیو دەستوورێك بێت، لەسەربنەمای سەرجەم خواستەكانی مرۆڤی سەردەمو پێشكەوتن بینابكرێو هەمووجیاوازییەكی رەگەزیو ئاینی وەلا بخرێت.

دیارە ئەوەش هەر لەئێستاوە بەفشاری جدیو هەمەلایەنە دەبێتو، كاری جدی دەوێت، چونكە هێشتا كار لەكارنەترازاوەو ئێمە دەتوانین دەورمان هەبێت لەسەر چەسپاندنی دەستوورێك، كە دواجار دادگایی خۆمانی پێدەكرێتو زیانەكانی بۆ خۆمان دەبێت، ئەگەر بێدەنگ بینو قسەیەكمان نەبێتو چاوەڕوانی رەحمەتی دەسەڵاتدارانو حیزبەكان بین، لایەنی كەم دەبێت ئەوەندە فشار دروست بكەین، كە هەموو جیاكارییەكی رەگەزی لەئەركو مافەكاندا لەدەستووری نوێ عێراق دانەمێنێتو یەكسانی نێوان ژنوپیاو بەرەسمی بچەسپێنرێو هەوڵی ئەوەبدەین كە دین لەدەوڵەت جیابكرێتەوەو وئایین وەك كاری تایبەتی ئینسانەكان حسابكرێ وهیچ بیرو باوەڕێك بەسەر هەمواندا نەچەسپێنرێو ئازادی بۆ هەمووان فەراهەم بكرێو بەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی ئایین، یاخود هەڵگیری هیچ ئاینێك نین بەمەش دەتوانرێ كەمێك لەمافو ئازادایەكان بۆ ژنان فەرهەم بێت.

## دەمامكی مەزهەبیی و كوشتن
## بە ناوی ناموسپەرستییەوە
## چ مانایەكی هەیە...؟!

كۆمەڵگای كوردی، لە دوای داگیركردنی ئیسلامەوەو سەپاندنی ئەو ئایینە بەسەر تاكەكانی كۆمەڵگاداو دەرچون لێی بە شكاندنی پیرۆزییەكان حساب دەكرێت، بۆیە كۆمەڵگایەكی خاوەن فەرهەنگیی ئایینی یەو ئەوەش رۆژ لە دوای رۆژ،لە ئەقلیەتی تاكەكانیدا ڕەنگیداوەتەوەو لە ڕێگەی پیاوەكانی ئایینەوە دەمە زەردكراوەتەوە، بە مانایەكی ترئایین گەرچی بە زۆر سەپێنراوە، بەڵام بۆتە فەرهەنگیی تاكەكانیی و ڕۆژانە مومارەسەی ئەركەكانی ئایین دەكەنو تاكی توندڕەو بەرهەم دێت، كە بە پلەی یەكەم ئەو توندڕەویە ئازارو توندوتیژی بە ژنان دەگەێنێت مافو ئازادییەكانیان پێشێل دەكات و ژنانی كردوە بە بونەوەرێكو تەنها بە قیاسی سێكس دەیانپێون . هەموو ماناكانی شەرەفیان بەستوەتەوە بە ژنانەوە ئەمەشیان، لە مومارەسەكردنی سێكس لە دەرەوەی هاوسەری كورت كردوەتەوەو، ئەگەركچ بەر لە هاوسەری پەیوەندی سێكسی لەگەڵ كوڕێكدا هەبێت دوای پەیمانی خۆشەویستیو بەڵێنی هاوسەریش، بەر لە هاوسەری ئاشكرابێت دەكوژرێت، بە ناوی ناموسپەرستیو شۆردنەوەی شەرەفیی خێزانەوە. ئەمەش بۆتە فەرهەنگیی كۆی ئەو كۆمەڵگایانەی خاوەنی كەلتورێكی ئاینین و دەستوور و دەسەڵات لە سەر بنەمایی ئاین دامەزراوە، بۆیە لە تەواوی ئەو كۆمەڵگایانەدا زۆرترین ژن دەبنە قوربانی ئارەزووەكانی پیاو و دواتریش دەكوژرێن، بەبێئەوەی كۆمەڵگا ئاوڕێك لەو هەموو تاوانە بداتەوە، كە بە ناوی شەرەفپارێزییەوە بەڕێوەی دەبەن. لە كاتێكدا پیاوانی ئەو كۆمەڵگایانە بە ئارەزوی خۆیان (بە قەولی پیاوانی شەرەف پەرست)، شەرەفی ژنان دەبەن و دواتریش كۆمەڵگای لێ ئاگادار دەكەنو بەردبارانو سەنگەساری دەكەن، پیاوانیش وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن، هیچ یاسایەك نییە لە بەرامبەر ئەو هەمو تاوانە ناشیرینانەدا سزایەكیان بدات، بە تایبەت لە كۆمەڵگا مەزهەبییەكاندا، ئەمەش ڕێگای خۆش كردوە بۆ ئەوەی پیاوان دەستدرێژ بكەن بۆ سەر ژنانو ئیغتیصابیان بكەن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو كردەوەیە ڕوو لە زیادبون دەكات و حەرام ز پیرۆزەكانی نێوان باوكو كچێنی ببەزێننو بەشێك لە باوكان بۆ دامركاندنەوەی ئارەزوە سێكسییەكانیان پەنا بەرنە بەر

دەستدرێژیکردنە سەر کچەکانیان .(ئەم شێوازی دەستدرێژیکردنە)، لە کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵداوە، کە دروست دەرهاویشتەی ئەو کەلتورەیە، کە هەموو ڕێگایەکی ناڕەزای دەربڕینی لە ژنان گرتوەو پیاوانیشی تا ئەوپەڕ ئازاد کردوە..

بە بڕوای من سەرهەڵدانی ئەو جۆرە دەستدرێژیکردنە دەرئەنجامی ئەو پەیوەستبونە توندەی کۆمەڵگای ئێمەیە بە عەقڵییەتی کۆنە پەرستیو شەرەفپارێزییەوە. بەشێکی تریشی بوونی ئەو هەموو چەپاندنی سێکسییەو ڕێگاگرتنە لە خوێندنی زانستییانەی پەیوەندی خۆشەویستیو هاوسەری و زانیارییە پزیشکییەکان لەبارەی سێکسەوە. تا ئێستاش زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمە زانیارییەکی دروستییان لە بارەی پەروەردەی سێکسییەوە نییەو لە قوتابخانەکاندا هیچ بایەخ بە زانیاریی سێکسی نادرێت. بەڵکو بەردەوام بە گوێی نەوەکاندا دەدرێت، کە قسەکردن لە سێکس شکاندنی حەرامەکانو پیرۆزییەکانەو هەمیشە قسەکردن لەسەر ئەو لایەنە گرنگو حەساسەی ژیانی مرۆڤ فەرامۆش دەکرێو سەرکوت دەکرێت. بۆیە تاکەکان بەردەوام بە شوێن ڕێگا لادەرەکاندا دەچنو هەستێکی نامۆو خراپیان لە لا دروست دەبێت. هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەك بێت خۆیان بەتاڵ بکەنەوە، جا ئەو کارە ڕەوا بێت، یاخود ناڕەوا، کە بە دڵنیاییی لە خۆرهەلاتو وولاتە پاشکەوتوەکاندا زیاتر بە لای ناڕەوا دەچن. چونکە کۆمەڵگایەکە لێوان لێوە لە چەپاندنی سێکسی، ئەمەش وای کردووە زۆرینەی پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوە سێکسیەکانیان، جۆرەها ڕێگەی ناڕەوا دەگرنە بەرو تەنانەت هەندێك لە پیاوان پەنا بۆ کچەکانی خۆشیان دەبەن، لەولاشەوە دەمامکی شەرەفپارێزی دەپۆشنو کچەکانین دەکوژن بەو ناوەوە.

بۆیە دەپرسین چ مانایەکی هەیە، کە پیاوان خۆیان سەرچاوە شکاندنی ئەو چەمکە بن کە خۆیان هۆکاری شکاندنی بن؟ جگە لە فریودانی کۆمەڵگاو سەرکوتکردنو چەوساندنەوەی ژنان نەبێت چییە؟

## لەشفرۆشی پرۆژەیەکە بۆژیان،یان ... !؟

قسەکردن لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی بۆخۆی بەجۆرێك لەجۆرەکان هەلگری دنیایەك ئیشکالیاتی کۆمەڵایەتی و مۆراڵیە، بەتایبەت لەکۆمەڵگادواکەوتوەکانی خاوەن کەلتوروفەرهەنگی ئایینی و خێڵەکی دا . بەدیوێکی تردا ووروژاندنی ئەومەسەلەیە دەبێتە بەزاندنی هێڵی سوورو دوچاری ڕووبەڕووبوونەوەو گرفت دەبیت .

لەکەلتورو فەرهەنگی ئایین و خێڵدا بەهیچ شێوەیەك نابێت قسە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و مۆراڵیەکان بکرێت، چونکە ئەوانە پیرۆزیەکانن و حەرامیەتیان لەسەرەو نابێت تاکەکان دەستی بۆبەرن، یاخود قسەی لەسەر بکەن وئەونهێنیانە ئاشکرابکەن،هەرتاکێکیش ئەوکارەبکات ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە لەلایەن ئەویەکانەوە .

دەسەڵاتی خێل و ئایین بەردەوام ئەوەڕەت دەکەنەوە،کەدیاردەی لەشفرۆشی بوونی هەبێت،یاخود دیاردەیەك بێت لەکۆمەڵگادا بوونی هەبێت.لەکاتێك دا لەناو پیاوانی ئەویەکانەدا بەجۆرەهاشێوە کاربۆڕامکردنی ژنان و کچان دەکەن بۆئەوەی ئارەزوە سێکسیەکانی خۆیان تێربکەن و هیچ سنوورێك ناناسن هەرچی ئیمکانیاتی خۆیان هەیە دەیخەنە گەڕ تاڕەگەزی بەرامبەر ڕازی بکەن ..

کۆمەڵگای کوردی یەکێکە لەکۆمەڵگا سونەتیەکان وکومەڵگایەکە هەڵگری کەلتورو فەرهەنگی ئایین و خێڵەوهەموو پێوەرەکانی بۆئازادی و ژیان،هەمان پێوەری ئایین و خێڵەو بەتوندترین شێوەش مومارە سەی ئەو عەقڵیەتەدەکات لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، کەئەم عەقڵیەتەش دنیایەك ئازار ومەینەتی بۆتاکەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی هێناوەو ماف ئازادیەکانی پێشێل کردوون ..

کۆمەڵگایەك تائێستاش بەجۆرێك لەجۆرەکان دژی ئازادی خۆشەویستی وهاوسەری بێت و کچان لەسەر خۆشەویست بکوژێت و لەگشتی دا ژنان پلەدووبن،چۆن رێگەدەدات قسە لە سەردیاردەیەك بکرێت،کەزۆر لەئازادی خۆشەویستی خەتەر تربێت وبەدیویکی تریش دا قسەکردن بێت لەسەر نەستی پیاوانی ئەوکەلتورو فەرهەنگەو ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندیە نهێنیانەی پیاوان لەتاریکی دا بەرێوەی دەبەن ... بۆیەپیاوان بەردەوام دژی ئەوەن قسە لەبوونی ئەودیاردەیەبکرێت،لەکاتێك دا خۆیان راوچی ئەو ژن و کچانەن کەلەش دەفرۆشن و لەتاریکی دا ئەوکردەیە ئەنجام دەدەن .

کۆمەڵگای کوردی بەجۆرێك لەجۆرەکان خاڵی نەبووە لەدیاردەی لەشفرۆشی و قۆناغ دوای قۆناغ گەشەی کردوەو فراوان بووە،ئەگەر لەڕابوردوودا ئەودیاردەیە تاك و تەرابووبێت،ئەوا دوای ئازاری (1991) ئەودیاردەیە زیاددەکات و رێژە ئەو ژن و کچانەی ئەوکارە دەکەن زۆردەبن ژمارەیان دەگاتە سەدان، بەڵام کەمترین قسە لەسەر ترسناکی زیادبوونی ناکرێت وبەڵکو لێرەولەوێ نەفیش دەکرێتەوە کەبوونی ئەودیاردەیە بەوشێوەیەبێت .

بەهەرحاڵ پانتایی رۆشنبیری ئێمە لەوبوارەدا زۆرلاوازەو نەیتوانیوە هەوڵی خوێندنەوەیەکی واقیعی بدات ومەترسیەکانی ئەودیاردەیە شیبکاتەوە چارەسەریش بخاتەڕوو، بۆئەوەی هەرنەبێت کەمێك کۆمەڵگا لەولادانە کۆمەڵایەتیە هۆشیار بکاتەوە .

کاتێك ئەوە نەکراوە و مەترسیەکانی نەخراوەتە بەرچاو رێژەکە زیادی کردووە و ساڵ دوای ساڵیش کچان و ژنانێکی زیاتر بەو کارەوە پەیوەست بوون، کەدیارە ئەوەش پاڵنەری خۆی هەیەو قۆناغەکانیش دەوری خۆیان هەبوە لەفراوان بوونی و راکێشانی رێژەیەکی زیاتر بۆئەوکارە .

ئەگەر لەنەوەتەکانداو بەهۆی گەمارۆی ئابوری ونەبوونی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە ژنان وکچانێك بەناچاری و لەبەر بەدەست هێنانی نان دووچاری ئە و ژیانە ناهەموارە بکرێ، کەبەدڵنیایی بەشێك لەبەرپرسان دەوری خۆیان گێراوەو بەهۆی ئەودەسەڵاتە مادی مەعنەویەی کەهەیان بووە بەکاریان هێناوە بۆ ئستغلال کردنی ئەو ژن و کچانەی کەکاریان کەوتوەتەلایان و ئارەزوە تایبەتیەکانی خۆیان تێر کردوە . ئەوڕەوشە لەکوردستان بەردەوام بووەو رێژەی لەشفرۆشی زیاد کردوە و هەتا رووخانی بەعس درێژەی کێشاوە،بەڵام بەدوای روخانی بەعس داو والآبوونی هاتوو چۆی ناوشارەکان دیاردەی لەشفرۆشی پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ وە وسەردانی لاوەکان بۆشارەکانی دەرەوەی هەرێم روو لەزیادبوون دەکات ورۆژانە سەدان لاو لەپێناوی بەتاڵکردنەوەی ئارەزوەکانیان رێگایەکی پرمەترسی دەبڕن و پارەیەکی زۆریش سەرفدەکەن،کەئەوە زیانێکی گەورەیەوە رێگا خۆشکردنیش بۆئەوەی بازرگانی دەست پێبکات وتۆڕی هێنانی ژنان و کچانی لەشفرۆش دروست ببێت و بەپێی ویستی مشتەریەکان ئیسترادیان بۆبکەن . کەبەدڵنیایش بەشێك لەسەر پەرشتیار تۆڕەکان کوردن هەردوو رەگەزیش بەشدارە تیایدا . بوونی رێژەیەکی زۆری سۆزانی عەرەب هێندەی تر برەوی بەفراوان بوونی ئەودیاردەیە داوە و وای کردوە ژنان و کچانی کوردیش پەیوەست بن بەو تۆڕانەوە .

بەبڕوای من بەشێکی زۆری ئەوانەی پەیوەست بوون بەدیاردەی لەشفرۆشیەو بنەمایەکی مادی هەیەو لەپێناو بەدەست هێنانی

پارەدا ئەوچارەنووسەیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە،کەزۆربەشیان پەشیمانن،بەڵام تازە چارەیەك شك نابەن .

بمانەوێ ونەمانەوێت ئێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەشفرۆشی دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە و پێویست بەوەهەیە قسەی لەسەر بکرێ و لەودیوو ژورە نهێنیەکانەوە بهێنرێتەدەرەوەو بەشێوەیەکی فراوان مەترسیەکانی بخرێتەڕوو،چونکە لەهەرکۆمەلگایەکدا لەشفرۆشی فراوان بێت لادانە کۆمەڵایەتیەکان ڕوولەزیاد بوون دەکات و ڕووبەڕووبوونەوەی قورس تردەبێت و لاوانیش زەرەرمەندی سەرەکی دەبن .بەتایبە لە و کۆمەلگایانەی تاسەر مۆخ وئێسقان چەپاندنی سێکسی بوونی هەیە بێت ولاوان بەهەردوو ڕەگەزەوە نامۆبن بەجەستەی خۆیان و ئارەزوەکانیان، بەزووی ڕوو لەلادان دەکەن بەدوای ئاروزوە خەفەکراوەکانیان دەکەون بە هەرنخێك بێت، ئەمەش لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەستی پێکردوەو ئەنجامەکەشی نەخۆشی جۆراوجۆرو کارەساتی لێدەکەوێتەوە و بەشێك لەتواناکانی لاوان لەخۆی دادەکوژێت . بەرفراوان بوونی لەشفرۆشی بوونی ئەوهەموو چەپاندنە سێکسیە لەکۆمەلگای ئێمەدا چەندین کارەساتی ناوەتەوەو، خەریکە پەیوەندیە خۆشەویستیەکانیش بەتەنها بەرگێکی سێکسی پێدەبەخشرێت و دواتر لەڕێگەی وێنەگرتنەوە وەبلاو دەکرێتەوەو کچان دووچاری کوشتن ومەرگ دەکەن،چەندین نموونەی لەوجۆرە ڕووی داوە کەکچەکە بەبێ یەك ودوو کوژراوە (خاوەنی ئەم وتارە چەندین بەلگەی لایە) . لەکاتێکدا ئەوکردەیە دووسەرەیەو هەردوو ڕەگەز لی بەرپرسن و دەبێت وەك یەك سەیربکرێن، لەوەش واوەتر کۆمەلگاو کەلتورو دەسەڵات بەرپرسی یەکەمە لەخولْقاندنی ئەودۆخە بەگشتی . کاتێك دۆخەکە بەوشێوەیەبێت سەیرنی یە کە چەندین پارچە فیلمی سێکسی کوردی بوونی هەبێت و لەڕێگەی ئامێری مۆبائیلەوە لەنێوان گەنجەکاندا بگۆڕدرێتەوە و گەنجەکان سەرگەرمی ئەوەبکات چۆن ئەوپارچە فیلمانە بەدەست بهێنن و ئەو خولیایەشیان لادروست دەکات کەخۆیان ببنە پاڵەوانی ئەو پارچە فیلمانەو بۆئەوەش ڕێگای ناشیاو دەگرنەبەر .

زۆر جار ئەوکارەناشیاوانە لەبەرامبەر خۆشەویستەکەی دا ئەنجام دەدات و بەوەش هەڕەشەی تەسلیم بوونی لێ دەکات کەوێنەکەی بلاو دەکاتەوە بەناچاری کچێکی تر ڕووەو بازاڕەکانی لەشفرۆشی ڕەوانەدەکات و لەوێشەوە بۆکوشتن، ئەجۆرە کارەناشیاوە لەکۆمەلگای ئێمەدا چەندبارە بوەتەوە و وەك هەر کارێکی تر ئاسایی تێپەڕی وە و کەمترین هەڵویستەی لەسەر نەکراوە و ڕێژەی قوربانیەکان زیادی کردوە، ئەوەگەورەترین کارەساتی کۆمەلگای ئێمەیە کەهیچ شتێك ڕامان ناچڵەکێنێ و بەدوای داناچین تائەو ڕادەیەی خۆمان بەبەرپرس لەهیچ شتێك نازانین تەنها سەیر شتەکان دەکەین .

ئەوبێدەنگیەی ئێمە لەئاست ترسناکی ئەو دیاردەیەدا گومان دەخاتە سەرکۆی بیرکردنەوەمان لەکۆی ئەوچەمکانەی قسەی لەسەر دەکەین، ناکرێت قسە لەکومەڵی مەدەنی و عەلمانیەت و دیموکراسی ومافی مرۆڤ بکەین، بەڵام بێدەنگ بین لەبەرامبەر لادانە کۆمەڵایەتیەکاندا کەدواجار دەبێتە نەخۆشیەکی کوشندە جەستەی کۆمەلگاوێران دەکات .

بێدەربەستی ئێمە بەرامبەر لادانەکان دیاردەناشیاوەکان زیاد دەکات و هەرخۆشمان بەرپرس دەبین لەئەنجامەکانی،بۆیە ناکرێت ئێمە بەتەنها سەیری دیاردەکان بکەین و ڕێژەکان ئاماربکەین وقسەیەکمان نەبێت .

بەبڕوای من کاتی ئەوەهاتوە ئێمەبەجدی قسە لەسەردیاردەکان بکەین و هەڵی چارەسەریش بدەین،ئەگەرنا شتەکان لەدەست دەردەچن، بۆیە مادام دیاردەیەك بوونی هەیەو پەیوەندی بەتەواوی تاکەکانی کۆمەلگاوە هەیەو زیان بە جەستەی کۆمەلگادەگەیەنێت دەبێت هەولی چارەسەرکردنی بدرێت، کەئەمەلەهەموودنیاشدا هەروایە .

كاتى ئەوە هاتوە كە دەسەلاتى كوردى دەرچێت لە وخەمساردیەى هەیەتى بەرامبەر بەكۆمەلگاو هاولاتیان بیرلەرێگاچارەكان بكاتەوە خۆى بەبەرپرس بزانێت لەكێشەكۆمەلایەتیەكان،كە دیاردەى لەشفرۆشى دیاردەیەكى ترسناكەو پێوسیتى بەچارەسەر هەیە و دەكرێت دەسەلاتى كوردى،وەك كۆى ولاتانى دنیا هەنگاو بنێت بەئاراستەى چارەسەر بۆئەودیاردەیە،لەگەلٚ ئەوەى لەشفرۆشى ناتوانین بنەبرِدەكرێت بەلاّم دەكرێت بەربەفراوان بوونى بگیرێت بەچەندین شێوەى جۆراو جۆر وەك .

1- كردنەوەى شوێنى تایبە بەوژن و كچانەى دووچارى لەشفرۆشى هاتوون .

2- كردنەوەى یانەى كۆمەلایەتى تایبەت بۆ لەشفرۆشان بەمەبەستى راهێنانەوەیان لەسەر ژیانى ئاسایى و دواتر فورسەتى كاركردن دامەزراندن بۆیان، بەیایبە ئەوانەى دەیانەوێت دەست بەردارى لەشفرۆشى بن .

3- هۆشیار كردنەوەى هاولاتیان لەرێگاى میدیاى (نووسرا و بینراو بیسراو) دەرخستنى مەترسیەكانى ئەودیاردەیەو ئەونەخۆشیانە لەئەنجامى ئەودیاردەیەوە بلاّو دەبێتەوە .

ئەگەردەسەلات ویستى هەبێت دەتوانێت لەورێگایانەوە مەترسى ئەودیاردەیە كەم بكاتەوە و رووبەرِووى ئەودیاردیە بوەستێ تەوەو، بەهەرحالٚ لەشفرۆشى دیاردەیەكى ترسناكە و دەبێت بەقەدەر ترسناكى دیاردەكەكارى لەسەر بكرێت مەترسیەكانى لەبەر چاوبگیرێ، ئەگەرنا تۆرِەكانى بازرگانى بەجەستەى مرۆڤ زیاد دەكات و رێژەى قوربانیانیش زیاد دەكات ....

2006/9/12

## كوشتنى ( دوعا ) هەنگاوى بۆ هەلٚگیرسانى شەرِى مەزهەبى لەكوردستان ... !!!

دواى ئەوەى عەقلٚى خێلٚەكى و ئایینى وپیاوسالارى یەزیدیەكان ( دوعا ) ى تەمەن ( 17 ) سالٚەیان بەدرِندانەترین شێوە كوشت، كەهیچ مرۆڤێك ناتوانێت، ئەگەر یەكتۆز هەستى ئنسانى هەبێت نەفرەت لەو تاوانە شەرمەزارى ئامێزە نەكات و دژى نەوەستێتەوە ... ئاخر كام ویژدانى مرۆڤایەتى بەو شێوە نەمرۆڤانەیە مرۆڤ كوژى دەكات، بەخەیرى عەقلٚى كۆنەپەرستى و ئاینى و پیاوسالارى نەبێت، كەبەردەوام ژنان بەتۆپەلێك جنس دەزانێت ... بكوژانى ( دوعا )، ئەوەندە نامرۆڤو ئینسان كوژبوون، تا دواین هەناسەیان خوێن رێژى بەرچاوى گرتبون، روحى ئەوپەپولە پاكیزەیەیان هەست پێنەكرد، كەتازە لەبەهارى تەمەنى عەشق و خۆشەویستى دا بوو، چرۆى ژیانى بەرو پشكوتن هەنگاوى دەنا، كەچى پیاوانى خوێن .. پیاوانى ناموس پەرست، لەناكاو خەلٚتانى خوێنیان كرد ... خوێن، چۆن خوێنێك، كەهەرچى درِندە هەیە لەدنیادا، بەوشێوە نامرڤانەیە ئینسان كوژى ناكان، مەگەر ئەو عەقلٚە رزیوەى ئایین، چونكە ئەوعەقلٚە بۆ لەحزەیەك ئینسانى نییەو تەنها ژن بەكۆیلەى حەزەكانى خۆى دەزانى، بۆیە باگى نییە لەخوێن رێژى، هەربۆیە روحى ( دوعا ) كان بەدەست ئەعەقلٚە هەوەست بازو خوین خۆرانەوە هەلٚدەوەرێنرێت ... هەلٚبەتە ئەوەیەكەمین كارى درِندانەى عەقلٚى ئایینى نییە ژنان ئەتك دەكەن و تیرۆریان دەكەن، ماوەى پانزە سالٚە ( دوعا ) كان ژیانیان لێ زەوت دەكرێت و كۆمەلگاى نێرسالارى و ئاییى لێ بێدەنگە و، رەنگەشاگەشكەى ئەوخوێن رێژیەبیت، ئەگەرنا دەبوایە خولقێنەرانى ئەو جەریمانە گەورەترین سزابدرانایە ... بەلاّم كام سزا، دەسەلاتێك لەسەر بنەماى مەزهەب دامەزرابێ ... چاوەرِوانى چى لێدەكرێت، جگە لەئینسان كوژى جەریمەى نائیسانى بەولاوە ... ئەوەتا كوشتى (

دوعا )، خەریکە دەبێتە سەرەتایەکی ترساك بۆ هەلگیرسانی شەڕی مەزهەبی لەنێوان ( یەزیدی و ئیسلام )، لەوەش ترسناك تر ئەوەیە ئەم هەنگاوە سەرەتایەکی زۆر ترسناکەو ژیانی ئینسانی دەخاتە بەرمەنگەنەی سڕینەوە و پۆلێن کردنی مرۆڤ، بەسەر مەزهەبدا بەبێ ئیختیاری ئینسانەکان ... لە ئاوها حالێك دا، ئەگەر ئینسانە ئازادی خوازو عەلمانیەکان، بەوپەڕی توندیەوە کاربۆ بەگژداچونەوەی ئە شێوازە نامرۆڤانەیەی ڕەوتەمەزهەبیەکان نەکەن و داوی جیاکردنەوە ئایین لەدەسەلات نەکەن ... ژیانی کۆمەلگا بەئاقاری بەردەوامی ئینسان کۆژی هەنگاودەنێت و رۆژانە مرۆڤەکان دەبنە قوربانی دەستی ژەری مەزهەب گەراکان ... هەرچی ئیسلامیەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی کۆنترۆلی کۆمەلگابکەن و جارێکی تر سیماکانی تۆقاندن نیشانی کۆمەلگابدەن، بەوەی ئەوەتا ئەوان لەسەر کوشتنی کچێکی تازە مسولمان بوو پەلاماری یەزیدیەکان دەدەن و دەیان کوژن و بەمافی خۆیانی دەزان، ئاخر جەریمەی ئینسان کوژی هیچ پاساوێك هەلناگری، بۆیەدەبێت ئەو ڕوشە بەتوندی ئیدانەبکرێ و ناکرێ چاوپۆشی لەکارە دڕندانەیەی ئیسلام ویەزیدیەکان بپۆشرێ و، کۆمەلگا بەشوێن خواستی جیاکردنەوەی دین لەدەسەلات ئاڕاسەبکرێت، تا ئەوجێگایەی دین نەبێتەکاری تایبەتی ئینسانەکان و مافی بێ ئایینی بەڕەسمی نەناسرێ، ئەوابەدلنیایی جەریمەی ئینسان کوژی بەناوی ناموس پەرستی و لادان لەئایین درێژە دەکێشێت و کۆمەلگا دەبێتە گۆڕسانی ئینسانە مەدەنی و ئازادی خوازەکان ...

بۆئەوەی خەونەکانمان سەرنەبڕن و ئازادیەکانمان بەمەرگ نەسپێرن، بۆئەوەی بەر بەشەپۆلی کوشتنی ( دوعا ) کان بگرین، وەرن باپێکەوە دروشمی جیاکردنەوە ( دین لەدەسەلات )، بکەینە ئامانجی سەرکیمان ... تاچی تر خواست و خولیاکانمان سەرنەبڕن و بەناوی شەرفەوە ئەتکمان بکەن، بەلام کام شەرف ... بێحورمەتی بەئینسان بێشەرفی نەبێت دەبێچی بێت ... ئەوەی ئاین بەشکاندی شەرفی دەزانێت و مرۆڤ کوژی لەسەر دەکات، لەبنەمادا خۆی بێشەرەفیە بەمافی ئینسانی بوون ...

بۆیەکاتی ئەوەیە ئەو خواستە بەرزبکەینەوەی و کاری بۆبکەین تا چیتر نەبینە سوتەمەنی دەسەلاتی ئاینی و یاری بەژیانمان بکەن، من لێرەوە ڕای دەگەیەنم، کە نەفرەت لەهەموو ئایینێك دەکەم و بێبەری لەدین و جەریمە ئینسانکوژیەکانیان ...

2007/5/1

## کوشتنی ( دوعا ) سوکایەتیە بەئینسانیەت ...!!

کۆمەلگای کوردی، کۆمەلگایەکە لێوان لێوە، لەسوکایەتی بەکەرامەت و سەروەریەکانی ئینسان و ماوەی زیاتر لە 15 سالە، ئێمە ئەمەبەواقیعی لەمس دەکەین و ڕۆژانەژنان بەناوی ناموس پەرستی و پاساو گەلێکی جۆراو جۆرەوە دەکوژرین . گرفتەکە ئەمەیە، ئێمە لەگەل دەسەلاتێك ڕووبەڕووی، کەبەهیچ شێوەك ژن بە ئینسان نازانێت و بگرە تەنها وەك وەسیلەیەك بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوە سێکسیەکان و کارەکەری ناومال دەیەوێت، لەوەش واوەتر هەموومافەکانی ژنانی بەستوەتەوە بەبڕیارە نێرانەکانی خۆیەوەو، دەرچونیش گەورەترین سزای لەسەرە، کەکوشتنە .

پیاوی کۆمەلگای کوردی ناتوانرێت پێناسەیەکی دیاری کراوی پێببەخشرێت،

لەبەرئەوەی لە دووفاقیەکی سەیردادەژی و هەرگیزناتوانێت دەست بەرداری سیفاتەکانی خۆی بێت . کەئەمە وای کردوە بەئارەزوی خۆی بڕیار بدات و گوێ بەهیچ بەهایەکی ئینسانی نەدات و تەنها شوێن حەزەکانی خۆی و باڵادەستی خۆی بکەوێت و هەرکاتێکیش، بەجۆرێك لەجۆرەکان یەکێك لەئارەزوەکانی نەهاتەدی دەست بۆتوندوتیژی دەبات و ناخی توڕەو دڵڕەقی خۆی دادەبارێنیت، دیارە دروست بوونی ئەوسایکۆلۆژیەتەش لەخۆوە نییەوە و باگراوندێکی مێژوویی هەیەو سەرچاوەی لەکەلتوری نێرسالاری و خێڵەکی و ئاینیەوە وەرگرتوەو تائێستاش درێژەی هەیە بەبێ جیاوازی زەمان و مەکان دوبارە دەبێتەوە و کۆمەڵگای دوچاری چەندین ئازار کردوەو، بەتایبەت ژنان زەرەرمەندی یەکەمن لەسایەی ئەم دۆخەدا ..

لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری 991 بەدواوە چەندین هەوڵی جۆراودۆردراوە،کەمەسەلەی مافەکانی ژنان و یەکسانی و ئازادی بۆژنان دەستەبەر بکرێت و بزوتنەوە یەکسانی خوازی و بزوتنەوەی ژنان، بەوپەڕی جدیەوە هاتنەمەیدان و دژی هەرجۆرە توندوتیژی و سوکایەتیەك بەمافەکانی ژنان کاریانکردوەو ڕووبەڕووی نابەرابەریەکان وەستاونەتەوەو کاریان بۆچەسپاندنی دەستوورێکی مەدەنی کردوە، کەجیاوازی ڕەگەزی نەمێنێت، کەچی تازەبە تازە دەسەڵاتی کوردی ئەوبڕیارە کۆنەپەرستانەیەی حکومەتی عێراق جێ بەجێ دەکات لەسەرژنان، کەنابێت ژنان بەتەنهاخۆیان سەفەربکەن، بەوەی گۆڕینی پاسپۆرتی جۆریG، کاتێك ژنان دەتوانن ببن بەخاوەنی کە ئیمزای وەلی ئەمریان بهێنن، کەئەمەش بۆخۆی تائەوپەڕی بڕیارێکی کۆنە پەرستانەیە، ئیتر چۆن ژنان ناکوژرێن و بەردەباران ناکرێن و گوێ بەمافەکانیان دەدرێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی نەك گوێ بەوماف داخوازیانەنەداوە، بگرە هەمیشە فاکتەری یارمەتی دەربوە بۆ بوژانەوەی ڕەوتی کۆنەپەرستی و مانەوەی کۆمەڵگا بە دواکەوتویی و سوکایەتی کردن بەمافەکانی ژنان .. ئەگەر لێرەولەوێش بەهۆی بونی فشاری جدی لەلایەن کۆی ڕێکخراو ئینسانە ئازادی خوازەکانەوە دەستی لەهەندێك بەندی یاسایی هەڵگرتبێت، ئەوا بەتەنهالەڕوکەش دا بووە و دواتر لێ پەشیمان بوەتەوە و کاری بەگوڕانکاریەکان نەکردوە، چونکە دەسەڵات تائەوپەڕی لەئازادی ژن دەترسێت و ئەمەش بوەتە عەقڵیەتی کۆی تاکی کۆمەڵگای کوردی و لە نەستیاندا ئیش دەکات، ئەم ترسەوای کردوە پیاوی کوردی کەلەکەناڵێکی ڕاگەیاندندا، کاتێك کەفسەدەکات تائەوپەڕی خۆی بەلایەنگری مافەکانی ژنان دەزانێت و بەرگریان لێ دەکات، بەلام لەناخی دا بۆهەر سەرپێچی کردنێکی ژنان سزای مەرگی پێە، ئەدووفاقیە هەزارن ژنی کردوەتەقوربانی ئە ڕوانینە دوفاقیەی پیاوان . کەتازەترینیان کوشتنی ( دوعا) یە بەدڕندانەترین شێوە، کەبەڕاستی مایەی شەرمەزاریە بۆپیاو هێندە نامرۆڤانە سوکایەتی بەژنان بکات ... دیارە ( دوعا) دواین قوربانی ئەو عەقڵیەتەنابێت و تا دەسەڵات و تاکی کوردی شەرف ببەستێتەوە بەناوگەڵی ژنانەوە، کارەساتەکان دووبارە دەبنەوە و قوربانیەکانیش ڕوولەزیادبوون دەکەن ...

لەکاتێك دا پیاوی کوردی تائەوپەڕی هەمووشتێك بۆخۆی بەڕەوادەزانێ و مومارەسەی دەکات، لەگەڵ ئەوەی هەموو پەیوەندیەك لەنێوان ( ژن – پیاو ) دا دووسەرەیەو ئاکەمەکەشی هەردووکیان لێ بەرپرسیارن، نەك بەتەنها هەر ژنان لێ بەرپرسیارن، وەك ئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەڕێوە دەچێت، پیاوان بەئارەزوی خۆیان هەموو جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەکەن، بەڵام هەموو سزاکەی ئەوپەیوەندیە بۆژنان بەجێدەهێڵن، بۆیە چی ترناکرێت، بەر بەم ڕوانینە وەحشیگەریانە نەگیرێ و ڕۆژانە بەچاوی خۆمان ژنان زیندەبەچاڵ بکەین و بیانکەینە قوربانی ...

هەڵبەتە دەبێت لەبەرمبەر ئەتاوانە دڕندانەیەدا، جارێکی تر دەسەلات بەرپرس بکەین و فشاری لەسەر دروست بکەبن، کەچی تر نابێت

کەس لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی بکوژریت و هەرکەسێکیش ئەم کارەی کرد دەبێت دوچاری توندترین سازابێت .. ئەگەر وانەکەین ڕۆژانە جوانیەکانی ژیان ئاوادەبن و کۆمەگا دەبێتە گۆڕسانی هەستە ئینسانیەکان ... و ڕۆژانە ئەژماری کۆشتنی ( دوعا) کان دەکەین و قسەکردنیش لە ئینسانی بوون بێ مانا دەبێت...

2007/4/27

بەرهەمە چاپکراوەکانم :

1- مەزهەبەکان چۆن لەژنان دەروانن سالی چاپ 1997

2- وەلامێك بەڕخنەخورافیەکانی ئیسلامیەك سالی چاپ 1998 بەهاوبەشی لەگەڵ ئازاد مەحمود

3-سەرهەڵدانی ئیسلام و پێشێل کردنی ئازادی سالی چاپ 1999

4- ئیسلام و ناسیونالیزم مەسەلەی ژنان سالی چاپ 2000

5- کۆمەڵێك وتار دەربارەی کێشەی ژنان سالی چاپ 2002

6- عەشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیعدا چاپی یەکەم سالی 2005

7- ڕوکاری ژن بەشداری سیاسی بەهاوبەشی لەگەڵ لەتیف فاتح فەرەج – ئاوات یاسین سالی چاپ 2006

8- هەناسەکانی زاهیدێك سالی چاپ 2007

ئەو بەرهەمانەی ئامادەیە بۆچاپ :

ئەفسانە و عەشق بێهودەیی یان بەقوربانی بوونی پیاو

سێکس و ئەخلاق

لەزۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بابەتی کۆمەلایەتی و سیاسی ڕۆشنبیریم بلاو کردوەتەوە